# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤١٨)- (٢٤)ی حوزەیرانی ٢٠٢٤


# ناتەبایی و پەرتەوازەیی کوردستان ڤایرۆسێکە هێشتا ڤاکسینەکەی بەردەست نییە

**به درێژایی مێژووی ٦٢ ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هیچ کاتێك ئاشتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەبووە**

**لای سەرۆك بارزانی مەرجەعی سەرەکی «ئیرادەی گەلی کوردستانە» کە دەبێت دەسەڵاتی «ڕەها»ی پێ بدرێت بۆ ئەوەی پەتای پەرتەوازەیی لە ڕیشەوە هەڵبکێشرێت**






# پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی بایدن
# لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣

١١٩

ڕۆژی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣، بایدن [١] بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم. لە پەیوەندییەکەدا سەبارەت بە بارودۆخی عێراق پرسیاری کرد، لە وەڵامدا پێم ڕاگەیاند کە بارودۆخەکە باش نییە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای عێراق، جموجۆڵ و کردەوەی تیرۆریستان لە ئەنبار زیاتر بووە، ناکۆکی و قەیرانی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە زۆر قووڵ بووەتەوە و دەرفەتی زیاتری لە بەردەم تیرۆریستان بۆ کردەوە تیرۆریستییەکانیان ڕەخساندووە. لەو پەیوەندییەدا بایدن سەبارەت بە پرسی یاسای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: (هیوادارم هەواڵی خۆش لەم بارەیەوە ببیستم، ئێمە ئامادەی هەموو هاوکارییەکین لەگەڵ بەغدا و هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان).


بایدن لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: (لە ئەمەریکا ترس و نیگەرانییەکی زۆر هەیە لە ڕوودانی شەڕی مەزهەبی و ناوخۆیی، پێویستە هەوڵێکی تەواو بدرێت بۆ ئەوەی تا کاتی هەڵبژاردنەکان بارودۆخەکە ئاسایی بێتەوە و، هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوو نەدات، بە هیچ بیانوو و بەڵگەیەک نابێت هەڵبژاردنەکان دوا بخرێن. سەردانەکەت بۆ بەغدا، بڕیارێکی ژیرانە و بەرپرسانە بوو، هەر چەند ئێمە دەزانین ئەو بەڵێنانەی دران، جێبەجێ نەکران، بەڵام سەردانەکەت جێی ڕێزی ئێمەیە).


لە بەشێکی تری پەیوەندییەکەیدا گوتی: (دەزانم شاهیدم لەسەر ئەوەی کورد لە میوانداریکردندا زۆر بەناوبانگە و ئێستا ئێوە میوانداریی زیاتر لە دووسەد هەزار ئاوارەی سووریا دەکەن کە ئەمە بۆ ئەو خووە گەورەیەی میوانداریی کورد دەگەڕێتەوە، ئەمە جێی پێزانین و ڕێزێکی گەورەیە. لەم ڕۆژانەدا چاوم بە مالیکی دەکەوێت و دوای دیدارەکە دیسان تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە، حەز دەکەم ڕا و بۆچوونی تۆش بزانم).

لە وەڵامدا بە بایدنم گوت: تیرۆریستەکان زۆر کارا و چالاک بوون و ڕۆژ بە ڕۆژ جموجۆڵی و کردەوەکانیان زیاتر دەبێت و ڕوویان لە هەڵکشانە. ئێستا لە ڕۆژئاوای مووسڵ لە ناوچەی (حەزەر) سەرقاڵی دروستکردن و دامەزراندنی بنکەکانیانن. لەگەڵ باڵیۆزەکەتان (بیکرۆفت) و لەگەڵ عەمار حەکیم و لەگەڵ دکتۆر ڕۆژ هەواڵم بۆ مالیکی نارد و، ئامادەیی خۆمان نیشان دا بۆ ئەوەی هێزێکی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق سەردانی ناوچەکە بکەن بۆ دەرکردن و دەرپەڕاندنی تیرۆریستان لە ناوچەکەدا.

---

(١) بایدن ئەوکات جێگری سەرۆک ئۆباما، سەرۆکی ئەمەریکا بوو




بەرگی (٨) و(٩)ی زنجیرە چاپکراوی کتێبی (یقول المعلم) بە زمانی عەرەبی لە نووسینی د. نەوزاد یەحیا باجگر بە بەرگێکی ناوازە و بە جۆرە پەرێکی نایاب کە لە خانەی زانکۆی جیهان/ جیهان پرێس چاپکراوە، کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

لەبارەی گرنگی و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، دکتۆر وریا عومەر ئەمین پسپۆری زمان ئاماژە بە هەندێ خاڵ دەکات، لەم ڕووەوە نوسیویەتی: ڕەنگە مرۆڤ ئەو لێهاتوویی و شارەزاییە بەدەست بهێنێت کە وای لێبکات شارەزا و بەهرەدار بێت لە پسپۆرییەکەیدا، بەڵام ئەگەر ئەم شارەزاییە خاڵی بێت لەوەی کە ئەخلاقی و بەهاداری بێت، ئەوا مەعریفە سیفەتی مرۆیی خۆی لەدەست دەدات، ئەمەش ڕۆڵی قوتابخانە و مامۆستا دەردەخات لە پەروەردەکردنی نەوەیەک کە بە بەها ئەخلاقییە تۆکمەکانەوە پەروەردە کرابێت.

لە خوێندنەوەی ئەو دوو بەرگەی کتێبی (یقول المعلم) بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە کاری مامۆستا تەنیا گواستنەوەی زانیاری و زانست نییە بۆ قوتابییەکانی، بەڵکو لەوە زیاترە، کە بەهادارتر و پیرۆزترە و باڵاترە، ئەویش ئاراستەکردنی پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری و چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و گرفتەکان ژیانە،

ئەم کتێبەی د. نەوزاد یەحیا باجگر کە بە (یقول المعلم) ناونراوە، سەدان قسەی نەستەق و ئامۆژگاری و پەند و چەمکی پەروەردەیی لەخۆ دەگرێت، لە شێوەی ڕابەرێکی پەروەردەیی وایە، کە مامۆستا دەتوانێت ڕەفتار و هەڵسوکەوتی قوتابی بگۆڕێت بەرەو ئاراستەیەکی دروستی پەروەردەیی و نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری.

بۆیە کاتێك باس لە نووسەری ئەم کتێبە دەکەین دەردەکەوێت کە وێڕای ئەوەی کە د.نەوزاد پزیشکێکی پسپۆری نەشتەرگەریی دڵە، بەڵام نموونەی مرۆڤێکی سەرکەوتوو و فرە بەهرەیە، شاعیر و هونەرمەندی شێوەکارییە، جگە لەم نۆ بەرگەی ئەم کتێبە، تا ئێستا (١٢) بەشی لە کتێبی (کردستان فی الوثائق العثمانیة)ی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.. دەستخۆشی لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر


■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
*Web: www.gulanmedia.com*


دکتۆر محەمەد موحسین وەلی توتە :



**دامەزراندنی سەنتەری کوردی فەیلی و چاپکردنی کتێب و کۆکردنەوەی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بۆ تەوسیقکردنی جینۆسایدەکە پێویستن**

فاهیک کەمال سوغومون :



**هەڵوێستی سەرۆک بارزانی وەکو خەمخۆر و داکۆکیکاری هەموو پێکهاتەکان لە مێژوودا بە قەڵەمی زێڕین تۆمار دەکرێت**

ماهیر محەمەد :





**پەکەکە بەپێی ویست و داخوازیی داگیرکەران و دوژمنانی کورد دەجووڵێتەوە**

پرۆفیسۆر ئیان لەستیک :



**ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێران لەئارادایە**

پڕۆفیسۆر دکتۆر یوسف بەرزنجی :



## ساغکردنەوەی بەرهەمی شیری ئاژەڵان خزمەتێکی زۆری گوندنشینەکان دەکات

شنیا هۆشیار:

## چەندین پۆستی باڵای پارێزگای هەڵەبجە و سنوورەکەشی بە دەست ئافرەتانەوەن



## شووتی بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان



## مایکێک تایبەت بە میدیاکاران




خانمە سینەماکار شیلان سەعدی:

## هیچ جددییەتێک لە لایەن ئەکادیمیست و ئەکتەر و دەرهێنەرەکانەوە نییە بۆ دانانی پێناسەیەک بۆ سینەمای کوردی



ئیمان حەیدەر :

## چەندین ئافرەت هەن بە ڕاستی پاڵەوانن، بەڵام کۆمەڵگە ڕێگرە لە دەرخستنی ئافرەتان



## پەروەردەکاران ڕێنمایی تایبەتیان بۆ پشووی هاوینەی قوتابیان هەیە



# ناتەبایی و پەرتەوازەیی کوردستان ڤایرۆسێکە هێشتا ڤاکسینەکەی بەردەست نییە






د.تەیب بوعزە* لە کتێبی «ڕەخنەگرتن لە لیبراڵیزم – نقد الليبرالية»، هەڵوەستەیەکی گرنگ لەسەر ئەو دابڕانە ئەبستمولۆژییە دەکات، کە میکیافیلی لە کتێبی «میر»دا لە زانستی سیاسەت دروستی دەکات، کە ئەویش جیاکردنەوەی «ئاکارە لە سیاسەت»، لەمەش زیاتر ئاماژە بەوە دەکات، هەر لە سەردەمی کۆمارەکەی ئەفلاتوون و کتێبی «سیاسەت»ی ئەرستۆ «سیاسەت و ئاکار» دوو جمك بوون و لێك جیا نەکراونەتەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی «سیاسەت و ئاکار» لە ئیتاڵیای سەردەمی میکیافیلیدا، پێویستی بە خوێندنەوەی ئەو سەردەمەی ئیتاڵیا هەیە، کە تێیدا میکیافلیلی هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، گەلەکەی ناتەبا و پەرتەوازەیە و وەك فەرەنسی و بەریتانییەکان خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان نین. لەم ڕوانگەیەوە میکیافلی، گێڕانەوەی تەبایی و یەکڕیزی بۆ گەلی ئیتاڵیا لە سەرووی هەموو کارێکی ئاکارییەوە دادەنێت، هەتا ئەگەر لەم کارەدا «میر» هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهای پێ بدرێت. بە هەمان شێوە تۆماس هۆبز دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە لە نێوان پەرتەوازەیی و لە ڕیشەوە هەڵکێشانی دەرهاویشتە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ و گێڕانەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ بەریتانیا، تەنیا یەك ڕێگا هەیە، ئەویش ئەوەیە «پادشا دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت»، بۆ ئەمەش کتێبێکی نووسی بە ناونیشانی لیڤیاسان، واتە «ئەژدیها».



* پ.د.تەیب بوعزە، ئوستادی فەلسەفەی قۆناغی خوێندنی باڵایە لە شانشینی مەغریب.

**میژووی نەتەوە ئازادەکانی جیهان پێمان دەڵێت: « لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوو، یان ڕابردوو نامرێت»**

**چۆن لاپەڕە گەشەکانی مێژوو نامرن و نەوە دوای نەوە شانازی پێوە دەکەن، بە هەمان شێوە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووش نامرن و نەوە دوای نەوە بە دەستییەوە گرفتار دەبن**

**لەبەر ئەوەی ئێمە وەک نەتەوەی کورد خۆمان نەکردووە بە خاوەنی مێژووی « ڤایرۆسی ناوچەگەری و پەرتەوازەیی و شەڕی ناوخۆ» ئەوا وەک ئێستا دەبینین دوای ٦٢ ساڵ شەڕەکە هەر شەڕی «گەیشتن بە دەسەڵاتە» و دروشمی حزبە سیاسییەکانیش وەک لە ماوەی ئەم ٦٢ ساڵە پێی گوتین «هەر کارێک بۆ ئەوە بێت حزبی سیاسی پێی بگاتە دەسەڵات، کارێکی ئاکارییە، هەتا ئەگەر ئەو کارە خیانەت و خاکفرۆشیش بێت».**

### ● ناتەبایی و پەرتەوازەیی ئەو ڤایرۆسەی تەمەنی ٦٢ ساڵە

شەوکەتی مەلا سمایل کە یەکێکە لەو ئەفسەرانەی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە و بەرپرسی ئامێرەکانی بێتەلی «موخابەرە»ی شۆڕش بووە و بەردەوام یاوەری مستەفا بارزانی بووە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان پێی گوتین «دوای ئەوەی بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی لە بادینان ناوچەیەکی زۆر ئازاد کرا، جەنابی بارزانی بڕیاری دا، بە هێزێکی گەورەوە بپەڕێتەوە بۆ بەری سۆران و هاوکاریی هێزەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات، بەڵام بەر لەوەی لە زێ بپەڕینەوە، مەکتەبی سیاسی قاسیدێکیان ناردبوو بۆ لای ئێمە کە خوالێخۆشبوو «مەحموود کاوانی» بوو، کە پەیامی مەکتەبی سیاسی بۆ جەنابی بارزانی هێنابوو، کە بریتی بوو لەوەی «با مەلا مستەفا بارزانی هەر لە ناوچەی بادینان بمێنێتەوە و فەرماندەی هێزی بادینان بێت»، لەم پەیامە جەنابی بارزانی زۆر نیگەران بوو، لەبەر ئەوەی بۆنی «ناوچەگەری و ناتەبایی و پەرتەوازەیی» لێدەهات، بۆیە بڕیاری دا لە زێ بپەڕێتەوە و ڕێگە لەم پەرتەوازەیی و ناوچەگەرییە بگرێت، کە مەکتەبی سیاسی دەیانویست ئەنجامی بدەن.

ئەم پێشمەرگە دێرینە (شەوکەتی مەلا سمایل) تەمەن درێژ بێت، وەك شاهیدێك ئێستا لە ژیاندایە و سەرقاڵی نووسینەوەی تەواوی یادەوەرییەکانی و مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە و لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی خاڵێکی زۆر گرنگ و گەوهەری دەستنیشان کردووە، کە زۆر کەم هەڵوەستەی جددی لەسەر کراوە، ئەویش ئەوەیە «نییەت و ئامانجی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەگەری و ناتەبایی و پەرتەوازەیی تەمەنی ٦٢ ساڵە، نەك ٦٠ساڵ».

مێژووی نەتەوە ئازادەکانی جیهان پێمان دەڵێت: « لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوو، یان ڕابردوو نامرێت». لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری بەناوبانگی ئەمریکی «فۆرین ئەفێرز - Foreign Affairs» ژمارەی کانوونی دووەم- شوباتی ٢٠١٨ی تەرخان کردووە بۆ ئەم ناونیشانە «ڕابردوو نامرێت — The Undead Past»، لەم ژمارەیەدا بابەتێکی تەرخان کردووە بۆ یەکێك لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی ئەمریکا بە ناونیشانی «ئەسڵی کوفرەکەی ئەمریکا . کۆیلایەتی و میراتی باڵادەستیی سپی پێستەکان

Americas Original Sin ..Slavery and the Legacy of White Supremacy»، لەم باسەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەر لە ڕۆژی ٤ی تەممووزی ١٧٧٦ کە جاڕی سەربەخۆیی ئەمریکا دراوە و بەیانی سەربەخۆیی ڕاگەیەندرا، کە دەبێت هەموو ئەمریکییەکان ئازاد بن، هەتا ١٤ی نیسانی ساڵی ١٨٦١ بە کردەیی «شەڕی ناوخۆی نێوان ویلایەتەکان و سیستمی کۆیلایەتی» هەبووە. ئەبراهام لنکۆڵن کە لە نۆڤەمبەری ١٨٦٠ بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرا و لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٨٦١ وەك سەرۆکی ئەمریکا سوێندی یاسایی خوارد، پەیامی سەرەکی بۆ گەلی ئەمریکا ئەوە بوو «نابێت شەڕی ناوخۆ و سیستمی کۆیلایەتی» لەم نیشتمانەدا بمێنێت، بۆیە شۆڕشی دژی کۆیلایەتی و شەڕی ناوخۆی پیادە کرد و سەرەنجام هەم شەڕی ناوخۆی کۆتایی پێهێنا و یەکگرتنەوەی لە نێوان ویلایەتەکان دروست کرد، هەمیش سیستمی کۆیلایەتی لە ڕیشەوە هەڵکێشا. ئەم سەرکەوتنە نازناوی «میراتی ئازادی» بەخشیە ئەبراهام لنکۆڵن و ئێستا پەیکەرەکەی لە بەردەمی کاپیتۆڵ دانراوە. لنکۆڵن لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی پارتی کۆماریی ئەمریکا بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ و لە ٢٠٠ـەمین ساڵی لەدایکبوونیدا، باراك ئۆباما کە ئەو کات سەرۆکی پارتی دیموکراتی و سەرۆکی ئەمریکاش بوو، لەبەردەم پەیکەرەکەی وتارێکی خوێندەوە و دەستی بۆ پەیکەرەکەی درێژکرد و گوتی: «فێرمان بکە چۆن لەناو شەوەزەنگی تاریکی ئاسمانی نەتەوەدا بڕیاری بوێرانە بدەین و ڕووناکی بۆ نەتەوەکەمان دروست بکەین». ئەم قسەیەی باراك ئۆباما تەنیا پەند و وانەیەك نییە بۆ گەلی ئەمریکا، بەڵکو دەبێت هەموو نەتەوەکانی جیهان سوودی لێ وەربگرن.

هەر لەم ژمارەیەی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز باس لە لاپەڕە ڕەشەکانی هیتلەر و نازیسم لە مێژووی گەلی ئەڵمانیا کراوە، بە ناونیشانی «لە نازیسمەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە». لەم باسەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە بە ڕووخانی هیتلەر و نازیسم لە ١٩٤٥ ئایدیۆلۆژیەتی نازی کۆتایی نەهات، وەك دەبینین

هەتا ئێستاش لە نەمسا و ئەڵمانیا جار جارە حزب و جووڵانەوەی سیاسی پەرە بە ئایدیۆلۆژی نازیسم دەدەنەوە، بەڵام ئەڵمانیا دوای ئەوەی جارێکی دیکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەستایەوە سەرپێی خۆی و دووبارە وڵاتی بونیاد نایەوە، لەگەڵ ئەوەی بە هۆی دەرهاویشتە خراپەکانی شەڕی ساردەوە جارێکی دیکە ئەڵمانیا دابەش کرا بۆ ئەڵمانیای «ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا»، بەڵام ئەڵمانیای ڕۆژئاوا خۆی لە مێژووی « هیتلەر و نازی» بێبەری نەکرد، بەڵکو خۆی کرد بە خاوەنی ئەو مێژووە و هەوڵیدا بە ئاراستەیەك هەنگاو هەڵبگرێت، کە لاپەڕە ڕەشەکان و هەڵەی ئەو مێژووە بە جۆرێك ڕاست بکاتەوە، کە نەك بەرجەستەی ئیرادەی گەلی ئەڵمانیا بکات، بەوەی دەتوانێت وڵاتەکەی خۆی بونیاد بنێتەوە، بەڵکو بەرجەستەی ئەوەی کرد، کە ئەڵمانیا شایەنی ئەوەیە سەرکردایەتی یەکێتیی ئەورووپا بکات، کە ئێستا بە کردەیی ئەڵمانیا سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای یەکێتیی ئەورووپایە و لە هەموو پرسەکانی ئەورووپا بەگشتی و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا قسەی یەکلاکەرەوەی هەیە.

ئەم ئاراستەیەی بۆ «خۆ بە خاوەنکردنی مێژووی نەتەوە بە لاپەڕە گەش و ڕەشەکانییەوە» لە مێژووی نەتەوەکانی جیهاندا ئەوەمان فێر دەکات، چۆن لاپەڕە گەشەکانی مێژوو نامرن و نەوە دوای نەوە شانازی پێوە دەکەن، بە هەمان شێوە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووش نامرن و نەوە دوای نەوە بە دەستیەوە گرفتار دەبن و لە ناوەوە ڕایەڵە پێکەوە گرێدراوەکانی نەتەوە دەپچڕێنێت و تا دەگاتە ئەوەی بە پێچەوانەی میکیافیلییەوە کە دەڵێت «هەموو کارێك بۆ کۆتاییهێنان بە پەرتەوازەیی و ناتەبایی و شەڕی ناوخۆ کارێکی ئاکارییە، هەتا ئەگەر دەسەڵاتی ڕەها بە میریش بدرێت». بەداخەوە لەبەر ئەوەی ئێمە وەك نەتەوەی کورد خۆمان نەکردووە بە خاوەنی مێژووی « ڤایرۆسی ناوچەگەری و پەرتەوازەیی و شەڕی ناوخۆ» ئەوا وەك ئێستا دەبینین دوای ٦٢ ساڵ شەڕەکە هەر شەڕی «گەیشتن بە دەسەڵاتە» و دروشمی حزبە سیاسییەکانیش وەك لە ماوەی ئەم ٦٢ ساڵە پێی گوتین «هەر کارێك بۆ ئەوە بێت حزبی سیاسی پێی بگاتە دەسەڵات، کارێکی ئاکارییە، هەتا ئەگەر ئەو کارە خیانەت و خاکفرۆشیش بێت».

**● دەرهاویشتە خراپەکانی**
**بە زیندوومانەوەی ڤایرۆسی پەرتەوازەیی**

ئەمانوئێل کانت لە کتێبی «پرۆژەیەك بۆ ئاشتیی هەمیشەیی»، دوو چەمکی گرنگ (ئاشتی و ئاگربەست) لێك جیا دەکاتەوە و پێی وایە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتانی ئەورووپا لە سەدەی هەژدەیەمدا لەسەر بنەمای بڕوابوون بە «ئاشتی» ڕێك نەخراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای «ئاگربەست» ڕێکخراوە و هەموو ئاگربەستێکیش، خۆ ئامادەکردنە بۆ شەڕێکی دیکە و، ئاسایشی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئاسایشی ئایینی دەوڵەت دامەزراوە، نەك ئاسایشی نەتەوەیی، ئەوجا بۆ ئەوەی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە جیهاندا بێتە ئاراوە، دەبێت «نییەتی ئاگربەست بگۆڕێت بۆ نییەتی ئاشتی و ئاسایشی ئایینیی دەوڵەتیش بگۆڕێت بۆ ئاسایشی نیشتمانی». ئەم پرۆژەیەی کانت لە ساڵی ١٩١٨ و دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە لایەن وۆردو ویلس سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا کرایە بناغە بۆ دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» بەمەش خەڵاتی نوبڵی ئاشتی پێدرا.

ئەگەر لە ڕوانگەی چەمکی «ئاشتی»ی ئەمانوئیل کانتەوە، مێژووی ٦٢ ساڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بخوێننەوە، ئەوا دەبینن بە درێژایی ئەم مێژووە هیچ کاتێك ئاشتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەبووە، بەڵکو لە وێستگە جیاوازەکانی ئەم مێژووەدا ماوە ماوە «ئاگربەست» هەبووە و ماوەی نێوان ئاگربەستێك و ئاگربەستێکی دیکە خۆئامادەکردن بووە بۆ شەڕێکی دیکە.

لە ماوەی ئەم ٦٢ ساڵەدا کە بەردەوام ڤایرۆسی «شەڕی گەیشتن بە دەسەڵات» بوونی هەبووە، لە بەرانبەردا هەوڵی زۆر جیاوازیش تاقی کراونەتەوە و ئاکامی هەوڵەکانی چەندین جار «ئاگربەستی» کاتی بووە، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

● لە ساڵی ١٩٦٤ کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند، جەنابی مستەفا بارزانی بە هاوشێوەی ئەبراهام لنکۆڵن هەوڵیدا بە ڕێگەی گرێدانی کۆنگرە ڕێگە لە جیابوونەوە و شەڕی ناوخۆ بگرێت، بەڵام چۆن هەوڵەکەی لینکۆڵن بێ ئاکام بوو، بە هەمان شێوە نەتوانرا لە ڕێگەی گرێدانی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی

**بۆ ئەوەی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە جیهاندا بێتە ئاراوە، دەبێت «نییەتی ئاگربەست بگۆڕێت بۆ نییەتی ئاشتی و ئاسایشی ئایینیی نەتەوەش بگۆڕێت بۆ ئاسایشی نیشمانی».**

**ئەگەر لە ڕوانگەی چەمکی «ئاشتی»ی ئەمانوئیل کانتەوە، مێژووی ٦٢ ساڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بخوێننەوە، ئەوا دەبینن بە درێژایی ئەم مێژووە هیچ کاتێك ئاشتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەبووە**

**لە ساڵی ١٩٦٤ کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند، جەنابی مستەفا بارزانی بە هاوشێوەی ئەبراهام لنکۆڵن هەوڵیدا بە ڕێگەی گرێدانی کۆنگرە ڕێگە لە جیابوونەوە و شەڕی ناوخۆ بگرێت**

**سەرۆک مسعود بارزانی وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە ناوخۆی کوردستان بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند «دەبێت لە کوردستان دەوڵەتی یاسا هەبێت و هەڵبژاردن بکرێت و گەل سەرچاوەی دەسەڵات بێت»**

**ئامانجی سەرۆک بارزانی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەوە بوو کە هەموو لایەک ئیرادەی گەلی کوردستان بە مەرجەعی خۆی بزانێت و ڕێز لە ئیرادەی گەلی خۆی بگرێت و ئەم هەڵبژاردنە ببێتە ئەو ڤاکسینەی کە لە ڕیشەوە پەتای «پەرتەوازەیی و ناتەبایی و شەڕی دەسەڵات» کۆتایی پێ بهێنێت**

**هەموو بیرمەندە گەورەکانی جیهان کە لە ئاستی پەرتەوازەیی و ناتەبایی گەلەکەیان و نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هەستیان بە شەرمەزاری کردووە، هەر کاریگەیان بە «کاریگی ئاکاری» داناوە، ئەگەر ببێتە هۆکاری کۆتاییهێنان و لە ڕیشەوە هەڵکێشانی ڕەگ و ڕیشەی پەرتەوازەیی و دەرهاویشتە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ**

کوردستانیشەوە ڕێگە لە جیابوونەوە و شەڕی ناوخۆ بگیرێت و سەرەنجام چۆن لینکۆڵن ناچار بوو شەڕ بکات، بارزانییش ناچار بوو شەڕ بکات، لە هەمان کاتدا چۆن لینکۆڵن دوای ئەوەی شەڕەکەی بردەوە، پەنای بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد و چەك و ئەسپەکانی لە بەرانبەرەکەی نەسەند و پێی گوتن: «ئەسپەکانتان بۆ زەوی کێڵان بەکار بهێنن و تفەنگەکانتان بۆ ڕاو»، بە هەمان شێوە مستەفا بارزانی دوای سەرکەوتنی لە شەڕەکە، پەنای بۆ تۆڵەسەندەوە نەبرد و لێبوردنی بۆ دەرکردن و هەموویانی گێڕایەوە بۆ ناو پارتی و پێی گوتن: «چەکەکانتان ئاراستەی دوژمن بکەن، نەك براکانی خۆتان»، هەروەها جارێکی دیکەش لە ساڵی ١٩٧٠ دیسان مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی کۆتایی بە ڤایرۆسی پەرتەوازەیی و ناتەبایی بهێنێت، نەك هەر لێبوردنی گشتی بۆ دەرکردن، بەڵکو دەستی کرد بە پرۆسەی «لە خۆگرتنەوە-استیعاب»، ئەمەش بەو مانایەی ئەو مێژووە ڕەشەی لیکترازان و شەڕی ناوخۆ دروستی کردووە تەنیا مێژوویی لایەنێکی سیاسیی نیە، بەڵکو بۆتە مێژووی نەتەوەیەك و دەبێت خۆمان بکەینە خاوەنی ئەو مێژووە و پێکەوە ڕاستی بکەینەوە.

● لە دوای ساڵی ١٩٧٥ جارێکی دیکە ڤایرۆسی پەرتەوازەیی و یەکتری قبووڵنەکردن سەری هەڵدایەوە، هاوکات لە گەڵیشیدا فرەحزبی لە کوردستان سەریهەڵدا، لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٦ هەوڵێکی زۆر درا کە لایەنە سیاسییەکان لە بەرەیەکدا کۆببنەوە و سەرەنجامیش توانرا بەرەیەك بە ناوی «بەرەی نیشتمانی دیموکراتی —جود-» دابمەزرێت، کە ژمارەیەك حزبی سیاسیی کۆکردبووەوە، بەڵام تەواوی لایەنە سیاسییەکانی تێدا نەبوو، بۆیە هەتا مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ کە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تێیدا ئیمزا کرا، نەتوانرا بناغەیەك بۆ بەرەیەکی سەرتاسەری کوردستانی دابنرێت، ئەم ئاشتبوونەوەیە کە زەمینەیەکی لەباری بۆ کاری هاوبەشی نێوان حزبە سیاسییەکان هێنایە ئاراوە، بووە هۆکاری ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی بە فەرمی ڕابگەیەنرێت، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٩٨٨-١٩٩١ زۆر قورس و ئاڵۆز بوو و ڕژێمی بەعس سیاسەتی بە سووتماککردنی خاکی لەسەر کوردستان پیادە دەکرد، بەڵام بەرەی کوردستانی وەك ئومێدێك بۆ خەڵکی کوردستان توانی زەمینەی ڕاپەڕین لە کوردستان دروست بکات و ڕابەرایەتی بکات، ئەو ڕاپەرینەی کە تەنیا لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ڕۆژ توانی تەواوی کوردستان ئازاد بکات، بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشەوە.

● هاوکات لەگەڵ ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١، سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە ناوخۆی کوردستان بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند «دەبێت لە کوردستان دەوڵەتی یاسا هەبێت و هەڵبژاردن بکرێت و گەل سەرچاوەی دەسەڵات بێت»، پاشانیش دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس دامودەزگا ئیدارییەکانی لە کوردستان کشاندەوە، سەرۆك بارزانی پێشنیاری بۆ بەرەی کوردستانی کرد کە دەبێت هەڵبژاردن بکرێت و، دوای ئەوەی بەرەی کوردستانی ئەم پێشنیارەی سەرۆك بارزانی کرد بە بریار، لە ١٩ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام درا. ئامانجی سەرۆك بارزانی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەوە بوو کە هەموو لایەك ئیرادەی گەلی کوردستان بە مەرجەعی خۆی بزانێت و ڕێز لە ئیرادەی گەلی خۆی بگرێت و ئەم هەڵبژاردنە ببێتە ئەو ڤاکسینەی کە لە ڕیشەوە پەتای «پەرتەوازەیی و ناتەبایی و شەڕی دەسەڵات» کۆتایی پێ بهێنێت، بەڵام ڕەتکردنەوەی ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان و ڕەتکردنەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن بووە هۆکاری ئەوەی سیستمێکی حزبی «٥٠بە٥٠» بێتە ئاراوە و پاشانیش شەڕی ناوخۆ، کە هەتا ئێستا دەرهاویشتەی ئەو سیستمە و شەڕی ناوخۆ هەموو جومگەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا گرتووەتەوە و، ئەو ڤایرۆسەی سەرۆك بارزانی مەبەستی بوو بە ئیرادەی گەلی کوردستان کۆتایی بێت و لە ڕیشەوە هەڵبکێشرێت، بەداخەوە دووبارە سەری هەڵدایەوە، ڕاستە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان «پارتی و یەکێتی» بۆ چەند ساڵێك ئەم ڤایرۆسە سڕ بوو، بەڵام دوای نەمانی کردەیی ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە جارێکی دیکە ئەم ڤایرۆسە سەری هەڵداوەتەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر دەرهاویشتە خراپەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە.

**● پێداگری لەسەر هەڵبژاردنێك**
**کە ئیرادەی گەلی کوردستان بەرجەستە بکات**

هەموو بیرمەندە گەورەکانی جیهان کە لە ئاستی پەرتەوازەیی و ناتەبایی گەلەکەیان و نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هەستیان بە شەرمەزاری کردووە، هەر کارێکیان بە «کارێکی ئاکاری» داناوە، ئەگەر ببێتە هۆکاری کۆتاییهێنان و لە ڕیشەوە هەڵکێشانی ڕەگ و ڕیشەی پەرتەوازەیی و دەرهاویشتە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ، هەتا ئەگەر ئەو کارە پێدانی دەسەڵاتی ڕەهاش بوو بێت بە ئەمیر و پادشا.

بە پێچەوانەی ئەم بیروبۆچوونانە، لای سەرۆك بارزانی مەرجەعی بڕیار «میر و پادشا» نین، هەتا دەسەڵاتی ڕەهایان پێ بدرێت، بەڵکو مەرجەعی سەرەکی «ئیرادەی گەلی کوردستانە» بە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانیەوە کە دەبێت دەسەڵاتی «ڕەها»ی پێ بدرێت و بۆ ئەوەی ئەو ئیرادەیە پەتای پەرتەوازەیی و ناتەبایی و دەرهاویشتە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ لە ڕیشەوە هەڵبکێشێت.

لە ئێستا کە زەمینەسازی دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان «کە زیاتر لە دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕووە»، ململانێی حزبی و شەڕی گەیشتن بە دەسەڵات تا ڕاددەیەکی زۆر ناوەڕۆکی ئەو هەڵبژاردنەی پووچەڵ کردووەتەوە، کە دەبوو بەرجەستەی ئیرادەی گەلی کوردستان بکات، هەر بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاداری ٢٠٢٤ هەڵوێستی فەرمی خۆی ڕاگەیاند بەوەی «بەشداری لە هەڵبژاردنێك ناکات کە بەرجەستەی ئیرادەی گەلی کوردستان نەکات و پێکهاتە جیاوازەکانی لێ دابڕێت». ئەم هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا کرد، کە سەرۆك بارزانی سازش لەسەر ئیرادەی گەلی کوردستان و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان ناکات.

لە ئێستادا لەگەڵ ئەوەی غەدرێکی گەورە بۆ بەرژەوەندیی حزبی لە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کراوە و ژمارەی کورسیی کۆتاکان لە ١١ کورسییەوە کەم کراوەتەوە بۆ پێنج کورسی و لەمەش غەدری زیاتر ئەوەیە ئەو کۆتایانە بۆ بەرژەوەندیی حزبی بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کراون، بەڵام هەتا ئێستا سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕۆژێکی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کوردستان دیاری نەکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی ئەوەیە حزبەکان لەسەر ڕۆژێك ڕێك بکەون بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەوە زیاتر دوا نەکەوێت.

**لە ئێستا کە زەمینەسازی دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان «کە زیاتر لە دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕووە»، ململانێی حزبی و شەڕی گەیشتن بە دەسەڵات تا ڕاددەیەکی زۆر ناوەڕۆکی ئەو هەڵبژاردنەی پووچەڵ کردووەتەوە**

هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان وەك هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ چارەنووسسازە، ڕاستە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بووە هۆکاری دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمە خەونێك بوو هاتەدی، بەڵام بەرژەوەندی حزبی ڕێگەی نەدا وەك خۆی ئیرادەی خەڵکی کوردستانی تێدا بەرجەستە



بێت. هەڵبژاردنی ئەمجارەش چارەنووسسازە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دامەزراوە شەرعییەکانمان بە ئیرادەی گەلی کوردستان بونیاد بنێینەوە، ئەگەر لە ساڵی ١٩٩٢ نەتوانرا بێت پارێزگاری لە ئیرادەی گەلی کوردستان بکرێت، ئەوا ئێستا لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی کوردستانێکی بەهێز و هەنگاوهەڵگرتن بۆ کوردستانێکی بەهێزتر، ئەو ئیمکانیەتە هەیە پارێزگاری لە ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان بکرێت و کەموکورتییەکان ڕاست بکرێنەوە، کە بێگومان پارێزگاریکردنیش لە ئیرادەی گەلی کوردستان دەبێتە ئەو ڤاکسینەی کە ڤایرۆسی «پەرتەوازەیی و ناتەبایی» کۆتایی پێ دەهێنێت، کە بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو ڤاکسینە بەردەست نییە.

**ئێستا لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی کوردستانێکی بەهێز و هەنگاوهەڵگرتن بۆ کوردستانێکی بەهێزتر، ئەو ئیمکانیەتە هەیە پارێزگاری لە ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان بکرێت و کەموکورتییەکان ڕاست بکرێنەوە**

# هەڵبژاردن و
# ئایندەی هەرێمی کوردستان



**ئەنجامدانی هەڵبژاردن حەز و ئارەزوویەکی میللیی سەرتاسەرییە لە کوردستان، هەروەها پێویستییەکە بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغێکی تازە و گۆڕینی دیمەنی ئێستای سیاسی کە پەرشوبڵاوی و پەرتەوازەیی و لەدەستدانی متمانەی تێدا دەردەکەوێت، هاوکات دیدگایەکی یەکگرتوو لە ئارادا نییە بۆ بەرگریکردن لە قەوارەی هەرێم.**

**ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە واتا دیموکراسییەکەی مانای وایە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بەشداری تێدا دەکەن. پرۆسەی هەڵبژاردن پشت بە ئاستی ڕاستگۆیی لایەنەکان دەبەستێت، کە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە هۆی هێنانەکایەی سیستەمێکی دیموکراسی کە لە میانی دامەزراوەکانی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەری بەدیهێنەری ئیرادەی گەل و حوکمی باش بێت، کە نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بکات و شەرعییەت بپارێزێت و سەروەریی یاسا پیادە بکات و هەموو جۆرە گەندەڵییەك بنبڕ بکات.**



**پ. د.کامەران ساڵحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان شەرعییەت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ وەردەگرن، کاتێك ملیۆنان کەس لە خەڵکی کوردستان، وێڕای ئەو هەلومەرجە خودی و بابەتییە سەختانەی هاتنە پێش، بە ویستێکی ئازاد گوزارشتیان لە دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵی کرد، بۆیە دەبینین سەرکەوتنی هەڵبژاردن بووە مایەی سەرسوڕمانی دوژمنان پێش دۆستان، ئەو هەڵبژاردنە بەرهەمی ڕزگاربوون بوو لە دەسەڵاتخوازی و چەوسانەوە و تۆقاندن و تیرۆرکردن و سەرکوتکردن، بۆیە بەم هەنگاوە گەلی کورد بووە جێگەی ڕێزی کۆمەڵگەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت، وێڕای ڕەخنە و گازاندە، بەڵام ئەوەی هەیە بەری ڕەنجی خەباتی گەلەکەمانە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو، بۆیە ئەرکی هێزە سیاسی و حزبییەکان و خودی میللەتە ئەم قەوارەیە بپارێزن و بەرگری لە مافە ڕەواکانی بکەن، پێویستیشە ڕوو بکەنە پرۆسەیەکی پاك و بێگەردی هەڵبژاردن. هەر چەندە هەموان لەوە بەئاگاین کە مەترسییەکی زۆر هەڕەشە لە قەوارەی هەرێم دەکات، بەڵام کەسانێك قسە لە سوودی هەڵبژاردن دەکەن، تەنانەت هەندێکیان هەوڵ دەدەن تەگەرە و ئاستەنگ بخەنە بەردەم ئەم پرۆسەیە، ئەوانە دەرك بەوە ناکەن، کە بێ هەڵبژاردن دامەزراوەکانی هەرێم سەقامگیری و شەرعییەت بە خۆیانەوە نابینن، هەروەها گەشەپێدان نایەتەدی، قسەکردنیش لەسەر دیموکراسی تەنیا بانگەشەیەکی بێ ناوەڕۆك دەبێت، بەمەش ڕێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدەست دەدەین.

**تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان شەرعییەت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ وەردەگرن**

هەڵبژاردن بریتی نییە لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی سەرکردە و بەرپرسی نوێ، یان دانەوەی متمانە بە سەرکردەکانی ئێستا، بەڵکو بریتییە لە میکانیزمێك بۆ بووژاندنەوەی دامەزراوە دیموکراسییەکان و بڕیاردانی مافی مرۆڤ، هاوکات هەڵبژاردن واتا:

١- سەپاندنی سەروەریی یاسا و پاراستنی ماف و ئازادییەکان و یەکسانیی نێوان هاووڵاتیان.

٢- بەردەوامبوون لەوەی کە دامەزراوەکان شوێنی دەسەڵاتی تاکەکان بگرنەوە.

٣- دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و

**ئەرکی هێزە سیاسی و حزبییەکان و خودی میللەتە ئەم قەوارەیە بپارێزن و بەرگری لە مافە ڕەواکانی بکەن**

**هەڵبژاردن بریتی نییە لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی سەرکردە و بەرپرسی نوێ، یان دانەوەی متمانە بە سەرکردەکانی ئێستا، بەڵکو بریتییە لە میکانیزمێک بۆ بووژاندنەوەی دامەزراوە دیموکراسییەکان**

**دیدگایەکی یەکگرتوو لە ئارادا نییە بۆ بەرگریکردن لە قەوارەی هەرێم**

دوورکەوتنەوە لە کودەتا و ململانێیەکان.

٤- جەختکردنەوە لە جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان.

٥- پێدانی شەرعییەت بە دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی و بەهێزکردنی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٦- بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

٧- هەڵسەنگاندنی کار و دەستکەوتەکانی سەرکردەکانی حکوومی و سیاسی و ڕزگاربوون لە گەندەڵکاران.

٨- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کەسانی بەتوانا و کارامە و دڵسۆز تاکو ڕۆڵیان لە پرۆسەی سیاسیدا هەبێت.

٩- ڕێزگرتنی نێودەوڵەتی.

١٠- دابینکردنی هەیبەت و شکۆمەندی بۆ ئەو بڕیارانەی لە دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسییەوە دەردەچن.

دیارە خەباتی گەلان لە پێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی بە ژان و ململانێی ڕەهەندگەلی چینایەتی و فکریدا تێپەڕیوە، بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئەمەش بووە هۆی گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە و هۆشیاری و سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان و پابەندبوون بە پێویستی پێدانی شەرعییەت بە دامەزراوەکانی حوکمرانی لە ڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد.

گەلی کورد لەو ململانێیە بەدەر نەبوو کە گەلانی جیهان لە پێناو ئازادی ڕووبەڕوویان بووەوە، هەروەها بۆ پێکهێنانی دامەزراوەی شەرعی کە بەرگری لە مافەکانیان بکەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە سوود لەو ئەزموونانە وەربگیرێت و ڕێبازەکە ڕاست بکاتەوە، بە درێژایی مێژووی کۆن و ئەو مەینەتی و کارەسات و ململانێیەی تووشی بووە لە پێناو مانەوە، بەتایبەتی لە ساڵانی ڕابردووی نزیکدا کە ڕووبەڕووی ئەزموونگەلی خوێناوی بووینەوە، وەك شەڕی نێوان حزبەکان و پەکخستنی ژیانی پەرلەمانی، هەروەها شەڕی داعش و قەیرانی ئابووری، بەڵام ئەرکی سەرشانی هەمووانە ئەم ئەزموونانە هەڵبسەنگێنین و بناغەی تازە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووی کوردستان دابنێین، هاوکات سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی پتەو بکەین، ددان بەوەدا بنێین کە هەڵبژاردن پێویستییەکی نیشتمانی و مافێکی جەماوەرە.

لەسەر هەموو هێزە کوردستانییەکان پێویستە بزانن کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن حەز و ئارەزوویەکی میللیی سەرتاسەرییە لە کوردستان، هەروەها پێویستییەکە بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغێکی تازە و گۆڕینی دیمەنی ئێستای سیاسی کە پەرشوبڵاوی و پەرتەوازەیی و لەدەستدانی متمانەی تێدا دەردەکەوێت، هاوکات دیدگایەکی یەکگرتوو لە ئارادا نییە بۆ بەرگریکردن لە قەوارەی هەرێم.

ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە واتا دیموکراسییەکەی مانای وایە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بەشداری تێدا دەکەن، پرۆسەی هەڵبژاردن پشت بە ئاستی ڕاستگۆیی لایەنەکان دەبەستێت، کە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە هۆی هێنانەکایەی سیستەمێکی دیموکراسی کە لەمیانی دامەزراوەکانی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەری بەدیهێنەری ئیرادەی گەل و حوکمی باش بێت کە نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بکات و شەرعییەت بپارێزێت و سەروەریی یاسا پیادە بکات و هەموو جۆرە گەندەڵییەك بنبڕ بکات.

نابێت ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەك ئامرازێك بۆ پێدانی شەرعییەت بە سیستەمێکی گەندەڵی حوکم بەکاربهێنرێت، یان بۆ خۆدەرخستن گوایە شێوەکەی جوان دەکرێت لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. هەڵبژاردن ئەلتەرناتیڤی پیادەکردنی دیموکراسی نییە، بەڵکو ئەو هەڵبژاردنەی لە کەشێکی دروستدا ئەنجام دەدرێت، یەکێکە لە کۆڵەگەکانی دیموکراسی، هەروەها یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ، هاوکات هەڵبژاردنی شەفاف و بێگەرد دەبێتە دەستنیشانکەری ئاستی متمانەبوون بە پرۆسەی هەڵبژاردن، شەرعییەتیش بە پرۆسەی دیموکراسی دەبەخشێت لە سیستەمی سیاسیدا.

ڕێزگرتنی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان دەوەستێتە سەر ئاستی پابەندبوونی هەرێم بە ڕێزگرتن لە یاسا

نێودەوڵەتییەکان، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بێگەرد و شەفاف، چونکە پیادەکردنی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لە هەموو کایەکانی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، ئەمانە هەموویان پەیوەستن بە شێوەی دیالیکتیك بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادی گشتی و شەفاف و بێگەرد.

ڕەنگە هەندێك پرسیار بکەن لەبارەی ئەو زیانانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە لە حاڵەتی بەردەوامیی دواخستنی هەڵبژاردن، یان ئەگەر هەر نەکرێت! لە ڕاستیدا، هەندێك زیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەن کاردەکەنە سەر ئایندەی هەرێم لە ماوەیەکی نزیکدا، ئەگەر دۆخی ئێستا بەردەوام بێت، لەوانە:

١- لەدەستدانی شەرعییەت، ئەمەش بە واتای پاشگەزبوونەوە لە پیادەکردنی دیموکراسی و لەدەستدانی ددانپێدانانی جەماوەر بە دامەزراوەکانی حوکمە.

٢- پاشەکشە لە ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە دیموکراسییەکان و گرتنەبەری سیستەمێکی تۆتالیتاری کە لەسەر جەور و ستەم و سەرکوتکردن دامەزرابێت.

٣- نەبوونی چاودێریی پەرلەمانی و زیادبوونی دەرفەتەکانی گەندەڵیی دارایی و ئیداری لە دەزگا و دامەزراوە جیاوازەکانی حکومەت و گشتیدا.

٤- سەقامگیر نەبوونی سیاسی و پەرەسەندنی گلەیی و پشێویی سیاسی و هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی ئەمنی.

٥- ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکان و هەوڵدان بۆ دەسەڵات گرتنە دەست بە ڕێگای ناشەرعی.

٦- پاشەکشەی پەرەپێدانی ئابووری و نەبوونی متمانەی نیشتەجێبووان بە دەسەڵاتی حوکمڕان و گواستنەوە بۆ ناوچەکانی دیکە کە زیاتر سەقامگیرن لە ڕووی سیاسی و ئەمنییەوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەبێت بۆسەر پلانەکانی پەرەپێدان.

٧- پاشگەزبوونەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پێشکەشکردنی کۆمەك و یارمەتی، چونکە ئەرکی ئەو تەنیا پاڵپشتیکردنە لە سیستەمە دیموکراسییەکان، نەك لە سیستەمە تۆتالیتاری و ستەمکارەکان، بۆیە پاشگەزبوونەوەی هەرێم لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی پۆلێنکردنی لە لیستی سیستەمە نادیموکراسییەکان، ئەمەش زیان بە ناوبانگی دەگەیەنێت لە نێودەوڵەتان و دواجار ڕووبەڕووی گۆشەگیریی نێودەوڵەتیی دەبێتەوە.

٨- ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن بەڕاستی دەبێتە هۆی لاوازیی دامەزراوە دەستوورییەکان و دواتر بە شێوەی نەرێنی کاردەکاتە سەر ئەدا و ناوبانگی حکومەت.

٩- بەردوام کەڵەکەبوونی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دیارنەمانی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەشداریکردن بە دروستکردنی بڕیاری سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانانە.

١٠- بڵاوبوونەوەی بێباکی و لاوازیی گیانی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی بە هۆی هەستکردنی جەماوەر بە شکست و بێ ئومێدی لە ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە سیاسەتی حوکمڕانی، دواجار لەدەستدانی متمانە بە سیستەمی حوکمڕانی و کەمبوونەوەی بەشداریکردن لە کاروباری گشتیدا.

بۆیە پێویستە حزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە هەرێمی کوردستان بزانن کە نەهێشتنی کارگەریی نەرێنی بۆ سەر ئایندەی هەرێم، لەوەدا دەبێت کە هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد بکرێتە ئامرازێك بۆ دەستەبەرکردنی حوکمڕانیی باش و پەرەپێدانێکی بەردەوام و گەشانەوەی ئایندەی هەرێم و بەدەستهێنانی پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەپێچەوانەوە ئایندەی هەرێم و گەلەکەی ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، ئەو ڕۆژەش پەشیمانی و گلەیی لە یەکدی داد نادات. ئێمە تا ئێستا لەنێو پاپۆڕێکداین شەپۆلەکان دەمانبەنە ئەم سەر و ئەو سەر، بۆیە دەبێت کار بکەین تاکو بتوانین پاپۆڕەکە ڕزگار بکەین، دواجار بگەینە کەناری ئارام، ئەمەش تەنیا بە یەکخستنی هەوڵەکان و بیر و دیدگاکان لەبارەی ئایندەی هەرێم دێتەدی، هەروەها بە بەرگریکردن لەم هەرێمە و یەکدی قبووڵکردن لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد.

**ئەنجامدانی هەڵبژاردن حەز و ئارەزوویەکی میلیی سەرتاسەرییە لە کوردستان، هەروەها پێویستییەکە بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغێکی تازە**

**پرۆسەی هەڵبژاردن پشت بە ئاستی ڕاستگۆیی لایەنەکان دەبەستێت**

**پاشگەزبوونەوەی هەرێم لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی پۆلێنکردنی لە لیستی سیستەمە نادیموکراسییەکان، ئەمەش زیان بە ناوبانگی دەگەیەنێت**



**فاهیک کەمال سوغومون**

**لە پێکهاتەی ئەرمەنی و ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# هەڵویستی سەرۆک بارزانی وەکو خەمخۆر و داکۆکیکاری هەموو پێهکاتەکان لە مێژوودا بە قەڵەمی زێڕین تۆمار دەکرێت

**بۆ ئەوەی بزانین هۆکار چی بوو کە کورسیی کۆتا بووە خاڵی ناکۆك و ململانێ لە ناو پەرلەمان و تانە و سکاڵای لەسەر تۆمارکرا و، پێکهاتەکان چۆن تەماشای هەڵویستی سەرۆك بارزانی و پارتی دەکەن، لەوەی قبوڵیان نەبوو هەڵبژاردن بەبێ پێکهاتەکان بکرێت، هاوکات ئەو تانە و سکاڵایەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە دادگای فیدراڵی تۆماری کرد، تا چەند بۆ پێکهاتەکان گرنگ بوو و هەڵویستیان بەرانبەری چییە، ئەوانە و چەندین پرسیاری دیکە، بوونە تەوەری دیداری گۆڤاری گوڵان لەگەڵ فاهیك کەمال سوغومون لە پێکهاتەی ئەرمەنی و ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.**

*** بۆچی کورسیی کۆتاکان بووە خاڵی ناکۆکی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، وەك ئەوەی پەرلەمانتاری ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستان بوویت، وەکو کورسیی کۆتاکان لەسەر پشکی پێکهاتەی ئەرمەنی، ئەو هۆکارانە چی بوون کە لایەنێکی سیاسیی کوردی دژی کورسیی کۆتاکان پرسەکەی بردە دادگای فیدراڵیی عێراق؟ ئایا ئەم بریارەی دادگای فیدراڵی تا چەند مەترسی لەسەر پێکەوەژیان لە کوردستان دروست دەکات؟**

- بە بۆچوونی من هۆکاری سەرەکیی خاڵی ناکۆك لەناو پەرلەماندا لەنێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەتی لەنێوان یەکێتی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ نزیکبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، کە لایەنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەندێ لایەنی دیکە نەیاندەویست هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، چونکە دەیانزانی لەو هەڵبژاردنەدا زۆر دەنگیان لە دەست دەدەن و سەرکەوتوو نابن و فەشەل دەهێنن، لە بەرانبەردا بە پێچەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگری و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەر دەبێت پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی شەشەم لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بوو لە پەرلەماندا ئەنجومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی کوردستان کارا بکرێت، بۆ ئەو ئامانجەش لە دوا کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا بە دەنگی (٥٧) پەرلەمانتار کۆمیسیۆن کارا کرایەوە، تاوەکو هەڵبژاردن لە کات و ساتی خۆی ئەنجام بدرێت، بەڵام پاشان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەستا بە تۆمارکردنی تانە و سکاڵایەك لە دادگای فیدراڵیی عێراقدا، بەتایبەتی لەسەر کورسیی کۆتاکان و درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان، سەرئەنجام دادگای فیدراڵی بریاری دا کە کورسیی کۆتا نەمێنێت و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە (١١١) ئەندامەوە بکرێتە (١٠٠) ئەندام، بێگومان ئەو بریارەی دادگای فیدراڵی پێش هەموو شتێك دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان بوو و بریارێکی سیاسی و نادەستووری بوو، چونکە ئەو بریارە بە لابردنی کورسیی کۆتاکان کە نوێنەری پێکهاتەکانن، دژی پرۆسەی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دوو ماددەی یاسایی هەیە کە پەیوەندیی بە قەوارەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کە یەکێکیان دەڵێت (قەوارەی هەرێمی کوردستان پارێزراوە بە هەموو یاسایەکی خۆی) بۆ نموونە کورسیی کۆتا بە یاسا لە پەرلەمانی کوردستان رێك خراوە و لابردنیان بە بریاری دادگای فیدراڵی پێشێلکارییە بەرانبەر یاسای هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە دادگای فیدراڵی لێرەدا خۆی خستووەتە جێگەی پەرلەمان و یاسادانان، ئەمەش ناکرێت و نایاسایی و نادەستوورییە. بە تەئکید لابردنی کورسیی کۆتاکان کاریگەریی زۆر مەترسیداری لەسەر ئەو پێکەوەژیانە جوان و سەرکەوتووە بەرجەستەیەی هەرێمی کوردستان هەیە.

**لە هەموو کات و پرسێکدا هەڵویست و بریارەکانی سەرۆك بارزانی لە هەموو عێراق و ناوچەکەدا حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێت**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەندێ لایەنی دیکە نەیاندەویست هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، چونکە دەیانزانی لەو هەڵبژاردنەدا زۆر دەنگیان لە دەست دەدەن و سەرکەوتوو نابن**

**لابردنی کورسیی کۆتاکان کە نوێنەری پێکهاتەکانن، دژی پرۆسەی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستاندا**

*** وەکو ئاماژەت پێ کرد، ئەم بڕیارە لە سەرەتادا لەسەر تانەیەك، یان سکاڵایەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دراوە دژی پێکهاتەکان، ئایا نەمانی کورسیی کۆتاکان چ سوودێك بە یەکێتی و حزبە کوردستانییەکانی دیکە دەگەیەنێت؟**

- ئەم بڕیارە نەك هیچ سوودێکی بۆ یەکێتی و حزبە کوردستانییەکانی دیکە نییە، بەڵکو هەموو لایەن و حزبەکان تێدا زەرەرمەند دەبن، چونکە وەکو ئاماژەم پێ دا، لە سەرەتادا نەمانی نوێنەری پێکهاتەکانی کوردستان کە نەتەوە و ئایین و ئایینزای ڕەسەنی هەرێمی کوردستانن، لە پەرلەماندا بێبەش دەبن لە دانان و گفتوگۆکردن لە یاساداناندا و، کاریگەرییەکی ڕاستەخۆ و مەترسیداریشی لەسەر مێژووی پێکەوەژیانی باشووری کوردستان دەبێت، لە لایەکی دیکەوە نەمانی کورسیی پێکهاتەکان دژی پرۆسەی دیموکراتی و ئازادی و بەرژەوەندییەکانی هەموومانە لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە باش دەزانین و بۆمان ڕوون بووەتەوە کە هەندێ لایەن بە نەمان و لابردنی کورسیی پێهکاتەکان زۆر دڵخۆشن، ئەمەش ئەوەی بۆمان دەرخست کە ئەو لایەنانە دژی پێکەوەژیانی جوان و سەرکەوتووی هەرێمی کوردستانن، کە سەدان ساڵە لە کوردستان هەیە و ئومێد دەخوازین و لە خودا دەپاڕێینەوە ئەو لایەنە کوردستانییە سەرکەوتوو نەبێت و ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان بە هیممەت و پاڵپشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی هەر بمێنێت و زیاتر گەشە بکات و سەرکەوتوو بێت.

*** لەناو تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا تەنیا سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی توندیان لەسەر ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکان وەرگرت و ڕایانگەیاند، ئەگەر کورسیی کۆتاکان نەمێنن، ئەوا پارتییش بەشداریی هەڵبژاردنەکان ناکات و بایکۆتی دەکات. ئێوە چۆن سەیری ئەم هەڵوێست و پشتگیرییەی سەرۆك بارزانی دەکەن؟**

- ئێمە وەکو پێکهاتە زۆر سوپاس و ستایشی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین بۆ ئەو هەڵوێستە بەرز و شکۆدارەی، کە لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری دادگای فیدراڵی بە نەهێشتنی کورسیی پێکهاتەکان، جەنابیان زۆر بە ڕوون و ئاشکرا هەڵوێستی وەرگرت و بە فەرمی ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە هیچ جۆرێك بەبێ بەشداریی کۆتاکان ناکرێت و، وەکو پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەبێ کوتاکان کە نوێنەری ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانن، بەشداریی هەڵبژاردن ناکەین و بایکۆتی ڕاگەیاند. بێگومان جەنابی مسعود بارزانی سەرۆك و مەرجەعی گەلی کوردستانە و چەندین هەڵوێستی هەیە جگە لەوەی لەبیری ناکەین، هاوکات لە دیرۆك و مێژووی کوردستان و ناوچەکە و جیهانیشدا بە قەڵەمی زێڕ دەنووسرێتەوە، چونکە لە هەموو کات و پرسێکدا هەڵویست و بڕیارەکانی سەرۆك بارزانی لە هەموو عێراق و ناوچەکەدا حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێت و دەبێتە جێگەی گفتوگۆ و دەردەشە، هەر بە نموونە لە نووسینەوەی دەستووری عێراقی فیدراڵدا لە سایەی بەرگری و داکۆکیی جەنابیاندا ماف و بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی عێراق و کوردستان لە دەستووردا جێگیر کراوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو هەڵویستە جوان و بەرهەمدارەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەر سەرچاوە لەو بڕیار و پەیام و هەڵویستانەی ڕێزدار سەرۆك مسعود بارزانی وەردەگرێت.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان و پێکهاتەکان زۆرینەن لە پەرلەمانی کوردستان، ئایا چی وای کردووە کە ئێوە وەکو پێهکاتەکان وا تەماشا بکرێن کە ڕا و بۆچوونتان لە ناو پەرلەماندا لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە؟**

- وەکو ئاماژەمان پێدا، بارزانی و پارتی لە هەموو پرس و کارێکدا هاوکار و پاڵپشت و داکۆکیکار بوون بۆ ئێمە، ئەمەش وای کردووە کە پێکهاتەکان بەتایبەتی ئەوانەی کورسیمان لە پەرلەمان هەبووە، هاوپەیمان بین لەگەڵ پارتی و لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لەناو هۆڵی پەرلەماندا، بەتایبەتی لەو گفتوگۆ و پرۆژە و یاسایانەدا کە لە پێنا و بەرژەوەندیی هەموو گەلی کوردستاندا بووە، هاوپەیمانییش وایە کە دەبێت هەموو بەشداربوو و لایەنەکان پابەندی بەرژەوەندیی گشتیی ئەو کۆمەڵگە و وڵاتە بن، لەو لایەنەشەوە هەندێ لایەن و حزبی دیکەی کوردستانی بە هەڵە لە بابەت و هاوپەیمانییەکە گەیشتوون، هەر ئەمەشە بووە ململانێی سیاسی

و ئەو دەرئەنجامەی کە تا ئێستا هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدات، ئەگینا لە زۆر یاسا و گفتوگۆی پرۆژەکاندا جیاوازی و سەرنج و تێڕوانینی خۆمان وەکو پێکهاتەکان هەبووە.

*** ئایا تانە یان سکاڵاکەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەسەر گەڕانەوەی کورسیی کۆتاکان و چۆنیەتیی دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتی لە بازنەی پارێزگای هەڵەبجەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن و تا چەند گرنگیی خۆی هەبوو لە گەڕانەوەی پێنج کورسیی کۆتاکان بۆ پەرلەمانی کوردستان لە چوار چێوەی سەد کورسییەکەدا؟**

- لە دوای هەوڵ و تێکۆشانی زۆری جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و پاشان هەوڵ و هەڵوێستی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، کە لە ڕێگەی تانە و شکایەتێکەوە بۆ گەڕانەوەی کورسیی کۆتاکان و چەند پرسێکی دیکە لە دادگای فیدراڵی تۆمار کرد، لە دەرئەنجامدا لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بڕیار درا کە پێنج کورسی بۆ پێکهاتەکان بگەڕێتەوە، کە لە چوارچێوەی ئەو سەد کورسییەی پەرلەمانی کوردستاندا بێت و کورسییەکانیش بەو شێوەیە دابەش بکرێت (یەك کورسیی مەسیحی + یەك کورسیی تورکمان / پارێزگای سلێمانی) و (یەك کورسیی مەسیحی + یەك کورسیی تورکمان / پارێزگای هەولێر) و (یەك کورسیی مەسیحی لە پارێزگای دهۆك)، بەڵام ئێمە هەر لە دەستپێکی ئەو بڕیارەدا گەڕانەوەی ئەو پێنج کورسییەمان بۆ پێکهاتەکان بە ژمارەیەکی کەم زانی و دابەشکردنی ئەو پێنج کورسییەش بەو شێوەیە، نادادپەروەریی زۆر و ئاشکرای تێدایە، هەر بۆیە ئێمە لەسەر بڕیاری ژمارە (٢)ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن، دەبینین گلەیی و ستەمێکی گەورە دەرهەق بە کورسیی ئێمەی ئەرمەن کراوە، چونکە پێکهاتەی ئەرمەنی لە هەرێمی کوردستان بە یاسا کورسییەکی کۆتایی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام بەو بڕیارەی ژمارە (٢)ی ئەنجومەنی دادوەریی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق ئەو کورسییەی ئەرمەنەکان لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەش بە کریستیانەکانی دهۆك کراوە، واتە ئێمە کورسیی کۆتای خۆمان هەبوو، بەو بڕیارە لێیان وەرگرتینەوە. هەر بۆیە ئێمە وەکو پێکهاتەی ئەرمەنی مەحاڵە بەو دابەشکردنە نادادپەروەرییە ڕازی بین، بەڵکو تەئکید دەکەمەوە ئەمە غەدر و ستەمێکی زۆر گەورەیە دەرهەق بە ئێمەی ئەرمەنی لە هەرێمی کوردستان کراوە. هەر بۆیە ئێمە وەکو پێکهاتەی ئەرمەنی تانە


DIOCESE OF THE ARMENIAN CHURCH OF IRAQ
BAGHDAD
www.iraqiarmenian.church

مطرانية الأرمن الأرثوذكس في العراق
بغداد
Phone: +964-771-864-6484

ԱՌԱՋՆՈՐԴՈՒԹԻՒՆ ԻՐԱՔԻ ՀԱՅՈՑ - ՊԱՂՏԱԴ

Թիւ \ Ref.:
Թուական \ Date :

الرقم: 2024 / 247
التاريخ: 2024/6/11

الى/ الامانة العامة لمجلس المفوضين

م / مقعد الكوتا المخصص للارمن

تحية طيبة

بعد تخصيص المحكمة الاتحادية (خمسة مقاعد) لكوتا المكونات في اقليم كوردستان ضمن (مائة مقعد) العامة .

حيث تم تخصيص مقعد للارمن حسب تصريحات المتحدثة الرسمية باسم المفوضية السيدة (جومانة غلاي) في دهوك الا ان قرار مجلس المفوضية رقم (2) من المحضر الاستثنائي (32) في 2024/6/3 لم يذكر فيها مقعد الكوتا المخصص للارمن وتم تخصيص مقعد للكوتا المسيحية فقط .

ونحن كمواطنين ارمن لنا تواجد تاريخي في اقليم كوردستان العراق منذ سنوات وكان لنا مقعد في الدورات السابقة.

نطالب باعادة المقعد المخصص للارمن في برلمان اقليم كوردستان .

شاكرين تعاونكم ...... مع التقدير

المطران اوشاكان كولكوليان
رئيس طائفة الارمن الارثوذكس في العراق
والمتولي على اوقافها

Al-Tayaran Square, P.O. Box 2280 Jadriya - Baghdad, Iraq    ساحة الطيران، ص.ب. 2280 الجادرية، بغداد-العراق
Primate: primate@iraqiarmenian.church    Office:secretary@iraqiarmenian.church

و سکاڵای خۆمان لەو بڕیارە داوە و چاوەڕێین وەڵام و دەرئەنجامەکەی بە دڵی ئێمە و یاسای پەرلەمانی کوردستان بێت، ئەگەر بەو پێیەش بمێنێت کە بڕیاری ژمارە (٢) دەستنیشانی کردووە، ئەوە ئێمە وەکو ئەرمەنی بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەین و تاوەکو مافی و کورسیی ئێمە وەکو ئەرمەنی دەگەڕێتەوە، چونکە کورسیی کۆتای پێکهاتەی ئەرمەنی سەربەخۆ بووە و بە دەنگ و یاسای پەرلەمانی کوردستان هاتووەتەدی.

**لابردنی کورسیی کۆتاکان کاریگەریی زۆر مەترسیداری لەسەر ئەو پێکەوەژیانە جوان و سەرکەوتووە بەرجەستەیەی هەرێمی کوردستان هەیە**

**نەمانی نوێنەری پێکهاتەکانی کوردستان کە نەتەوە و ئایین و ئایینزای ڕەسەنی هەرێمی کوردستانن، وا دەکات لە گفتوگۆکردن و لە یاسادانان لە پەرلەماندا بێبەش بن**

دیمانەی تایبەت



**ڕۆبی بارێت**

**پسپۆڕ و توێژەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# ڕێککەوتنەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین کاتیین و سەردەکێشن بۆ ناکۆکیی بەرفراوانتر

**ڕۆبی باریت، توێژەرە لە کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە زانکۆی کامبریج و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکیی ناوچەکە و پرسەکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی غەززە لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس و هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە بەگشتی و لە ئاست ئەم شەڕەدا بەتایبەتی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ئاشکرایە کە بە بەردەوامی دۆخی ناسەقامگیری و نادڵنیایی باڵی بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، کێشە و تەنگژە چارەسەرنەکراوەکانیش وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو لە کتوپڕێکدا دەتەقنەوە و کارەسات و کاولکاری بە دوای خۆیاندا دەهێنن، زەقترین بەرجەستەبوونی ئەم حاڵەتە شەڕی غەززەیە لە نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسدا، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی غەززەوە، ئەوا دەکرێت بڵێین کە لەم شەڕەدا هیچ لایەنێك براوە و سەرکەوتوو نابن، ئەویش بەو واتایەی ئەگەر بزوتنەوەی حەماس دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستیی خۆی بەسەر کەرتی غەززەشدا لە دەست بدات، ئەوا هێشتا کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت. دوای ئەوەش من پێم وایە بڕیاری حەماس بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل لە سۆنگەی پەرۆشی و خەمخۆرییانەوە نەبوو بۆ خەڵك و دانیشتووانی غەززە، بەڵکو ئامانجی ئەوان بریتی بوو لە ئەنجامدانی مانۆڕێکی سیاسی بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری لە بەرانبەر دەوڵەتی ئیسرائیلدا بەدەست بهێنن.

*** ڕوونە کە کێشە و ململانێکانی ئەم ناوچەیە ئاڵۆزن و ڕەهەندی هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە، کە ئەمە بەسەر شەڕی غەززەشدا جێبەجێ دەبێت، واتە ئەم شەڕە تەنیا لە نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسدا قەتیس نەبووە، بەڵکو وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتییش ڕۆڵیان هەیە و کاریگەرییان هەیە لەسەر بڕیارەکانی شەڕ و ئاشتی، ئێوە چۆن ئەم پرسە لێك دەدەنەوە؟**

**ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان و لێک نزیکبوونەوەی دیپلۆماتی لە نێوان دەوڵەتانی کەنداو و ئیسرائیلدا هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران لە کەنداودا**



- ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە لە ڕۆڵی وڵاتێکی هەرێمیی وەك ئێران بڕوانین، ئەوا من پێم وایە ئێران پشتیوانی موقاوەمەی چەكداری دەكات، بەلای کەمەوە لە ڕووی تیۆرییەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەری ئاشتبوونەوە و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان و لێك نزیکبوونەوەی دیپلۆماتی لە نێوان دەوڵەتانی کەنداو و ئیسرائیلدا هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران لە کەنداودا.

*** باشە ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە بێت کە ئێوە لێکدانەوەی بۆ دەکەن و وەسفی دەکەن، ئایا دەکرێت بڵێین ئێران لەم ئامانجەیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و توانیویەتی ڕێگری لەو پەرەسەندنە بکات کە هەوڵی لەباربردنی دەدات، چونکە ئێستا ئەگەری ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و سعودیە لاواز بووە، ئەگەر نەڵێین لەبار چووە؟**

- من پێم وانییە ئێران لەم ڕووەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، چونکە ئەوەی ڕووی دا و پەرسەندن و پێشهاتەکان بە چەشنێك بوون کە تەنیا بوونە هۆی باسك ئەستووربوونی کەس و لایەنە توندڕەوە و سەختگیرەکانی نێو دەوڵەتی ئیسرائیل، ئێوە بڕوانن کە لە ئێستادا مشتومڕی نێو سەرکردەکانی ئیسرائیل پەیوەست نییە بەوەی ئایا پێویستە حەماس لە نێو غەززەدا تێك بشکێندرێت و لەناو ببردرێت، یان نا، بەڵکو پرسەکە بۆ سەرکردەکانی ئیسرائیل ئەوەیە، ئایا دوای تێکشکاندنی حەماس کێ حوکمڕانیی غەززە بکات.

*** ئێوە ئاماژەتان بە دۆخی دوای تێکشکاندنی حەماس لە کەرتی غەززەدا کرد، یان وردتر بڵێین، کێ حوکمڕانی بکات دوای لەناوبردنی حەماس، کە ئەمەش پرسێکە پەیوەستە بە ڕێگەچارە و نەخشەڕێگەی دوای شەڕەکە، ئێوە پێتان وایە ڕەهەند و ڕواڵەتەکانی ئەو چارەسەرە چی دەبن کە ڕێگری بکەن لەوەی جارێکی دیکە دۆخەکە بەم شێوەیە نەتەقێتەوە؟**

- ئێمە نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین، کە ئەم ناکۆکییە لە ساڵی ١٩٣٦ و ڕاپەڕینی مەزنی فەلەستینییەکان دژی بەریتانیا و کۆچی جوولەکەکانەوە بەردەوامە، واتە لەو کاتەوە جار بە جار ئەم ناکۆکییە هەڵدەکشێت، ئەم دۆخەش بەم شێوەیە دەمێنێتەوە و گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت. ئەوەی پەیوەست بێت بە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەوە، ئەوا پێم وایە دوای هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، ئەوا تەنانەت لە نێو ڕاستڕەو و لیبراڵییەکانی ئیسرائیلیشدا پشتیوانیکردن بۆ دەستەبەرکردنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە ئارادا نەماوە، واتە هێرشەکانی حەماس بوونەتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ڕاستڕەوەکانی نێو ئیسرائیل، واتە هەر ڕێککەوتنێك بکرێت کاتی دەبێت و ناکۆکییە بەرفراوانەکە بەردەوام دەبێت.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەگەر ئۆباڵی بەشێك لە کێشە و تەنگژەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەستۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت، ئەوا ناکرێت کێشە و ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیەش بە بێ بەشداری و ڕۆڵی ئەمریکا چارەسەر بکرێن، ئایا دەکرێت ئەمریکا چی بکات بۆ ئەوەی هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیەدا؟**

**دوای هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، ئەوا تەنانەت لە نێو ڕاستڕەو و لیبراڵییەکانی ئیسرائیلیشدا پشتیوانیکردن بۆ دەستەبەرکردنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە ئارادا نەماوە**

**کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە ناتوانرێت چارەسەرێکی ڕاستەقینە بەدی بهێنرێت، چونکە هەر گرووپێك لەم ناوچەیەدا وا دەرکەوێت کە هاوتەریبە لەگەڵ ئێراندا**



- سەرەتا دەبێت ئەوە یەکلا بکەینەوە کە ئەرك و بەرپرسیارێتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کار بکات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی وڵاتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگ نییە خواستی ئەمریکا چییە و چۆن لە بەرپرسیارێتییەکانی دەڕوانێت، ئەوا خەڵك و گەلانی ناوچەکە خۆیان بەرپرسیارن لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانیان، هەرچۆنێك بێت، جگە لە هاوکاریکردن ئەمریکا ڕێگەچارەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نییە.

*** ئەی کێشە و گرێکوێرە ڕاستەقینەکە لەم ناوچەیەدا چییە؟**

- من پێم وایە کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە ناتوانرێت چارەسەرێکی ڕاستەقینە بەدی بهێنرێت، چونکە هەر گرووپێك لەم ناوچەیەدا وا دەرکەوێت کە هاوتەریبە لەگەڵ ئێراندا و، خۆی لە دۆخێکی دژوار و سەختدا دەبینێتەوە لە بەرانبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە چاوپۆشین لەوەی کێ جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە لە ئیدارەی ئەمریکادا، لە تێڕوانینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئێران کێشەیە بۆ ناوچەکە و بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، لەم ڕوانگەیەوە ئەمریکا پشتیوانیکردن لە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا کردووەتە پێشینەی کارەکانی، بەتایبەتی ئەگەر تووشی ناکۆکی ببنەوە لەگەڵ ئێراندا.

*** کەواتە بۆچی گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیان جڵەوی کاروبارەکان ناگرنەدەست و هەوڵ و کۆششی ڕاستەقینە ناخەنەگەڕ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان؟ بۆچی هێندە ئومێدی ئەوەیان هەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت و کێشە و ناکۆکییەکانیان بۆ چارەسەر بکات؟**

- من پێم وایە پێویستە گەلانی ئەم ناوچەیە بە وردی لەوە بڕوانن کە ئەنجامی دەدەن و هەوڵی ئەوە بدەن کە دەتوانن چی بکەن و چ ڕێگەچارەیەك ڕێی تێ دەچێت بۆ ئەوەی بیگرنەبەر و هەنگاوی بۆ هەڵبگرن، خۆ ئەگەر ئەمە گرێ بدەینەوە بە بارودۆخی ئێستاوە و بەتایبەتی شەڕی غەززەوە، ئەوا من باوەڕم وایە کە ڕووداو و هێرشەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر بە هیچ شێوەیەك نەبوونە هۆی باشترکردنی بارودۆخی خەڵکی فەلەستین، واتە ڕاستە نائومێدی و تووڕەییەك هەبوو لە ئاست هەلومەرجەکەدا، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەگەری هاتنەئارای دەوڵەتی فەلەستینەوە، ئەوا ئەوەی بزووتنەوەی حەماس و پشتیوانکارەکانی ئێران کردیان وەشاندنی گوزرێك بوو لەم ئەگەرە. هەروەها ئەمە شکستپێهێنان بوو بە دەوڵەتە عەرەبییەکان بۆ پشتیوانیکردن لەو هەوڵانەی دەدران بە ئامانجی باشترکردنی دۆخەکە، ئەگەر نەڵێین بەدیهێنانی چارەسەرێك بۆ دۆخەکە.

*** دوایین پرسیار پەیوەستە بەوەی ئایا شەڕی غەززە هیچ ئاکام و لێکەوتەیەکی دەبێت لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا؟**

- من پێم وایە شەڕی غەززە لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسدا مایەی پەرتکردنی سەرنجەکانە، لە کاتێکدا پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرنجەکانی لەسەر ڕووسیا و چین چڕ بکاتەوە، جگە لەم مەسەلەیە ئەوا پێم وانییە شەڕی غەززە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هەبێت.

**لە تێڕوانینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئێران کێشەیە بۆ ناوچەکە و بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، لەم ڕوانگەیەوە ئەمریکا پشتیوانیکردن لە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا کردووەتە پێشینەی کارەکانی**

**پێویستە گەلانی ئەم ناوچەیە بە وردی لەوە بڕوانن کە ئەنجامی دەدەن و هەوڵی ئەوە بدەن کە دەتوانن چی بکەن و چ ڕێگەچارەیەک ڕێی تێ دەچێت بۆ ئەوەی بیگرنەبەر و هەنگاوی بۆ هەڵبگرن**



پرۆفیسۆر ئیان لەستیک بۆ گوڵان:

# ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێران لەئارادایە

# دیمانەی تایبەت

**ئیان ستیڤن لەستیك، خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە لە بواری زانستە سیاسییەكان كە لە زانكۆی كالیفۆڕنیا بەدەستی هێناوە، ئێستاش پڕۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانكۆی پەنسلڤانیا و وانەبێژی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرفراوانبوون و داكشانی دەوڵەتان و چەند بوارێكی دیكەیە، لە توێژینەوەكانیدا بایەخ بە بواری سیاسەتی بەراوردكاری و سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، لەگەڵ جەختكردنەوە لە كێشە و ناكۆكیی نێوان ئیسرائیل و عەرەب و ئیسرائیل و فەلەستین. بۆ زانینی بیروبۆچوونەكانی لەبارەی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەبارەی پەرەسەندنەكانی شەڕی غەززە لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس و ئەگەرەكانی پەرەسەندنی زیاتری ئەم شەڕە بۆ نێو لوبنان و تەنانەت پرسی پێكدادانی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئیسرائیل و و ڕۆڵی ویلایەتە یەكگرتووەكان لە نێو هەموو ئەم پەرەسەندنانەدا، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵ ئەنجام دا.**

*** هەروەك ئاشكرایە هێرشەكانی ٧ی ئۆكتۆبەری ساڵی ڕابردوو لەلایەن بزووتنەوەی حەماسەوە بۆ سەر ئیسرائیل مایەی هەژانێكی گەورە بوو، بە چەشنێك كە باس لەوە دەكرێت كە دەبێت باس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ئەم هێرشانە بكەین، بە تێڕوانینی ئێوە چی سەری كێشا بۆ سەرهەڵدانی دۆخێكی لەم شێوەیە و ئایا ئێوە چۆن لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەكانی ئەم شەڕەی ئێستای غەززە دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بكەین كە باشترین تێگەیشتن لە بارەی هێرشەكانی ٧ی ئۆكتۆبەرەوە ئەوەیە كە بڵێین هێرش و پەلاماری زۆر دڵڕەقانە و بێبەزەییانە بوون و دەكرێت بڵێین، یان بیشوبهێنین بە هەڵگەڕانەوەی بەندكراوەكانی نێو زیندانییەك، كە لێرەدا كەرتی غەززە زیندانییەكەیە و بزووتنەوەی حەماسیش وەك ڕێكخراوی بەندكراوەكانە و ئیسرائیلیش وەك ئەو دەوڵەتەی كە زیندانییەكەی تێدایە، بەڵام پێوستە ئاماژە بەوە بكەین كە ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە ڕووی سیاسییەوە كەمئەزموونی پێوە دیار بوو. هەروەها كاردانەوەی "دەسەڵاتدارانی زیندانەكەش" نامرۆییانە و دڵڕەقانە بوو لە مامەڵەكردنیدا لەگەڵ ئەو هەڵگەڕانەوەیەی لە نێو زیندانییەكەیدا ڕووی دا. لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەدا دەكرێت بڵێین، كە ئاست و ڕادەی توندوتیژییەكە و كاردانەوە كوشندەكە لە ئاست ژمارەیەكی زۆری كەسانی مەدەنی وەك جینۆساید وەسف دەكرێت، ئەگەرچی من كردارەكانی ئیسرائیل بە جینۆساید وەسف ناكەم، بەو مانایەی كە من ئەم دەستەواژەیە بەكار دەهێنم.

**هەر هەوڵێك بۆ دووبارە بنیادنانەوەی غەززە ئومێدی ئەوەی لێ ناكرێت، سەربكێشێت بۆ گۆڕانكاری و ئاڵوگۆڕێكی ڕاستەقینە و گەورە، ئەگەر جڵەوی دۆسییەی ئەمنی لە دەستی ئیسرائیلدا بێت**



*** لە میانەی هەوڵەکانی هێورکردنەوە و گەیشتن بە ئاگربەستدا چەندین دەستپێشخەری ئەنجام دراون، بەڵام پرسەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ڕاگرتنی کردەوە سەربازییەکانەوە، بەڵکو دەبێت نەخشە ڕێگایەکیش هەبێت بۆ دوای ڕاوەستانی شەڕەکە، وەك پرسی حوکمڕانیی غەززە و ئاوەدانکردنەوە و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی بارودۆخێکی لەم چەشنە، ئێوە چۆن لە سیناریۆکانی دوای شەڕ دەڕوانن؟**

- بە تێڕوانینی من ڕێگایەك لە ئارادا نییە کە بتوانرێت بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی لە ڕێی گفتوگۆوە کار بکرێت بۆ بەدیهێنان و هێنانەئارای چارەسەرێکی دادپەروەرانە و هەمیشەیی بۆ ئەم ناکۆکییە، لەبەر ئەوەی چارەسەرێکی لەم چەشنە پێویست بەوە دەکات کە حکومەتی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان ئامادە بن بۆ ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی وڵاتەکە، کە ئەمەش بەو مانایە دێت کە کەرتی غەززە و کەناری ڕۆژئاوا لە دەوڵەتی ئیسرائیل جیا ببنەوە. هەر چۆنێك بێت، سەرەڕای ئەوەی ئاماژەم پێکرد، ئەوا سەرکردەکانی جیهان هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ بۆ گەیشتنی بە ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە، هەرچەندە سەرکردە ڕاستگۆ و ئاگادارەکان دەزانن کە چارەنووسی هەوڵێکی لەم چەشنە شکست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن خۆیان لە خستنەگەڕی هەوڵێکی لەم شێوەیە لابدەن. ئەم پرۆسەی ئاشتییە لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە و بۆ ماوەی سێ بۆ چوار ساڵ بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، پێش ئەوەش بە شکست کۆتایی پێ بێت. لە هەمان کاتدا، هەر هەوڵێك بۆ دووبارە بنیادنانەوەی غەززە ئومێدی ئەوەی لێ ناکرێت، سەربکێشێت بۆ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە و گەورە، ئەگەر جڵەوی دۆسییەی ئەمنی لە دەستی ئیسرائیلدا بێت، ئەمەش زەمینەکە خۆش دەکات بۆ دووبارە داگیرکاری ئیسرائیل و حوکمڕانیی کەرتی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە. هەرچۆنێك بێت، گرنگترین پرس لە ئێستادا ئەوە نییە پلانێك هەبێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گشتگیر، بەڵکو گرتنەبەری کۆمەڵێك ڕێکارە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە بتوانرێت ئاسایش دەستەبەر بکرێت بۆ ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و زەمینەڕەخساندن بۆ بەرەوپێشچوونی سیاسی بە ئاراستە و ئاقاری هاتنەئارا و جێگیربوونی دیموکراسییەتی ڕاستەقینە لە ئیسرائیلدا (لە ڕووبارەوە بۆ دەریا) بە درێژایی چەند نەوەیەك. بەڵام لە نێو هەموو پرسەکانی دیکەدا، ئەمە پێویستی بەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرنجەکانی چڕ بکاتەوە و بە بەردەوامی چاودێریی ئەوە بکات کە بە ڕاستی ڕوو دەدات لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا.

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕەوە، ئەوا ئاشکرایە کە شەڕێکی گەورەی دیکەش لە ئارادایە و بۆ پتر لە دوو ساڵە درێژەی کێشاوە و ئێستاش بەردەوامە، ئەویش شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیایە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم شەڕەی لە غەززە هاتووەتە ئاراوە، چ کاریگەرییەکی لەسەر پەرەسەندنەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کردووە؟**

- ئەو لۆژیکەی بەکارهێنراوە بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی بۆ ئۆکرانیا دژ بە دەستدرێژیی

**ڕەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی کورتدا، بە چەشنێک سیاسەتەکانی بگۆڕێت، کە ئیسرائیل هەست بە باجی کارکردن وەک دەوڵەتێکی لادەر بکات**



ڕووسیا هاوکار دەبێت بۆ چڕکردنەوەی سەرنجی ڕای گشتی جیهانی، لە نێویاندا ڕای گشتی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسەر بارودۆخی نالەباری فەلەستینییەکان و قبووڵنەکردنی ئەو دەوڵەتانەی کە پێیان وایە ڕێساکانی جەنگ، یان ژیانی مەدەنییەکان ئەوەندە بایەخ و بەهایان نییە کە ببنە هۆی ڕێگریکردن لە کەوتنەوەی کۆمەڵکوژی وەك دەرئەنجامێکی لاوەکیی شەڕەکان. خواستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بۆ بەرهەڵستیکردنی دەستدرێژکاریی ڕووسی هانیان دەدات بۆ ئەوەی هەڵوێستی توندتریان هەبێت لە ئاست ئیسرائیلدا، کە ئەگەر وانەبووایە ئەوا ئەم هەڵوێستەیان نەدەبوو.

*** ئایا ئەو گۆڕانکارییانەی لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتوونەتە ئاراوە لە ئەنجامی ئەم شەڕەوە چین، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ئاشکرایە چیتر ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و ئێران وەك شەڕی سێبەر نەماوەتەوە، پێتان وایە دژومنایەتیی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- من پێم وایە هێشتا هەڕەشەی هەڵگیرسان و هاتنەئارای شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە ئارادایە، ئەم ئەگەرە پتر بەهێز دەبێت ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شکست بهێنێت لە هەوڵەکانی بۆ ڕێگریکردن لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر حزبوڵڵا لە لوبنان، یان ئەگەر سەرکەوتوو نەبێت لە هێنانەدی ئاگربەستێك لە کەرتی غەززە کە دەکرێت بۆ لوبنانیش درێژ ببێتەوە. کەواتە ئەگەر حزبوڵڵا بەشێکی گەورەی چەکەکانی دژ بە ئیسرائیل بەکار بهێنێت، ئەوا کاردانەوە و پەرچەکرداری ئیسرائیل هێندە توند دەبێت کە ئێران بە شێوەیەکی پتر ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت بە شێوەیەك کە بەلای کەمەوە ئیسرائیل پێی وایە ئێران هێرش دەکات، کە ئەمەش وا دەکات کە کردەوەیەك لە دژی ئێران بگرێتەبەر.

*** ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوویییەکی گەورەی هەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێك کە ناکرێت کێشە و ململانێ و ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیە بە بێ بەشداریی ئەمریکا یەکلا بکرێنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا دەبوو و دەیتوانی چ شتێکی جیاوازی بکردایە بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە ئاشتی و گەشەکردنێکی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت؟**

- من پێم وایە پێویست بوو واشنتۆن زۆر پێش ئێستا لەسەر ئەو بنەمایە کاری بکردایە کە ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان- هەروەك چەندین جار سەرۆك جۆ بایدن و وەزیری دەرەوە ئەنتۆنی بلینکن ئەمەیان ڕاگەیاندووە و دووپات کردووەتەوە- خاوەن مافی یەکسانن لە ڕووی بەهرەمەندبوون لە شکۆ و کەرامەت و دیموکراسی و ئاسایش و گەشەکردنەوە. ڕەنگە ئەمە بەو مانایە بێت کە لە مەودای کورتدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چەشنێك سیاسەتەکانی بگۆڕێت کە ئیسرائیل هەست بە باجی کارکردن وەك دەوڵەتێکی لادەر بکات. بەڵام کارێکی لەم چەشنە هەڵگری مەترسییەکی سیاسیی زۆر گەورەیە بۆ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی لەساڵی هەڵبژاردندا.

**پێویست بوو واشنتۆن زۆر پێش ئێستا لەسەر ئەو بنەمایە کاری بکردایە کە ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان خاوەن مافی یەکسانن لە ڕووی بەهرەمەندبوون لە شکۆ و کەرامەت و دیموکراسی و ئاسایش و گەشەکردنەوە**




# بۆ گەیشتن بە ئابوورییەکی فرەچەشن پێویستمان بە نەشتەرگەرییەکی بەئازارە



**دکتۆر محەمەد شەعبان**

شارەزا و پسپۆڕی ئابووری

بۆ گوڵانی نووسیوە

گرفتی ئابووریی عێراق لەوەدایە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتی بە داهاتی هەناردەکردنی نەوت بەستووە، ئەو نەوتەی کە ماددەیەکی ڕەیعییە بۆ ئابوورییەکەی و ئەمڕۆ هەیە و سبەی نامێنێت، چونکە دواجار بەهای ئەم نەوتە بەستراوەتەوە بە نرخە ناسەقامگیرەکەیەوە، کە پەیوەستە بە ویست و خواستی زلهێزەکانی جیهانەوە نەوەکو خواستی بەرهەمهێنەرانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، نرخی بەرمیلێك نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا هەرگیز بە بەرزی تاسەر نەماوەتەوە، هەموومان ئەوەمان بینی لە سەردەمی تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنادا نرخی بەرمیلێك نەوت دابەزییە سەر (سفر) دۆلار، لە هەموو ئەمانەش مەترسیدارتر نەوت و غاز لە عێراقدا بووەتە هۆکارێکی تەشەنەکردنی تەمبەڵی و گەندەڵی و دروستبوونی میلیشیای چەکداری بە دەسەڵاتی لە سەرووی یاسا و دەوڵەتەوە، ئەمانە وەکو مافیایەکیان لێهاتووە و زیانیان بە دارایی و ئابووری و هەستی نیشتمانپەروەری گەیاندووە، خۆشیان خزاندووەتە هەموو کایە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانەوە و شوێنەوارەکانیان لەسەر چارەنووسی ئەم وڵاتە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی دیار و ڕوونە. ئەوەتا دامەزراوە و دەزگای تەشریعی و دادگا لە عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بە واتای تەواوی دامەزراوەیی نەماوە، یان زۆر لاواز کراوە، تاوەکو کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو حزب و لایەنە سیاسییەکان بە لایەنە سیاسییەکانی




ناو ئۆپۆزسیۆنیشەوە، بخاتە ژێر لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتییەوە.

ڕەنگە هاووڵاتییەکی ئاسایی ئەو پرسیارەی لا دروست بێت، ئەگەر ئابووریناسان بەم شێوە ڕەشبینییە بڕواننە بارودۆخی ئابووریی عێراق، ئەی ئەوە نییە مووچە و تا ڕاددەیەکیش پڕۆژە و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرێت؟ ئەی ئەوە نییە یەدەگی دراوی بانکی ناوەندی ژمارەیەکی پێوانەیی لە دراوی دۆلار و سەبیکەی زێڕی تۆمار کردووە؟ ئەم قسانە زۆر ڕاست و دروستن بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق لە کاتێکدا بەهای بەرمیلێك نەوت لە سەرووی ٨٤ دۆلارەوەیە و ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە، دۆلارێکی باش و خێرا و قەبە دەڕژێتە ناو قاپێکی کون و ڕزیوەوە، بۆ خەرجییەکی زەبەلاحی گەورە و قوڕگی نەهەنگە گەورەکانی ئاخنراو بە کار و کردەوەی گەندەڵی و نایاسایی تێر دەکات. شارەزایانی ئابووری دیدگا و بۆچوونی دوورمەودایان هەیە، ئەوان پێش ڕوودانی زریان و گەردەلوولەکە پێشهات و پێشبینییەکانیان دەخەنەڕوو، ئێ خۆ بودجەی عێراق پلان و خەرجییەکانی کورتهێنانی تێدایە، کەچی لەسەر بنەمای نرخی بەرمیلێك نەوت لە سەرووی ٧٠ دۆلارەوە دانراوە، بودجەکە کەموکورتی تێدا نییە، بەڵام ناهاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجییەکانی تێدایە، کەموکورتی حاڵەتێکی کاتییە و ئەوەندە ئاڵۆز و مەترسیدار نییە و ئەگەر ئیرادە و ویست هەبێت بە ئاسانی چارەسەر دەبێت، بەڵام (اختلال) لە ناو پەیکەری بودجەکەدا کێشەیەکی گەورەیە، ٧٠-٨٠٪ی بودجەکە بودجەیەکی بەکارخستنە نەك بودجەیەکی وەبەرهێنان، بودجەکە تەنیا ٢٥٪ی وەبەرهێنانە، ئێ خەرجکردنی مووچەی زیاتر لە چوار ملیۆن فەرمانبەر و مووچەخۆری عێراقی و کوردستانیشی هاتووەتە سەر و لە سەرووی ٦٥ تریلیۆن دینارە، واتا یەك لەسەر سێی بودجەکە، ئەم حاڵەتە لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش کەرتێکی گشتیی زیاد لە قەبارەی خۆی و بە بەرهەمێکی کەمەوە دروست کردووە، خۆ ئەگەر بەهەدەردانی گەندەڵییەکانی نەهەنگە گەورەکانیشی بچێتە سەر، ئەوا نیوەی بودجەکە بێ ئەوەی

**نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا هەرگیز بە بەرزی تاسەر نەماوەتەوە، هەوومان ئەوەمان بینی لە سەردەمی تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنادا نرخی بەرمیلێک نەوت دابەزییە سەر (سفر) دۆلار**

**نەوت و غاز لە عێراقدا بووەتە هۆکارێکی تەشەنەکردنی تەمبەڵی و گەندەڵی و دروستبوونی میلیشیای چەکداری بە دەسەڵاتی لە سەرووی یاسا و دەوڵەتەوە**

**دامەزراوە و دەزگای تەشریعی و دادگا لە عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بە واتای تەواوی دامەزراوەیی نەماوە، یان زۆر لاواز کراوە**

**بودجەی عێراق پلان و خەرجییەکانی کورتهێنانی تێدایە، کەچی لەسەر بنەمای نرخی بەرمیلێک نەوت لە سەرووی ٧٠ دۆلارەوە دانراوە**

**پێشبینییەکی زۆر زەحمەت نییە کە گەشبین نەبیت بە ئابووریی وا لاوازی وڵاتێک کە بودجە گشتییەکەی تەنیا لە ٢- ٢،٥٪ بۆ بودجەی وەبەرهێنان بچێت**

کاریگەریی لەسەر پەرەپێدانی ئابووری و وەبەرهێنان هەبێت، ڕاستەوخۆ بەهەدەر دەڕوات و نەزیفێکی بەردەوامی لە جەستەی ئابووریی ئەم وڵاتەدا لێ کەوتووەتەوە، بۆیە کارێکی زۆر قورس و پێشبینییەکی زۆر زەحمەت نییە کە گەشبین نەبیت بە ئابووریی وا لاوازی وڵاتێك کە بودجە گشتییەکەی تەنیا لە ٢- ٢،٥٪ بۆ بودجەی وەبەرهێنان بچێت، خۆ ئەگەر بەهای بەرمیلێك نەوت بێتە خوارووی ٧٠ دۆلار کە ئەمە لە دەستی دەسەڵات و لە کۆنترۆڵی عێراقدا نییە، ئەو کات بوومەلەرزە گەورەکەی تێکشکانی سیستمی دارایی وڵات ڕوو دەدات و هەرچی ڕیسەکەمان هەیە دەبێتەوە خوری. ئەم حاڵەتە هاوشێوەی ئەو ساڵانەی کە لە سەردەمی کۆرۆنا ڕووی دا، هیچ بە دوور نییە بە هۆکارێکی دیکە ڕوو نەداتەوە. ئەمە واقیعە تاڵەکەیە و زۆربەشمان دەرکی پێ دەکەین، ئەی کەواتە ڕێگەچارەسەرەکە چییە؟

ئەرکی کەسە یەکەمەکانی ناو هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لەلایەن کەسایەتییە سیاسییە گەورەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشتی بکرێن، بۆ ئەوەی نەشتەرگەرییەکی بە ئازار بۆ ئابوورییەکەمان ئەنجام بدەن، بوێری و تەحەددای پێویستە تاوەکو ڕێگە لە گەندەڵکاران بگیرێت و چیتر داهاتی وڵات بە فیڕۆ نەدرێت و ئابووری وەرچەرخێنن بەرەو بونیادنانی ئابوورییەکی فرەچەشنی وا، کە بەشداری لە داهاتی گشتیدا هەبێت، بە پێچەوانەوە عێراق لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان و لە ناو ڕێکخراوە جیهانییەکاندا وەکو وڵاتێکی تاکە سەرچاوەی نەوت و لاواز دەمێنێتەوە و لە ئاستە زۆر نزمەکاندا حیسابی بۆ دەکرێت. بەداخەوە ئەگەر مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بخوێنینەوە، دەبینین لە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەوە ئەم ویستەی فرەچەشنکردنی ئابووری وەکو دروشمێکی لێ هاتووە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان ئیدعای بۆ دەکەن و نەك هەر جێبەجێی ناکەن، بەڵکو زۆر شەرمنانە و لاواز لێرەو لەوێ هەنگاوی بۆ دەنێن، یان بە پێچەوانەی ئاراستەکانی فرەچەشنکردنی ئابوورییەوە دەجووڵێنەوە، ئەمە ئیرادەیەکی زۆر بەهێزی دەوێت، تاوەکو بتوانێت بەسەر حزبەکان و نەهەنگە گەورەکاندا سەر بکەوین، ئەمان پێیان وایە تا چەند ئابووریی عێراق بەم شێوەیەی تاکە سەرچاوەی پشتبەستوو بە داهاتی هەناردەکردنی نەوت بمێنێت، ئەوان لە ڕێگەی دزین و ئاودیوکردنی نەوت و دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکان و بازاڕێکی شێواوەوە سوودمەندتر دەمێننەوە، ئەوان هەر یەکەو لە جێگە و ناوچەی خۆیەوە ژووری ئابووریی خۆیان دروست کردووە و ئیستغلالی بارودۆخی عێراق دەکەن.

**● ئابووریی فرەچەشن و ڕزگاربوون لە پشێوی و بێسەروبەری**

ئەمە بارودۆخی عێراق و شوێنەوارەکەی و چارەنووسەکەیەتی، بە پێچەوانەوە لە ئابووریی فرەچەشن و بووژانەوەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و کەرتە بەرهەمهێنەکانی دیکەدا خێروبێری عێراق بەسەر ژمارەیەکی زۆری عێراقییەکاندا دابەش دەبێت، لەم حاڵەتەشدا پێگەی ئابووری و سیاسی و سەربازیی ئەو مافیایانە لاواز دەبێت. ئەمڕۆ لە عێراق و کوردستان سیاسەت ئابووری بەڕێوە دەبات، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە لە دنیای پێشکەوتوودا جێی نابێتەوە، لەو دنیایەدا ئابووری و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان سیاسەتمەداران ئاراستە دەکات و بگرە دەیانخاتە خزمەتی ئابوورییەکەوە. من لێرەدا نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم. ماوەیەکە زۆر باسی ڕێگەی گەشەپێدان دەکرێت لە بەندەری گەورەی فاوەوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا، پڕۆژەیەکی وا گەورە کە ڕێگەی خێرا و ڕێگەی شەمەندەفەڕیش لەخۆ دەگرێت و بە زۆربەی شارەکانی عێراقدا تێپەڕ دەبێت و ڕۆڵی دەبێت لە دامەزراندنی هەلی کار و بووژانەوەی کەرتەکاندا، کەچی کە دێتە سەر هەرێمی کوردستان بە یەك شاری هەرێمەکەدا تێپەڕ نابێت و لە ناوچەیەکی سەر سنووری تەسکەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو تورکیا، ئەمە لە پڕۆژەیەك دەچێت کە لەژێر ئیرادەی عێراقییەکاندا نەبێت و خرابێتە ژێر مەبەست و ئەجیندەی دەرەکییەوە، هەرێمی کوردستانیش وەکو بەشێکی دەستووری و یاسایی لە ناو دەسەڵاتی فیدراڵیی عێراقدا هیچ ئیرادە و بڕیارێکمان نەبێت و شەرمنانە

کار بۆ خنکاندنی زیاتری ئابوورییەکەمان بکرێت، ئەم پرۆژە سیاسییانەی ڕووپۆشراو بە ئابووری، مێژووی عێراق سەلماندوویەتی کە شکست دەهێنن، هەروەکو چۆن پێشتریش بە کرانەوە بەسەر وڵاتی چین و گرێبەستکردنی دەیان پرۆژە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا شکستی هێنا و لەسەر ئەرزی واقیع بووە بڵقی سەر ئاو.

من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کورد بە یەکگرتوویی بچێتەوە بەغدا و لەمەودوا زیاتر گفتوگۆ و کار لەگەڵ میللەتی عێراقدا بکات، بۆ پێکەوە گرێدانی بەرژەوەندیی هاوبەش بوونی سەرۆك وەزیرانێك کە هەر هیچ نەبێت، دەیەوێت بەردێك بخاتە سەر بەردێك هەلێکی زێرینە.

من بە وردی سەرنجی هەنگاوەکانی محەمەد شیاع سوودانی دەدەم، بەوەی دەیەوێت خۆی دەرباز بکات لەو حزب و لایەنە سیاسییە گەندەڵانەی وێڕای ئەوەی لە پشت هاتنە سەر کورسیی حوکمییەوە بوون، بەڵام خێروبێریان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و ئابوورییەکەی نییە و بە دەرەجەی ئیمتیاز لەژێر ئەجێندەی دەرەوە دەجووڵێنرێنەوە. بۆیە سوودانی دەیەوێت لەسەر کورسیی حوکم بمێنێتەوە، چونکە سبەی ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، محەمەد شیاع سوودانی لەلایەن گەلەوە دەنگ بەدەست دەهێنێت و قورسایی و پێگەی خۆی دەبێت، بۆیە تاوەکو ئەم وڵاتە نەگاتە قۆناغی بونیادنانی فرەچەشنکردنی ئابووری، ناتوانرێت کۆتایی بە گەندەڵی بهێنرێت و زۆرینەی گەل لە پرۆسەی ئابووریدا بەشدار بێت، ئەمە خواست و ویستی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقە.

**● ئاراستەکان بەرەو عێراقە و دەبێت تەواوکاریی ئابووری لەگەڵ عێراق دروست بکەین**

عێراق تاوەکو بەهای بەرمیلێك نەوتی لە سەرووی ٨٠ دۆلارەوە بێت و ئێمەش نەوتەکەمان نەفرۆشرێت و ئەمەش دۆخی ناوخۆی هەردوو حزبی گەورەی حوکمرانی بێت و کێشەیەکی وەکو مووچەمان بۆ چارەسەر نەبێت، دەبێت لەگەڵ ئاراستەی گەڕانەوە بەرەو عێراق بین، ڕاستە عێراق لە پێگەی هێزدایە و دەیەوێت هەموو کاروبارەکان بگەڕێنێتەوە ناوەندێکی ئاخنراو بە ڕق و کینەی ڕابردوو، بۆ ئەم مەبەستەش نەرمێتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەنوێنێت بۆ کەمکردنەوەی کێشەکان و خۆلادان لە دروستکردنی کێشەی کورد، کە تا ڕادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەمریکا پاڵپشتیی مانەوەی هەرێمێکی سەقامگیر و نیمچە سەربەخۆ دەکات، کە تاکە پێگەی ئارامی هێزەکانێتی لە عێراق و سووریا، لای خۆشمان دەبێت هانی کۆمپانیاکانمان بدەین، لە عێراقیش کار بکەن و بارودۆخی یاسایی خۆیان لە ناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەدا ڕێك بخەنەوە، بە هەمان شێوە دەبێت هانی کۆمپانیا گەورەکانی عێراق بدرێت لە هەرێمی کوردستان کار بکەن، ئەوەتا بە سەدان هەزار ئاوارەی عەرەب لە هەرێمی کوردستانن، خۆ تەعریبی کوردستانیان نەکردووە، بەپێچەوانەوە بازاڕەکەیان جووڵاندووە، دەبێت لە ڕووی ماف و ئەرکەوە لەگەڵ ناوەند خۆمان یەکلایی بکەینەوە؟ من گەشبینم بەوەی کێشەکانی نەوت و کۆمپانیاکان و مووچە و دەسەڵاتەکان چارەسەر دەکرێت، ئەگەر هاتوو کێشەکان یەکلا بکرێنەوە و وەکو بزماری جوحای لێ نەکرێت، بە جۆرێك وەکو ئەوەی نەیارانی هەرێم و لایەنە سیاسییەکانی لە ژێر کاریگەریی ئەجندەی دەرەکییەوە کار دەکەن و ویستیان هەیە هەموو ئەم کێشانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن، دەبێت کورد لەگەڵ لایەنە نیشتمانییەکان گفتوگۆ و دانوستاندن بکات و کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن ببات. ڕەنگە دیپلۆماسییەتی کورد لەگەڵ ئێراندا کارێکی باش بێت، بەڵام ئێران کێشەکان دەخەوێنێت و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ نادۆزێتەوە. ئەمەی لە هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبردنی ئابوورییەکەیدا ڕوو دەدات، لە ئاست خواست و ویستی خەڵکدا نییە و ئەو بەڕێوەبردنەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، هۆکارێکی سەرەکیی نەهامەتی و خراپیی ئەم دۆخەیە کە تێی کەوتووین، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پێگەی خۆمان لە ناوەندی بەغدای عێراق بەهێز بکەین، دەبێت سەرەتا کێشە ئابوورییەکانمان لە نێوخۆی کوردستاندا چارەسەر بکەین، ئەو کات دانوستانکار و کاراکتەرێکی بەهێزیش دەبین لە ناو چەقی دەسەڵاتی عێراقدا.

**ئەمرۆ لە عێراق و کوردستان سیاسەت ئابووری بەڕێوە دەبات، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە لە دنیای پێشکەوتوودا جێی نابێتەوە**

**گەشبینم بەوەی کێشەکانی نەوت و کۆمپانیاکان و مووچە و دەسەڵاتەکان چارەسەر دەکرێت، ئەگەر هاتوو کێشەکان یەکلا بکرێنەوە و وەکو بزماری جوحای لێ نەکرێت**

**دەبێت کورد لەگەڵ لایەنە نیشتمانییەکان گفتوگۆ و دانوستاندن بکات و کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن ببات**

**ئەو بەڕێوەبردنەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، هۆکارێکی سەرەکیی نەهامەتی و خراپیی ئەم دۆخەیە کە تێی کەوتووین**



پڕۆفیسۆر دکتۆر یوسف بەرزنجی بۆ گوڵان:

# ساغکردنەوەی بەرهەمی شیری ئاژەڵان خزمەتێکی زۆری گوندنشینەکان دەکات

■

## بە پێی ستانداری جیهانی ٧٠٪ی داهاتی کشتوکاڵی لە ئاژەڵداریدایە

**بەرزبوونـەوەی ئاسـتی بەرهەمەکانی کارگـەی زۆم بـۆ شـیرەمەنی، بابەتـی گرنگیـدان بـە سـامانی ئاژەڵیـی هێنایـە بەربـاس و گفتوگـۆ، ئـەو سـامانەی کـە لـە ڕووی سـتانداردی جیهانییـەوە ئەگـەر لـە کەرتی کشـتوکاڵ ١٠٠ دۆلار داهاتت هەبێت، ئـەوا ٧٠ دۆلاری لـەم سامانەوە ئاژەڵییـەوە بەدەست هاتـووە. لـە هەرێمـی کوردسـتان کەرتـی کشـتوکاڵی لـە ڕووی گەنـم و جـۆ و بەرهەمەکانـی تەماتـە و پەتاتـە و سێو و میوەجـات و هەنگویـن و پەلـەوەرەوە بەرەوپێشـچوونێکی باشـی بەخۆیـەوە بینیـوە، بەتایبـەت بابەتـی سـاغکردنەوەی بەروبوومـی جووتیـاران و دۆزینـەوەی بـازاڕی دەرەکـی، بـەڵام پسـپۆڕان و شـارەزایانی کەرتـی ئاژەڵـداری ئامـاژە بـەوە دەکـەن، لـە کەرتـی کشـتوکاڵ هێنـدەی گرنگیـی بـە سـامانی ڕووەکـی دراوە، هێنـدە گرنگیـی بـە سـامانی ئاژەڵـی نـەدراوە. گۆڤـاری گـوڵان لەسـەر ئـەم بابەتـە چەنـد پرسـیاری ئاراسـتەی پرۆفیسـۆر دکتـۆر یوسـف بەرزنجـی لـە کۆلێـژی زانسـتە ئەندازیارییـە کشـتوکاڵییەکان لـە زانکـۆی سـەلاحەددین – هەولێـر کـرد.**

*** بـەو پێیـەی پسـپۆڕایەتی و شـارەزاییت لـە کەرتـی کشـتوکاڵ و سـامانی ئاژەڵـدا هەیـە، بـا سـەرەتای پرسـیارمان لـەوەوە دەسـت پـێ بکەیـن، ئایا تـا چ ڕاددەیـەك هەوڵەکانـی کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ فرەچەشـنکردنی ئابـووری و بووژانـەوەی کەرتـی کشـتوکاڵی ئومێدبەخـش بـووە؟**

- ڕێگـە ڕاسـت و دروسـتەکەی بووژانـەوەی ئابـووری و زیادکردنـی داهـات و دۆزینـەوەی هەلـی کار لـە فرەچەشـنکردنی ئابـووری و گرنگیـدان بـە سامانی کشـتوکاڵییەوە دەسـت پـێ دەکات. گەیشـتن بـە خۆبژێـوی و پەرەپێدانـی کەرتـی بەرهەمهێنـان بناغـەی هەمـوو پێشـکەوتن و گەشـەکردنێکە، لـەم ڕوانگەیـەوە چارەسـەربوونی کێشـەی کڕینـەوەی گەنمـی جووتیـاران و بونیادنانـی کارگەکانـی پیشەسـازیی خـۆراك و شـیرەمەنی و پاڵپشـتیکردن و هاندانـی جووتیـاران کارێکـی سـەرکەوتووی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـووە، ئـێ خـۆ ناکرێـت چارەنووسـی ئابـووری و بژێـوی نەتەوەیـەك تەنیـا لـە داهاتـی فرۆشـتنی نەوتـدا بهێڵدرێتـەوە، بەڵکـو دەبێـت ئـەم داهاتـەی نـەوت و غازیـش بەشـێکی زۆری لـە خزمەتـی بووژانـەوەی کەرتـی کشـتوکاڵ و ئاژەڵداریـدا بێـت. مـن لێـرەدا زیاتـر تیشـك دەخەمـە سـەر کەرتـی ئاژەڵـداری (سـامانی ئـاژەڵ)، بەداخـەوە بەپێـی پێویسـت لـەم هەرێمـەدا گرنگیـی پـێ نـەدراوە، وڵاتـانی دەوروبەریـش بـە بەرنامـە کاریـان کـردووە بـۆ لاوازکردنـی بەرهەمـی ئـەم کەرتـە و بـە لێشـاو ئاژەڵـی لاواز و نەخـۆش هەنـاردەی هەرێـم و عێـراق دەکـەن، لەمەشـدا زیاتـر گرنگـی بـە هەنـاردەی نێـرەکان دەدەن کـە لـە خۆیـان زیـادن، بەپێچەوانـەوە لێـرەوە مـەڕ و ئاژەڵـی نایابـی کوردسـتانیان بـردووە، وەکـو چـۆن مـەڕی حەمدانـی لەلایـەن تورکیـاوە بـراوە و نـاوی خۆیانیـان لـێ نـاوە.

*** هـەر لـەم چوارچێوەیـەدا لـە مێرگەسـور یەکێـك لـە نایابتریـن کارگەکانـی شـیرەمەنی دامـەزرا کـە کارگـەی زۆمـە، کـە بـووە جێگـەی ڕەزامەنـدی و خۆشـحاڵیی بەخێوکەرانـی ئـاژەڵ و هاووڵاتیانـی تـەواوی دەڤەرەکـە، ئەمـە وێـڕای ئـەوەی شـیرەمەنییەکانی کارگەکـە بـە سـتانداری پێشـکەوتوون و بـە بەرهەمـی ئاژەڵـە خۆماڵییەکانـی دەڤەرەکـە بەرهـەم هێنـراون و خواسـتێکی زۆریـان لەسـەرە و دەسـتی کاریشـی ڕەخسـاندووە. تاچەنـد بوونـی ئـەم کارگەیانـە لـە هەرێمـی کوردسـتان گرنگـن؟**

- دامەزراندنـی ئـەم جـۆرە کارگانـەی شـیرەمەنی خزمەتێکـی زۆری گوندنشـینەکان و ئاژەڵـداران دەکات، بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە دەرەوەی سـەنتەری شـارەکان دەژیـن، چونکـە سـەرچاوە خاوەکـەی شـیر لـە بەخێوکەرانـی ئاژەڵەکانـی ئـەو گوندنشـینانەوە وەردەگیرێـت، هـاوکات دەرفەتێکـی باشـی هەلـی کارکـردن بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و نـا ڕاسـتەوخۆ لـەو دەڤـەرە دروسـت بـووە، کـە ڕاسـتەوخۆ زیاتـر لـە ١٠٠- ٢٠٠ هەلـی کاری ڕەخسـاندووە، ئەمـە وێـڕای ئـەوەی ٢٠ بنکـەی وەرگرتنـی شـیری خۆماڵـی دامـەزراوە، تاوەکـو لـە نزیکـەوە جووتیـاران بتوانـن بەرهەمـی شیری ئاژەڵەکانیـان بـە شـێوەیەکی تەندروسـت و زانسـتی بیگەیەننـە کارگەکـە، لـە ئێسـتادا کارگـەی زۆم بـۆ شـیرەمەنی ٨ تـا ١٠ تـۆن

**گەیشتن بە خۆبژێوی و پەرەپێدانی کەرتی بەرهەمهێنان بناغەی هەموو پێشکەوتن و گەشەکردنێکە، چارەسەربوونی کێشەی کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و بونیادنانی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراکی و شیرەمەنی و پاڵپشتیکردن و هاندانی جووتیاران کارێکی سەرکەوتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە**

**هەموو توێژینەوەکان دەریان خستووە کوالێتیی بەرهەمی خۆماڵیی گۆشت و پەلەوەر لە ئاستێکی بەرزدایە**

**کارگەکان ئەگەر موڵکی کەس و ناوچەیەک و لایەنێکیش بێت، بە هەزارەها کەس ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سوودی لێ وەردەگرن**

**کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاوڕێکی باشتر لە کەرتی ئاژەڵداری بدەنەوە**

**زۆر لە گوندنشینەکان لە ترسی پەتا و ڤایرۆس و نەخۆشی و مرداربوونەوە خۆیان لە بەخێوکردنی ئاژەڵی گەورە بە دوور دەگرن**

شیری خۆماڵی وەردەگرێت و توانای تاکو ٥٠ تەن شیری هەیە لە ڕۆژێکدا، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ تەواوی خەڵکی دەڤەرەکە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە کارگەکە تەنیا شیر بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو بە ئاستێکی بەرزی ستانداردی جیهانی ماست و قەیماغ و ماستاو و پەنیریش بەرهەم دەهێنێت، بۆیە کارگەی زۆم و ئەم جۆرە کارگەیانە دەبێتە هۆی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری.

*** ئایا بووژانەوەی کەرتی ئاژەڵداری و مەڕ و پەلەوەر گەیشتووەتە ئاستێکی ستانداردی جیهانی، بەتایبەتی کە ئاماژەت بەوە دا، بە هاوشێوەی کەرتی کشتوکاڵ ئەم لایەنە پێش نەخراوە؟**

- لەسەر ئاستی جیهانی ئەگەر ١٠٠ دۆلار داهاتی کشتوکاڵ بێت ٦٥ تا ٧٠ لە سەدی لە سامانی ئاژەڵییەوە دێت، گۆشت و شیر و پێستە و هێلکە و پەلەوەر و ماسی بەرهەمی گرانبەهان، لە کوردستان پێویستمان بەوە هەیە گوندنشینەکان خاوەنی داهاتی بەرز و بەردەوام بن، کە تەنیا لە سامانی ئاژەڵییەوە ئەم داهاتە بەردەوامە بەدەست دێت، هەموو توێژینەوەکان دەریان خستووە کوالێتیی بەرهەمی خۆماڵیی گۆشت و پەلەوەر لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆیە پێویستە حکومەت لە ڕێگەی کونسوولخانەکان و ڕێکخراوەکانەوە گرنگی بە دروستکردنی کارگەی ئاژەڵی و شیرەمەنی و پەلەوەر و قوتوبەند و بەکارهێنانی بدات. بەپێی توێژینەوەکان ئەو ڕاستییە سەلمێندراوە کە لە ڕووی تەندروستی و داهات و بژێوی ژیانەوە چەند پێویستە گرنگی بە بەرهەمی شیری خۆماڵی بدرێت، هەموو کەسێك لە ڕۆژێکدا پێویستی بە ٠،٧١ لیتر شیر هەیە، بۆیە ئەگەر لە کوردستان زیاتر لە شەش ملیۆن کەس دانیشتوومان هەبێت، بۆ تەنیا ساڵێك پێویستیمان بە ١،٥٩٩،٢٣٦ تەن لیتری شیر هەیە، ئەگەر خۆمان ئاژەڵمان نەبێت و ئەو بڕە شیرەمان نەبێت، ئەوا بۆ دابینکردنی هەموو ئەو خەرجییە بۆ وڵاتانی دراوسێ ڕۆیشتووە و سوودی بۆ کەس نەبووە.

*** بەڵام لە هەرێمی کوردستان هاووڵاتیان بەپێی پێویست گرنگییان بە بەرهەمی خۆماڵی نەداوە، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی بەکارهێنەرانی ئێمە زیاتر ڕوو لە بەرهەمی خۆماڵی بکەن؟**

- ئێمە لە ڕووی هوشیارییەوە وەکو پێویست گرنگیمان بە بەرهەمی خۆماڵی نەداوە، لە کاتێکدا بەرهەمی خۆماڵی خزمەت بە گوندنشین و جووتیار و خەڵکی هەژار و ئابووریی وڵاتیش دەکات. ئێمە دەڵێین با بایکۆتی بەرهەمی فلان وڵات بکەین، کەچی بەرهەمی وڵاتێکی دیکە بەکار دەهێنین، لە کاتێکدا گرنگیدان بە بەرهەمی خۆماڵی و بەرهەمی کارگەکانی نێوخۆ خۆی لە خۆیدا لە ڕووی ئایینی و پەروەردەیی و نەتەوەیی و نیشتمانییەوە خزمەتی ئەو گوندنشینانە دەکات، کە لە گوندێکی دووردەست دانیشتوون و نەهاتوونەتە شار تا ببێتە تاکێکی بەکارهێنەر و بەکاربەر و باروبژێوی گرانی دروست بکات، کوردستانەکەمان بە گوندنشینەکانەوە ئاوەدان دەبێتەوە، سەردەمانێك بووە ئەم هەرێمە سەبەتەی خۆراکی هەموو پارێزگاکانی عێراق بووە، کەچی ئێستا چالاکان و ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندکار و مامۆستای ئایینی و پەروەردەکاری منداڵ و خێزان کۆمەڵگەیان بە ئاراستەی بەکارهێنانی بەرهەمی خۆماڵیدا نەبردووە، لەکاتێکدا بە دەیان گەنج و ئافرەتی کورد لەو کارگانەدا بە کەرەستەی خۆماڵی و بەرهەمی شیرەمەنیی خۆماڵی کار دەکەن، ناڕاستەوخۆ بە هەزارەها کەسی ئاژەڵدار لێی سوودمەند دەبن. ئەگەر شیر و پێستە و خوریی مەڕ سوودی هەبێت، هەمووی نابرێتە سەربڕخانە و لەناو ببرێت، بەڵکو بەخێو دەکرێت و ژمارەیان زیاد دەکەن، کارگەکان ئەگەر موڵکی کەس و ناوچەیەك و لایەنێکیش بێت، بە هەزارەها کەس ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سوودی لێ وەردەگرن. کارگەکانی دۆشاوی تەماتە و پەلەوەر و کارگەکانی شیرەمەنی هەلی کار بۆ ئەو هەموو گەنجەی کوردستان و گوندنشینەکان دابین دەکەن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاوڕێکی باشتر لە کەرتی ئاژەڵداری بدەنەوە.

*** باسی ئەوەت کرد کە هەنگاوەکان لە ڕووی ئاژەڵدارییەوە لاوازن، ئەگەر بەراورد بکرێت بەو هەنگاوانەی نراوە لە کەرتی کشتوکاڵیدا، پێشنیار و بۆچوونت وەکو شارەزایەکی کەرتی ئاژەڵی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟**

- لە هەرێمی کوردستان وێستگەمان نییە تاوەکو ئاژەڵی تێدا بەخێو بکەین و چاکی بکەین. پێویستە ئاژەڵی نێر (گا و بەران و سابرێن) نێری چاککراوی نایاب بدەین بە ئاژەڵداران، هەروەها لە ڕووی سیستمی تەندروستی و کوتان و دەرمان و لەناوبردنی نەخۆشی و ڤاکسینەوە بەپێی پێویست کار ناکرێت و وای لێهاتووە زۆر



لە گوندنشینەکان لە ترسی پەتا و ڤایرۆس و نەخۆشی و مرداربوونەوە خۆیان لە بەخێوکردنی ئاژەڵی گەورە بە دوور دەگرن، لە هەرێمی کوردستان ئالیکیش گرانە لە کاتێکدا ٦٠-٦٥٪ی خەرجی بەخێوکردنی ئاژەڵی گەورە ئالیکەکەیەتی (ئالیکی وشك و تەڕ)، زۆر سەیرە ئاوی شیرین لە کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەچێت، کەچی ئالیکی تەڕ بەتایبەتی (وێنجە) لەوێوە بە نرخێکی گران بۆمان دێت، کە یەك تەنی بە ٣٥٠ هەزار دینارە، تەنانەت زۆر جار خاوەن ئاژەڵەکان ئەم ئالیکەیان بە نرخێکی گونجاو دەست ناکەوێت، بەداخیشەوە لەبەر نەبوونی کارگەی خوری و پێستە زۆر جار خورییەکە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، پێستە لە هەرێمی کوردستانەوە بە کەمترین نرخ دەچێتە ئێران و لەوێوە بۆ وڵاتانی یونان و ئەوروپا و دواتر بە دە بەرانبەر بۆمان دێتەوە. دەبووایە لە سەربڕخانەکان لە پاشماوەی ئاژەڵەکان کارگەی پەین و سەرچاوەی پرۆتین بۆ ئالیکی ئاژەڵ پەیدا بکەین، یەکێك لە کێشەکانی بەردەم بووژانەوەی کەرتی ئاژەڵداری بەرزیی تێچوونی بەخێوکردنیەتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هاندان و هاوکاریکردنی وەبەرهێنەوە دەبێت هەنگاو بۆ بەدەستخستنی کەرەستەی خاوی ئالیکی خۆماڵی و کارگەی ڕستن و چنین و خۆشکردنی پێستە و قوتووبەند بنێت و، پاڵپشتیی بازاڕیشی بکات، تاوەکو ماوەیەك بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت. ئەگەر ئەم کارگەیانە پەرەی پێ بدرێت، دەکرێت بە ڕێژە و قەبارەیەکی باش بەرهەمەکانی گۆشت و مریشك و خوری و پێستە لە جووتیاران بکڕدرێتەوە و لەم کارگانەدا بە سەدان بەرهەمی لێ دروست بکرێت و بازاڕیان بۆ بدۆزرێتەوە، لەبری ئەوەی ببەینە بازاڕی ساغکردنەوەی سەدان قوتوبەندی تورکی و ئێرانی و سووری و وڵاتانی کەنداو. ئەوەندەی ڕاگەیەندنەکانیشمان ڕێکلام بۆ بەرهەم و کاڵای وڵاتانی بیانی دەکەن، با نیو ئەوەندە گرنگی بە بەرهەمی خۆماڵی بدەن، لەمانەش گرنگتر دەبێت هەماهەنگیی باش لە نێوان کەرتی بازرگانی و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پلاندانان و دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمدا هەبێت، بۆ دانان و پیادەکردنی پلانێکی هەمە چەشنی گشتگیری تۆکمە، بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتە گرنگە هەستیارەی ئابووریی کشتوکاڵی و ئاسایشی خۆراکی نەتەوەمان، ناکرێت ساردکەرەوەی ماڵەکانمان پڕ بێت لە بەرهەمی بیانی، کەچی بەرهەمی خۆماڵیی تێیدا نەبێت، ئەمە کارەساتە و ئەنفالێکی سپییە و دەبێت ئاوڕێك لە ئاسایشی خۆراك بدرێتەوە، لەمەش مەترسیدارتر کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانە بە ناوی فراوانبوون و گەورەبوونی شار و شارەوانییەکان لەسەر حیسابی زەوییە کشتوکاڵی و پاوانە سرووشتییە نایابەکان کە لەوەڕگای ئاژەڵدارانە.

**کارگەی زۆم بۆ شیرەمەنی لە ڕۆژێکدا ٨ – ١٠ تۆن شیری خۆماڵی وەردەگرێت**

**لەبەر نەبوونی کارگەی خوری و پێستە زۆر جار خورییەکە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، پێستە لە هەرێمی کوردستانەوە بە کەمترین نرخ دەچێتە ئێران و لەوێوە بۆ وڵاتانی یونان و ئەوروپا و دواتر بە دە بەرانبەر بۆمان دێتەوە**

## دکتۆر محەمەد موحسین وەلی توتە

کەسایەتیی ناسراوی کوردی فەیلی بۆ گولان:

# دامەزراندنی سەنتەری کوردی فەیلی و چاپکردنی کتێب و کۆکردنەوەی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بۆ تەوسیقکردنی جینۆسایدەکە پێویستن

**عێراق وڵاتێکی ناسراوە بە توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی پێکهاتەکان، بەتایبەتی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و جینۆساید دژی سەرجەم پێکهاتەکانی کورد لە قۆناغی جیاواز و بە شێواز و پاساوی جۆراوجۆر، کوردی فەیلی نموونەیەکی بەرچاوی ئەم دڕندەییەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقە، ئەوان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردن و لە دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە پەراوێز خراون و پێشێلکارییان دەرهەق دەکرێت، تاوەکو لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە دڕندەترین شێوە تووشی جینۆساید بوونەوە، بە زۆرەملێ خێزانەکانی کوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران کران، گەنجەکانیشیان خرانە زیندانەکانەوە و دواتر بێسەروشوێن کران. گۆڤاری گولان لە زنجیرە دیدارەکانیدا لەگەڵ کەسایەتییەکانی کوردی فەیلی، بۆ ئەم ژمارەیەش چەند پرسیاری ئاراستەی دکتۆر محەمەد موحسین وەلی توتە، مامۆستا و کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردی فەیلی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەو پێیەی بنەماڵە و خێزانەکەت قوربانیی زۆریان داوە و ژمارەیەکیشیان لێ شەهید بووە، با سەرەتای پرسیارەکەمان لەوەوە دەست پێبکەین، بۆچی هۆز و تیرەکانی کوردی فەیلی لە دیوی عێراقدا جینۆسایدیان دەرهەق ئەنجام دراوە؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت سەرەتا پێویستە کەمێك بگەڕێینە دواوە و لە ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆی ساڵی ١٩١٦ـەوە دەست پێ بکەین، ئەو دەمە وڵاتانی زلهێزی براوەی جەنگی دووەمی جیهانی، بەتایبەتی وڵاتانی (فەرەنسا و بەریتانیا و



دواتر ڕووسیاش) میرات و ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو زۆر شوێنی دیکە لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. پێش ئەم ڕێککەوتنە کوردستان بەسەر (دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی) دابەش کرابوو، لە دوای ئەم ڕێککەوتنە ئەم جارە کوردستانیان دابەشی چوار پارچەی کوردستانی باکوور (تورکیا) کوردستانی باشوور( عێراق) و کوردستانی ڕۆژئاوا (سووریا) و کوردستانی ڕۆژهەڵات وەکو خۆی لەسەر (ئێران) مایەوە. ئەم پارچەپارچەکردنە و تەنانەت ڕێککەوتنەکەش کە بە بێ گوێدانە خواستی گەلی کورد و پاراستنی مافەکانی جێبەجێ کرا، سەرەتای نەهامەتی و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی کوردان بوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، هۆکارێکیان زۆربەی ئەو نەتەوانەی لە دەورووبەری کوردستانن و گەلی کوردیان بەسەردا دابەش کرد، ویست و خواستی خۆسەپاندن و پاوانخوازی و سڕینەوەی ناسنامەی کوردیان هەبووە، ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ بەپیتی و دەوڵەمەندیی خاکی کوردان و بوونی سامانێکی زۆری سەر زەوی و ژێر زەوی، بۆیە ڕژێمەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەکەی سایکس پیکۆشیان نەگرت، کە دەبووایە ڕێز لە کەلتوور و ناسنامە و مافی کورد و تەواوی ئەو نەتەوانە بگیرێت کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان و دەوڵەتیان بۆ دانەمەزراوە.

ئەم پێشەکییە گرنگ بوو تاوەکو خوێنەر بزانێت، بۆچی پێکهاتەی کوردی فەیلی و تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی درندانە و کۆمەڵکوژی، بەمەش لەو سەردەمەدا کوردی فەیلی و سەرجەم کورد بەگشتی، دابەشی سەر دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی کران بە پاشکەوتەی ئێرانی و پاشکەوتەی

عوسمانی ناسران، هەر ئەم پاشکەوتەیە بوو کە بووە بیانوو و پاساوی ڕژێمی بەعس بۆ دەستپێکردنی جینۆسایدەکە و دوورخستنەوەی کوردی فەیلی بۆ ئێران. کوردی فەیلی لە ناوچەیەکی جوگرافیای فراوانی ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە لە هەردوو دیوی سنوورەکانی عێراق و ئێراندا لە دیوی ئێران لە پارێزگاکانی (کرماشان و ئیلام و لوڕستان) دەژین و لە دیوی عێراقدا جگە لە بەغدا کە زۆرینەیان دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو شارانەن، کە هەندێکی بریتییە لە (زڕباتییە، بەدرەو جەسان، خانەقین، کووت، مەندەلی، عەلی غەربی، شێخ سەعد، کونێت و چەندین ناوچەی دیکەی پارێزگای دیالە)، هەر خۆی لە خۆیدا لە ناو جەرگەی بەغدا و شارە گەورەکانی دیکەی عێراق جووەکان و کوردی فەیلی بناغەی مەدەنییەت و شارستانی بوون، لە شار و شارۆچکەکانی دیکەش بە هەمان شێوە بوون. بۆ نموونە لە شاری قاسم لە پارێزگای بابل دامەزرێنەری ئەو شارە جووەکان و کوردی فەیلی بوون، لە بەغدای کۆن سەرجەم گەڕەکەکانی کیفاح و کازمییە و عەلاوی هەمووی کوردی فەیلی تێدا بوو. بەردەوامیش کوردە فەیلییەکان دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی داگیرکردنی خاکەکەیان بوونەتەوە و تەرحیل و کۆچیان پێ کراوە و، زۆر لە خێزانە کوردە فەیلییەکان بە زۆرەملێ دوور خراونەتەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق و ئێران.

*** کەواتە ئالێرەوە مەینەتییەکانی کوردی فەیلی دەستی پێکردووە و ڕژێمی بەعس بە دڕندەترین شاڵاوی دوورخستنەوە و بە زۆر ڕاپێچکردنی خێزانەکانی کوردی فەیلی بۆ ئێران و دەستگیرکردن و لە سێدارەدانی دەست پێکرد، ئایا تا چەند ئەم جینۆسایدە زیان و شوێنەواری خراپی لەسەر کوردی فەیلی بەجێ هێشتووە؟**

- جووڵانەوەیەکی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی دژی کورد لە تەواویی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە لای ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەبووە، لەو سەردەمەشدا کە کوردی فەیلی لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییشەوە کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی بەعس و قەومییەکان، ئەم ڕق و کینە شەڕانگێزییە توندتر بووەوە، لە کۆتاییەکانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کوردی فەیلی لەبەر هزری نەتەوەییان پاڵپشتی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانییان کرد و بە خوێن و گیان و کۆمەك یارمەتی شۆڕشی ئەیلوولیان دا. لە بیرم دێت دایك و داپیرم و زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتانی کوردی فەیلی خشڵ و زێڕەکانی خۆیان دەفرۆشت بۆ کۆمەك و هاوکاریکردنی شۆڕشە گەورەکەی مەلا مستەفا بارزانی، کوردی فەیلی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوونێکی کاریگەریان هەبوو، تەنانەت حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی بوو. بەم شێوەیە کوردی فەیلی لە ناو هەموو کایەکانی سەربازی و مەدەنیدا هەبوون و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان لە لایەن کوردی فەیلییەوە بەڕێوە دەبران. کوردی فەیلی لەم پێناوەدا هەروەکو چۆن شەهید و قوربانیی زۆریان دا، بە هەمان شێوەش ڕق و کینەیەکی کوێرانە و دڕەندانەیان ڕووبەڕوو بووەوە لەلایەن ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکانی عێراقەوە، دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم و هاتنە سەر حوکمی بەعسییەکان کوشتن و دوورخستنەوەی کوردە فەیلییەکانیان دەستی پێکرد، بەو پێیەی کوردی فەیلی خاوەن کەسایەتییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوون بۆ قەزییە نەتەوەییەکەیان و، خۆڕاگریش بوون لە بەردەم فشارەکانی ڕژێمدا، بۆیە دوای تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە و تاوانبارکردنی کوردی فەیلی ئەو پاساوە بوو کە دەستی کرد بە دوورخستنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە پاشکەوتەیی ئێرانی بوون، ئەوان لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەشێکی زۆریان بە پاشکەوتەیی ئێرانی ناوی خۆیان نووسیبوو تا عوسمانییەکان گەنجەکانیان پەلکێشی سوپا نەکەن و لە شەڕەکانی بەڵقاندا بێسەروشوێن نەبن. ئەو سەردەمە عوسمانییەکان هەر گەنجێکیان بردبێت بۆ خزمەتی سەربازی نەگەڕابووەوە، ڕژێمی بەعسیش ئەمەی کردە بیانوو و تاوانەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر لە ساڵی ١٩٧٠ کە دەستپێشخەر بوو، دواتر بە هۆی شەڕی ڕژێم لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی، ئەم کۆمەڵکوژییەی

**لە بیرم دێت دایک و داپیرم و زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتەکانی کوردی فەیلی خشڵ و زێڕەکانی خۆیان دەفرۆشت بۆ کۆمەک و هاوکاریکردنی شۆڕشە گەورەکەی مەلا مستەفا بارزانی**

**دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم و هاتنە سەر حوکمی بەعسییەکان کوشتن و دوورخستنەوەی کوردی فەیلی دەستی پێکرد**

**جینۆسایدەکە لە بەرچاو و بە بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتەکانی ڕۆژئاوا ڕوویان دا، کە ئەوان پاڵپشتیی سەدامیان دەکرد لە شەڕی دژی ئێران**

**دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و لەسێدارەدانی تاوانباران بەپێی پێویست، نە حکومەتی عێراق و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆیان بە جینۆسایدی کوردی فەیلی نەداوە**

كـوردی فەیلـی ڕاوەسـتابوو، چونكـە مـەلا مستەفا بارزانـی پەیوەندییەكی بەهێزی لەگـەڵ كـوردی فەیلـی هەبـوو، ئەوانیـش مـەلا مستەفا بارزانییـان خـۆش دەویسـت و ڕژێمـی ئـەو سەردەمە نەیدەوێرا لەبەر شۆڕشی ئەیلوول زیاتر ئـازاری كـوردەكان بـدات. بـەم شێوەیە تاوانی دژ مرۆڤایەتـی كـە بەرانبـەر كـوردی فەیلـی ئەنجام دراوە و شـوێنەواری خراپـی سیاسـی و ئابـووری و كۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری و كەلتـووری لـێ كەوتـەوە و تاكـو ئەمـڕۆش بەردەوامـە .

*** زۆر باس لە زیندانیكردن و بێسەروشوێنكردنی گەنجەكانی كوردی فەیلی دەكرێت، ئایا بۆچی زانیاری و دیكۆمێنت لەسەر ئەم ڕەشبگیری و جینۆسایدە كەمە؟**

- جینۆسـایدی دژ بـە كـوردی فەیلـی لـە مـاوەی زیاتـر لـە ٤٠ سـاڵدا قۆنـاغ بـە قۆنـاغ ڕووی داوە، ئەمـە وێڕای ئەوەی لـەو سـەردەمەدا هۆكارەكانـی پەیوەندیكـردن و ڕاگەیانـدن لـە ئاسـت پێشـكەوتنەكانی ئێسـتادا نەبـووە، نابێـت ئـەوەش لەبیـر بكەیـن، جینۆسـایدەكە لـە بەرچـاو و بـە بێدەنگیـی كۆمەڵـگـەی نێودەوڵەتـی و حكومەتەكانـی ڕۆژئـاوا ڕوویـان دا، كـە ئـەوان پاڵپشـتیی سـەدامیان دەكرد لە شـەڕی دژی ئێران، لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس و لەسێدارەدانی تاوانبـاران بەپێـی پێویسـت، نـە حكومەتـی عێـراق و نـە حكومەتـی هەرێمـی كوردستان گرنگییەكی ئەوتۆیـان بـە جینۆسـایدی كـوردی فەیلـی نـەداوە، هەرچۆنێـك بێـت لـەو جینۆسـایدەدا گەنجـەكان لـە تەمەنـی ١٧-٣٥ سـاڵ بـە ڕەشـبگیری دەسـتگیر دەكـران و ڕاپێـچـی زیندانـەكان دەكـران و دوای ماوەیـەك ژمارەیەكیـان بێسەروشـوێن دەكـران و لەگـەڵ بارزانییەكانـدا تاقیكردنـەوەی كیمیاییـان لەسـەر دەكـرا و زۆربەشـیان لەسـێدارە دران. زۆر لـە خێزانـە كـوردی فەیلـی ڕوفاتـی گەنجەكانیان دەسـت نەكەوتـەوە و بـە جـددی بـۆی نەگـەڕان لـە بیابانەكانـدا كـە ڕووبەرێكـی زۆر فراوانـە، زۆر وێنـە و بەڵگەنامـەی گەنجـەكان لـە نـاو زیندانەكانـدا هەیـە، بـەڵام دوای ماوەیـەك قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بـۆ زیندانـە نهێنییـەكان دەگوازرانـەوە و لەوێشـەوە بێسەروشـوێن دەكـران.

*** لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ هەرچەنـدە دادگای تاوانەكانـی عێـراق و پەرلەمـان و حكومەتـی عێراق دادنیـان بـە جینۆسـایدەكەدا نـا، كـە تاوانی دژ بـە مرۆڤایەتییـە، ئـەی بۆچـی كـوردی فەیلـی تـەواوی مافەكانیـان بـۆ نەگەڕایـەوە و مەینەتییەكانیـان بەردەوامیـی هەیـە؟**

- نەگەڕانـەوەی مافـی كـوردی فەیلـی و قەرەبوونەكردنەوەیان بـۆ كوردبوونیان دەگەڕێتەوە، زۆر لـەو هێـز و لایەنـە سیاسـییانەی لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس كـە باڵادەسـت بـوون، هەمـان بیروبۆچوونی شـۆڤێنییانە و دژ بە كوردیان هەیـە، لـە لایەكی دیكەوە بەهـۆی ناسەقامگیریی بارودۆخـی عێراقـەوە خێزانەكانـی كـوردی فەیلـی نـاو كەمپەكانـی ئێـران زۆربەیـان نەگەڕانـەوە و هەندێكیشیان ڕوویـان لـە هەندەران كـرد، ئێستاشی لەگەڵـدا بێـت دادگاكانـی یەكلاكردنـەوەی ناكۆكییەكانـی موڵكـداری، دادگایەكـی تاقـەت پڕوكێنـن و ماوەیەكـی زۆری دەوێـت تاوەكـو قەرەبـووی قوربانییەكـە دەكاتـەوە، گرفتێكـی دیكـەش لەوەدایـە كاتێك كـوردی فەیلی ڕاپێچی ئێـران كـران، بەڵگەنامەكانیـان لـێ سـەندرابووەوە، لێرەش لـە فەرمانگەكانی ڕەگەزنامە تۆمارەكانیان دڕانـدوون و لەنـاو بـراون، هـەر لـەو سـەردەمەدا خەڵكـی لـە ترسـی دەسـتگیركردن و كوشـتن، زۆر نـاو و ناونیشـانیان بـە هەڵـە دەنووسـی، لێرەش لـە هەرێمـی كوردسـتان وەكـو پێویسـت گرنگـی بـەم كەیسـە نـەدرا .

*** ئەگـەر لەسـەر ئـەم خاڵـە بووەسـتین، ئایـا پێشـنیارتان چییـە تاوەكـو جینۆسـایدی كـوردی فەیلـی بـە كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بناسـێنرێت؟**

- پێویسـتە كەسـایەتییەكانی كـوردی فەیلـی لـە دەرەوەی وڵات لەلایـەن حكومەتـی هەرێمـی كوردستانەوە پاڵپشتی بكرێن، تاوەكو جینۆسایدی كوردی فەیلی بگەیەنینـە نەتەوە یەكگرتووەكان و گەلانـی پێشـكەوتووخوازی جیهـان، لـە نێوخۆشـدا هـۆزە كـوردە فەیلییـەكان كۆبكرێنـەوە و بەهێـزەوە لـە نـاو پەرلەمـان و حكومەتـی عێراقـدا دەربكـەون، گرنگیدانـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان لـە نێوخـۆی كوردستانیشـدا لاوازە چ لـە ڕووی دامەزراندنـی ئـەو سـەنتەرەی بەڕێـز مەسـعود بارزانـی داوای كـرد، یـان لـە ڕووی چاپكردنـی كتێبـی مێژوویی و كۆكردنـەوەی بەڵگەنامەكانەوە.

**زۆر وێنە و بەڵگەنامەی گەنجەكان لە ناو زیندانەكاندا هەیە، بەڵام دوای ماوەیەك قۆناغ بە قۆناغ بۆ زیندانە نهێنییەكان دەگوازرانەوە و لەوێشەوە بێسەروشوێن دەكران**

**زۆر لەو هێز و لایەنە سیاسییانەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس كە باڵادەست بوون، هەمان بیروبۆچوونی شۆڤێنییانە و دژ بە كوردیان هەیە**

**دادگاكانی یەكلاكردنەوەی ناكۆكییەكانی موڵكداری، دادگایەكی تاقەت پڕوكێنن و ماوەیەكی زۆری دەوێت تاوەكو قەرەبووی قوربانییەكە دەكاتەوە**

**كاتێك كوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران كران، بەڵگەنامەكانیان لێ سەندرابووەوە، لێرەش لە فەرمانگەكانی ڕەگەزنامە تۆمارەكانیان دڕاندوون و لەناو براون**



**پرۆفیسۆرێ یاریدەدەر دکتۆر حەمید باقی**

**بسپۆڕ و شارەزا ل دیروکا ئیسلامی بو گولان:**

# دڤیا کادر و ئەندامێن پارتێن ئیسلامیش چووبانە د سەنگەرێن شەری دا و بەرەڤانی ژ کوردستانێ و مللەتی کربا

**د. حەمید باقی پروفیسورێ هاریکار ماموستا ل سالێن (١٩٧٨-١٩٨٢) کولیژا شەریعەتی ل زانکویا بەغدا خواندیە وخلاسکریە و بەکالوریوس ب (شەریعەتی) وەرگرتیە، ل سالێن (١٩٨٣-١٩٨٥) هاتە وەرگرتن ل خواندنا بلند ل پشکا ئایینی/ کولیژا شەریعەتی/ زانکویا بەغدا و خواندیە وباوەرناما ماجستێری وەرگرتیە ب ناما خوە (تدوین الكتب المقدسة: التوراة، الإنجيل، القرآن)- ڤەکولینەکا هەڤبەرکری، چەند ڤەکولین وبابەتێن ئایینی ودیروکی نڤێسینە و هندەک بەلاڤەکرینە، لەوما گوڤارا گولان بفەرزانی هەڤدیتنەکێ دگەل بکەن دەربارەی چەند پرسێت گرێدایی ب لایەنێ نەتەوەیی و ئایینیڤە .**

## ٢-٢

*** حزبێن ئیسلامی پرۆسەیەکێ برێڤە دبەن کودڤێت ژنوی جڤاکا کوردستانێ بکەنە ئیسلام کو میللەتێ مە موسلمان نەبیت و وان بڤێت موسلمان بکەن، دێ بیت ئیسلامەتی تەنێ ئەو بێت کو حزبێت ئیسلامی د دەنە نیاسین؟**

- ب دیتنا من ئێک ژ وان شاشی وخەلەتیێن حزبێن ئیسلامی کەفتینە تێدا ئەوە کو هندەک ژ وانا وەسا هزر دکەن کە راستی و دروستی هەمی یا ل دەف وان وییێن دی د خەلەتن، لەوما جڤاک باوەرییا خوە پێ نا ئینیت و ژێڤە دجنقیت و دگەلدا نە یێ هەڤرایە، چونکو راستی یا ل دەف کوما جڤاکێ، هەر گروپەکی هندەک راستی یێن ل دەف هەین و چێدبیت هندەک خرابی ژی ل دەف هەبن، لەوما پێدڤییە رێز ل بیر وهزرێن جڤاکی ب گشتی بهێتە گرتن، و بەردەوام کار بهێتە کرن ب رێکا دەزگەهێن ئایینی یێن بسپور وشارەزا بو ڤەدیتنا فەتوا و چارەسەرییێن گونجای و سەردەمیانە بو وان کێشە و ئارێشین پەیدا دبن د ناڤ جڤاکێ مە دا ل دویف شەریعەتێ خودێ و پێغەمبەری (ﷺ) کە قورئانا پیروز وسالوخەت ورەفتار و کریار وئاخفتنێن پێغەمبەرێ خودێ نە (ﷺ)، زێدەباری ل بەرچاڤ وەرگرتنا: رێکەفتنا زانایێن موسلمانان، و وەکهەڤیا بابەت و رویدانان، و بەرژەوەندییێن رەوا، وشەریعەتێ پێغەمبەرێن دی. و ژبەر چەندا بوری هەمیێ نابیت حزبەکا ئیسلامی یا سیاسی خوە ب خودانێ ئایینی و شروڤەکرنا وی بزانیت، بەلکو موسلمان هەمی (یێن شارەزا و بسپور) د مافدارن بو دیارکرنا دیتنا ئایینی یا راست و دورست ل دویف مەرج وشیانێن خوە یێن زانستی و بسپوریێ و شارەزایێ.

*** بەحسێ بەرهەمئینانا توندوتیژیێ و تیرۆری د هێتە کرن ل فیکرا ئیخوان موسلمین و ئیسلاما ئوسولی، هەتا تێتە گوتن ئێکەم رێکخراوا تیرۆریستی لسەر دەستێ سەید قوتب ب ناڤێ «تەنزیما سری» هاتیە دامەزراندن، ئایا چاندنی توڤێ توندوتیژی و ئیرهابێ ل جڤاکێ، هەتاچەند جڤاکێ بەرەف ناسەقامگیریێ و وێران کرنێ دبەت؟**

- تشتەکێ زور دیار و ئاشکرایە کە ئایینێ پیروزێ ئیسلامێ بگشتی ئایینەکێ هێمن ورحەتە حەز ژ نەرماتییێ وناڤنجییێ دکەت و ب دەهان ئایەتێن قورئانا پیروز وحەدیسێن پێغەمبەری (ﷺ) لسەر ڤێ مەبەستێ هەنە مینا: ﴿فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ﴾ طه: ٤٤، و﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ﴾ آل عمران: ١٥٩، و﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ۚ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ البقرة: ٢٥٦، ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ يونس : ٩٩، و ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ النساء: ١٦٥، و﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ۚ وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ ۚ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا﴾ الكهف: ٢٩،

**پێدڤییە رێز ل بیر وهزرێن جڤاکی ب گشتی بهێتە گرتن، و بەردەوام کار بهێتە کرن ب رێکا دەزگەهێن ئایینی یێن بسپور وشارەزا بو ڤەدیتنا فەتوا و چارەسەرییێن گونجای و سەردەمیانە بو وان کێشە و ئارێشین پەیدا دبن**

و﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ البقرة: ١٤٢. هەروەسا د گوتنێن پێغەمبەری دا (ﷺ) هاتیە: (إنَّ اللهَ تعالى يُحبُّ الرِّفقَ في الأمرِ كلِّه) أخرجه البخارى ومسلم، و(إِنَّ اللَّهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفقَ، وَيُعْطِي على الرِّفق ما لا يُعطي عَلى العُنفِ، وَما لا يُعْطي عَلى مَا سِوَاهُ) رواه مسلم، و(إنَّ الرِّفقَ لا يَكُونُ في شيءٍ إلَّا زَانَهُ، وَلا يُنْزَعُ مِنْ شَيءٍ إلَّا شَانَهُ) روا مسلم، و(يَسِّرُوا وَلا تُعَسِّروا، وَبَشِّروا وَلَا تُنَفِّرُوا) متفق عليه، و(لا يحِلُّ لمسلم أن يُروِّعَ مسلمًا) رواه أبو داود وصححه الألبانى، و(لَا يُشِيرُ أَحَدُكُمْ عَلَى أَخِيهِ بالسِّلاحِ؛ فإنَّه لا يَدْرِي لَعَلَّ الشَّيْطانَ يَنْزِعُ في يَدِهِ، فَيَقَعُ في حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ) متفق عليه... چونکو چ خێر ومفا د توندوتیژییێ دا نینە، بەلکو توندوتیژی ژ هەر تشتەکێ دی پتر زیانێ د گەهینیتە ئایینی وبانگخوازییێ، چونکو چ بیر و هزر ناهێنە گهوڕین ب توندوتیژییێ و ب هێزێ و ب خورتییێ و ب دژوارییێ و ب چەکی و ب کوشتنێ، لەوما ژی مەزنێن کوردا گوتیە: هەر تشتەکێ نێر و بهێز و دژوار د شێتە یێ مێ و هێمن ژ بلی (پەیڤێ و ئاخفتنێ) کە پەیڤا نەرم و رحەت و هێدی د شێتە یا بلند و ڕەق و دژوار. و جهێ دلئێشاندنێ ودلگرانیێ یە کە هندەک گروپ رادبن ب ناڤێ (ئیسلاما پیروز/ ئایینێ ئاشتییێ) ب رفتار وب گوتن و ب کار وکریارێن توندوتیژ (مینا: بکارئینانا چەکی، لێدانێ، سوتنێ،کوشتنێ، پەقاندنێ،برنا مال ومولک وناموسا خەلکی، وبێ رێزیکرنێ ب ئایین و مەزهەب وبیر وهزرێن خەلکەکێ دی وخورتی و زولملێکرنێ) کە ئەڤ چەندە زیانەکا مەزن د گەهینیتە ئایینی و بانگخوازییا ئیسلامەتیێ و ئەو هێجەتێن بو خوە د ئینن ژ قورئانێ و حەدیسا و دیروکێ شروڤێن جودا جودا بو هەنە، و هندەک هەلویست و رویدانێن دەستنیشانکرینە د هندەک دەلیڤێن تایبەت دا و قەت دەربڕینێ ژ روح و ناڤەروکا ئایینێ ئیسلامێ ناکەن. لەوما هەر توندوتیژییەکا گروپ و حیزبەکا ئیسلامی بکاربینیت لهەر جهەکێ د بێتە ئەگەرێ تێکدانا ئێمناهیێ و سەقامگیریێ و پەیدابوونا دووبەرەکیێ و خرابیێ و شەڕی وکوشتنێ و ئەڤ چەندە ژی دبیتە ئەگەرێ زیانەکا هەرە مەزن ژ بو وەلاتی ومللەتی، و گونەهبارییەکا ئێکجار مەزنە ل دەف خودێ ژی، چونکو خودایێ مەزن و دلوڤان د بێژیت : ﴿ ادْعُ إِلِىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ۖ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ النحل: ١٢٥.

*** خالەکا دی یا پڕ مەترسی ل فیکرا ئیسلاما سیاسی مەسەلا دووبارە تەفسیرکرنا «فەتوا» دانیە، ل ئیسلامێ، پێتڤیە حکومەت یان ئەمیر ئەلموئمنین فەتوایێ بدەت، لێ ئیسلاما سیاسی دبێژیت هەر کەسەك دشێت فەتوایێ بدەت و خەلکی بکوژیت، ئەڤە بێ بها کرنا فەتوایێ و چێکرنا ئاریشا نییە د جڤاکێدا؟**

- دەربارا (فەتوایی) ئەز د بێژم: ئەڤ بابەتە زور یێ گرنگە، چەندین مەرج ورێنما و پیڤەرێن خوە یێن هەین، چونکو (فەتوا) د بیتە دیارکرنا (حوکمێ خودێ) دەربارەی تشتەکێ دیارکری و بابەتەکێ دەستنیشانکری، لەوما تەنها زانایێن شارەزا و بسپور و ژ خودێ ترس ودلسوز و پاقژ و دلسافی و بێلایەن (فەتوایێ) د دەن شوینا پێغەمبەران (س.خ) چونکو یا د گوتنەکا پێغەمبەرێ مە دا (ﷺ) هاتی : (إن العلماء ورثة الأنبياء، وإن الأنبياء لم يورثوا ديناراً ولا درهماً إنما ورثوا العلم فمن أخذه أخذ بحظ وافر). رواه الترمذي وغيره وصححه الألباني.. ڤێجا زانایێن هووسا تێگەهشتی وئاست بلند هەکە خەلەت ژی ببن هەر دێ خێرەک گەهیتێ هەر وەکی د گوتنەکا پێغەمبەری دا (ﷺ) هاتی: (إذا حكم الحاكم فاجتهدَ ثمّ أصاب، فله أجران، وإذا حكم فاجتهد، ثمّ أخطأ، فله أجر) أخرجه البخارى. وهندیکە (فەتوایە) د هیتە گهوڕین ژ جهەکی بو جهەکێ دی، وژ زەمانەکی بو زەمانەکێ دی، وژ رەوشەکێ بو ئێکا دی وژ هندەک مروڤان بو هندەکێن دی... چونکو ژێدەرێن (فەتوایێ) ژێک جودانە مینا: داب ونەریتێن مفادار وچاک، و ئاخفتنا صەحابییان، و بەرژەوەندیا ڕەوا، دایێخستنا دەرگەهێن خرابیێ...، ب مەرجەکی (ئەڤ ژێدەرە) دژی قورئانێ وحەدیسێ نەبن ... بەلێ ئەو حوکمێن گرێدایی دەقێن قورئانێ و حەدیسێ بن ئەوێن ئاشکرا ئەو ناهێنە گهوڕین چ زمانان ول چ جهان

چ خێر ومفا د توندوتیژیێ دا نینە، بەلکو توندوتیژی ژ هەر تشتەکێ دی پتر زیانێ د گەهینیتە ئایینی وبانگخوازیێ، چونکو چ بیر و هزر ناهێنە گهوڕین ب توندوتیژیێ و ب هێزێ و ب خورتیێ و ب دژواریێ و ب چەکی و ب کوشتنێ


هەر توندوتیژییەکا گروپ و حیزبەکا ئیسلامی بکاربینیت لهەر جهەکێ د بێتە ئەگەرێ تێکدانا ئێمناهیێ و سەقامگیریێ و پەیدابوونا دووبەرەکیێ و خرابیێ و شەڕی وکوشتنێ و ئەڤ چەندە ژی دبیتە ئەگەرێ زیانەکا هەرە مەزن ژ بو وەلاتی

هندیکە (فەتوایە) د هیتە گهوڕین ژ جهەکی بو جهەکێ دی، وژ زەمانەکی بو زەمانەکێ دی، وژ رەوشەکێ بو ئێکا دی وژ هندەک مروڤان بو هندەکێن دی... چونکو ژێدەرێن (فەتوایێ) ژێک جودانە مینا: داب ونەریتێن مفادار وچاک، و ئاخفتنا صەحابییان، و بەرژەوەندیا ڕەوا

مینا: فەرزا کرنا نڤێژێ، و گرتنا ڕۆژیێ و دانا زەکاتێ، و بەلاڤەکرنا میراتی، وگونەها زناییێ وکوشتنێ وقوماریێ و ڤەخوارنا عەرەقێ ...

بێگومان د زەمانێ مە دا زور تشتێن نووی د هەمی بوارێن ژیانێ دا پێن دەرکەفتین وبەرێ نە بوون و نوکە پێدڤی ب (فەتوا)یێ نە، ود نوکە دا گەلەک ئامیرێن ڕاگەهاندنێ و کەنالێن پەیوەندییان پێن پەیدا بووین ودەرکەفتن کە ئەڤ چەندە بو مە دیار دکەت ئەم گەلەک پێدڤی ب بنکە وسەنتەر ودەزگەهێن بسپور وشارەزا و(کومەلێن زانایێن ئایینی) نە، دا ب دروستایی دیڤچوونا تشتێن نووی پەیدا بووین بکەن و ڤەکولینان لسەر بکەن ودیتنا شەریعەتی (حوکمێ خودێ) لسەر بدەن ونابیت موفتییان بن ئەوێن د گوتنەکا پێغەمبەری دا (ﷺ) هاتین: (الْقُضَاةُ ثَلَاثَةٌ: اثْنَانِ فِي النَّارِ، وَوَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ: رَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ، فَهُوَ فِي الْجَنَّةِ، وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَلَمْ يَقْضِ بِهِ، وَجَارَ فِي الْحُكْمِ، فَهُوَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ لَمْ يَعْرِفِ الْحَقَّ، فَقَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ، فَهُوَ فِي النَّارِ) رَوَاهُ الْأَرْبَعَةُ، وَصَحَّحَهُ الْحَاكِمُ.

ل دویماهیکێ دێ بێژم: هیڤییە زانا ومەلا و موفتی ل وەلاتێ مە د بێلایەن بن، دا ڕێکا خودێ ب دروستایی بو جڤاکی دیار بکەن ودا (سیاسەت) کارتێکرنێ لسەر کار وگوتن ورفتار وکریار و فەتوایێن وان نە کەت، بەلکو پێدڤییە هەڤسەنگیەکا جوان د ناڤبەرا ئایینی و وەلاتپارێزیێ دا بکەن، حەز ژ وەلات ومللەتێ خوە ژی بکەن بو مرنێ



بهێلنە ب هیڤیا تاکە زانایان ڤە، چونکو (موفتی) دڤێت یێ شارەزا وبسپور بیت د وان هەمی بواران دا، نەخاسمە هندە بابەتێن پێدڤی ب فەتوایێ گەلەک د ئالوز وب کێشە وئارێشەنە وزور ریهـ وتا ژێ دچن لەوما پێدڤی ب هشیاربوونەکا مەزن و فەتوایەکا بکومن (الفتوى الجماعية)، ڤێجا ئەو زانایێن گرێدایی گروپەکێ سیاسی بن ب دیتنا من بکێر (فەتوادانێ) ناهێن، چونکو دێ تاگیریێ کەن بو دیتن وبوچوون وفەلسەفا حیزبا خوە ویا راست ودورست دیار نا کەن ونابێژن، و باوەرییا جەماوەرێ موسلمانان وجڤاکی ژی ب ڤان زانا وکەسێن وەسا زور یا لاواز وزەعیفە یان هەما نینە، نە دویرە ئەڤ موفتییە ژ وان هەردوو و شەهید بوونێ وجانگوریکرنێ، دا باشترین سەرکەفتنێ بدەستخوە ڤە بینیت، چونکو جڤاکێ کوردستانێ پێدڤی ب هەردوو پێگەهـ وبابەتا هەیە... بابەتێ ئایینی و روحێ ژ بو هێمنکرنا دەرونی و سەرفەرازییا دونیایێ و ئاخرەتێ، و بابەتێ نیشتیمانپەروەریێ و مللەتینیێ دا ب بەختەوەری و ب خوشی لسەر ئاخا وەلاتێ خوە وب ئازادانە بژیت وخودایێ خوە ژ خوە رازی بکەت و بشێت بەرڤانیێ ژ مولک ومال و نامویس وئایینێ خوە بکەت، و دگەل هەمی تەخ و چینێن جڤاکی ژ هەمی ئول و مەزهەب و پێکهاتان ب ئێکگرتن ل کوردستانێ بژین ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا...﴾ آل عمران: ١٠٣.

**ئەو زانایێن گرێدایی گروپەکێ سیاسی بن ب دیتنا من بکێر (فەتوادانێ) ناهێن، چونکو دێ تاگیریێ کەن بو دیتن وبوچوون وفەلسەفا حیزبا خوە ویا راست ودورست دیار نا کەن ونابێژن**

**هیڤییە زانا ومەلا و موفتی ل وەلاتێ مە د بێلایەن بن، دا ڕێکا خودێ ب دروستایی بو جڤاکی دیار بکەن ودا (سیاسەت) کارتێکرنێ لسەر کار وگوتن ورفتار وکریار و فەتوایێن وان نە کەت**



پەکەکە دژی هەر لایەنێکە
کە هەڵگری بیری نەتەوەیی و
سەربەخۆیی کوردستان بێت

**ماهیر محەمەد**

**ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:**

# پەکەکە بەپێی ویست و داخوازیی داگیرکەران و دوژمنانی کورد دەجووڵێتەوە

**کێشە و گرفتی پەکەکە هەر لەوەدا نییە کە قەندیل و چەند ناوچەیەکیان لە هەرێمی کوردستان داگیر کردووە و ڕێگرن لەوەی خەڵکەکەی بچنەوە سەر زێدی باوك و باپیرانی خۆیان، بەڵکو لە ئێستادا دژی هەموو لایەنێکی سیاسی و کەسایەتییەکن کە هەڵگری بیری نەتەوەیی بێت. ئەوان بەپێی ویست و داخوازیی نەیاران و دوژمنانی کورد هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوەتا زیاتر لە دوو ساڵە بە شێوەی گرووپ گرووپ بەتایبەتی لە دەڤەری ڕانیە و سلێمانی و گەرمیان دەردەکەون و کاری تێکدەرانە و دوور لە بیر و هەستی نەتەوەیی ئەنجام دەدەن. بۆ زیاتر تاوتوێکردنی ئەو پرسانە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەندامی پێشووی پەکەکە ماهیر محەمەد سازدا.**

*** چەکدارانی پەکەکە بۆچی پەلاماری هەرێمی کوردستانیان داوە، بۆ ناچن لە چیا و گۆڕەپانی باکووری کوردستان خەبات بکەن؟ خۆت شارەزایی زۆرت لە سەریان هەیە، ئایا ئەمە کوردایەتی و بیری نەتەوەییە، یان دژایەتیی گەلی کوردستان دەکەن؟**

- وەکو مێژوو بۆمانی تۆمار کردووە، هەموو سەردەم و کاتێك پاش پارچە پارچەکردنی کوردستان و داگیرکردنی هەر پارچەیەك لەلایەن وڵات و نەتەوەیەکی دیکەوە، وەکو ڕژێمەکانی عەرەب و تورك و فارس، هەر پارت و لایەن و حزبێکی نەتەوەیی و کوردستانی لەهەر پارچەیەکی کوردستان دروست بووە، بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی ئەو بەشە شۆڕشی ڕزگاریخوازی خۆی کردووە، هەر وەك مێژووش سەلماندوویەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمەی لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی دەستی بە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی بۆ کوردستان کردووە تا ساڵی ١٩٩١ و ئێستاکەش بە سەرۆکایەتیی جەنابی مسعود بارزانی لە باشووری کوردستان هەوڵ درا، سیستەمی دیموکراتی و ئازادیی تەواو دروست بێت. بەرهەمی خەبات و شۆڕشی ئەم پارچەیەی کوردستان، لەدایکبوونی پەرلەمان و حکومەت و دەزگا تەشریعییەکان و دامەزراوە ئیداری و ئابوورییەکەیەتی، خۆ پێش ساڵی ١٩٩١ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەم بەشەی باشووری کوردستان کاتێك پەنایان بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان بردووە، هەرگیز نەبووەنەتە هۆکاری کێشە و سەرئێشە بۆ کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە پێچەوانەی پەکەکەوە لەو ڕۆژەی هاتوونەتە باشوری کوردستان بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دوایی بوونەتە هۆکاری کێشە و گرفت و نانەوەی پشێوی و هێرشی چەکداری، پەکەکە لەبری ئەوەی لە باکووری کوردستان کار بکەن، هاتوونە چیای قەندیل و چەند شوێنێکیان لە باشوری کوردستان داگیر کردووە، بەم هۆیەوە سوپا و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیایان پەلکێش کردووە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، هەر بەم هۆیەوە بە بۆنەی تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی ئەو سنوورەی باشووری کوردستان چۆڵیان کردووە. خۆ ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، دەبینین پەکەکە بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر، پڕۆپاگەندەی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕزگاری و سەربەخۆی کوردستانیان دەکرد، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کورت واتە کەمتر لە ساڵێك ئەوە پەکەکە

**پەکەکە لەبری ئەوەی لە باکووری کوردستان کار بکەن، هاتوونە چیای قەندیل و چەند شوێنێکیان لە باشوری کوردستان داگیر کردووە**

**ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە چەکدارانی خۆیان زیاتر بە گرووپ گرووپ لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین و چەمچەماڵ بڵاوە پێ کردووە**

**گرووپ و جۆرە چەکدارێکن بۆ دوژمنایەتی کوردستان بە پشتگیری وڵاتانی هەرێمایەتی و داگیرکەرانی کوردستان دروست کراون**

**پاش ئەوەی بۆمان ئاشکرا بوو، کە پەکەکە ئەوە نییە کە کورد پشتی پێ ببەستێت، بۆیە هاتینە ژێر ئاڵای شەکاوە و بەرز و هەرێمی خاوەن یاسا و پڕ لە ئازادی کە هەرێمی کوردستانە**

**ئەو بارودۆخە نەخوازراو و ناسەقامگیرییەی لە شنگال هەیە، بۆ چەکدارانی پەکەکە دەگەڕێتەوە**

**چەکدارانی پەکەکە لەژێر ڕکێفی ئێران و حەشدی شەعبیدان و هەر لەوانیش هاوکاری و خەرجی و پارە وەردەگرن**

هیچ پەیوەندییەکیان بە نەتەوە و نیشتمان و خاکی کوردستان نەما، بەڵکو گرووپ و جۆرە چەکدارێکن بۆ دوژمنایەتی کوردستان بە پشتگیری وڵاتانی هەرێمایەتی و داگیرکەرانی کوردستان دروست کراون. هاوکات ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە چەکدارانی خۆیان زیاتر بە گرووپ گرووپ لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین و چەمچەماڵ بڵاوە پێ کردووە و هەر گرووپێك سەر بە سەرکردەیەکی سەرلێشێوای پەکەکەن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و سەرکردەکانیان بەتایبەتی بۆ دەستکەوتنی پارە دەجووڵێنەوە و بوونەتە هۆکاری سەرئێشە و تێکدانی بارودۆخی سەقامگیری هەرێمی کوردستان.

*** جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر هەوڵی دا و هەنگاوی باشیشی نا بۆ ئەوەی بە ڕێگەی ئاشتی کیشەی کورد لە باکووری کوردستان چارەسەر بکات، کەچی پەکەکە ئەو پڕۆسە مۆدێرن و سەردەمییانەی لەناو برد. چۆن لەگەڵ پەکەکە مامەڵە بکرێت، کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- ئێمە ئەندامانی پێشووی پەکەکە کە لەسەر بیری نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ ڕزگاریی کوردستان شەرەفی ئەوەمان پێ بڕا، بە خوێنی خۆمان بەرگری لە کوردستان بکەین، بەڵام پاش ئەوەی بۆمان ئاشکرا بوو، کە پەکەکە ئەوە نییە کە کورد پشتی پێ ببەستێت، بۆیە هاتینە ژێر ئاڵای شەکاوە و بەرز و هەرێمی خاوەن یاسا و پڕ لە ئازادی کە هەرێمی کوردستانە. بەداخەوە لەلای پەکەکە لە پەیڕەو و پڕۆگرام و بەرنامەکەیاندا وشەی ئاشتی بوونی نییە، لەو کاتەی جەنابی سەرۆك بارزانی هەوڵی دا، پڕۆسەی ئاشتیی لە نێوان پەکەکە و تورکیا بگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە کورد و باکووری کوردستان بچێتە قۆناغێکی ئاشتی و دوور لە شەڕ و لەناوچوونی خەڵکی سڤیل و مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، بەڵام پەکەکە لەپێناو لەباربردنی ئەم دەستکەوتە دژی وەستانەوە و پڕۆسەکەیان لەبار برد، چونکە لە کار و پڕۆسەی ئاشتیدا بەرژەوەندیی ئەوان لەبار دەچێت، بۆ لەباربردنی پڕۆسەکەش شەڕی خەندەقی دۆڕاویان کرد و شەڕی لەناوچوونی گەلی کوردی باکووریان هەڵگیرساند. هاوکات کە جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمووی شەڕی کورد و کورد نابێت بکرێت و حەرامە، ئەوە چەکدارنی پەکەکە چوونە ئەو چوارچێوەیەی کە خۆیان هەیانە کە ئەویش خۆ بە گەورە زانینە و فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانییان بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی کێشە و گرفتی زیاتر بۆ باشوور و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست بکەن.

*** بۆچی چەکدارانی پەکەکە لەبری دۆستی ئەو لایەنانە بن کە خەبات بۆ کوردستان دەکەن، کەچی دەبینین دۆستی هەموو دوژمن و داگیرکەرانی کوردستانن؟**

- چەکدارانی پەکەکە بەردەوام لە هەوڵی نانەوەی کێشە و گرفتن بۆ گەلی کورد و کوردستان، هەموو کات و سەردەمێك لە دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان نزیك بوون، هەر بۆ نموونە ئەو بارودۆخە نەخوازراو و ناسەقامگیرییەی لە شنگال هەیە، بۆ چەکدارانی پەکەکە دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لە ڕفاندن و هەڵخەڵەتاندنی کچ و کوڕانی خوار تەمەن ١٨ساڵان و چەکدارکردنیان، چەکدارانی پەکەکە لەژێر ڕکێفی ئێران و حەشدی شەعبیدان و هەر لەوانیش هاوکاری و خەرجی و پارە وەردەگرن، تاوەکو زیاتر ببنە کێشە و گرفت بۆ شنگال. بە تەئکید هەر شوێن و دەڤەرێك ئەو چەکدارانەی پەکەکەی تێدا بێت، ناسەقامگیری و کێشە و گرفتی زۆری دەبێت، بەتایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کار و کاسبی و دۆخی ئەمنییەوە.

پەکەکە کاتێك خۆی ناساند و بووە هێزێکی چەکداری لە کوردستانی باکوور، ئەو دەمە شۆڤێنیەتی تورك لەو پەڕی توندوتیژیدا بوو، لەو سەردەمەدا پەکەکە بە ناوی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە خەڵکانێکی فریو دا، بەڵام هەر زوو ڕووی ڕاستەقینەی پەکەکە دەرکەوت، بەوەی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستییە و دژی هەموو حزب و لایەنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی دیکەشە و دژی سەربەخۆیی کوردستانە، هەر بۆیە لایەنگران و ئەندامانی ڕووی لە کەمی کرد و خەڵکی لێی دوور کەوتنەوە. دوژمنایەتی پەکەکە بۆ پارتی

دیموکراتی کوردستان و ئەزموونی قەوارەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم دژایەتییەی کورد و کوردایەتی و ڕەتکردنەوەی هێڵە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە دەگەڕێتەوە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی داوە و بە پارێزەری ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دادەنرێت و پارێزەری دامەزراوە و سەرۆکایەتی و پەرلەمانییە، بەمەش پەکەکە و تاقمەکەی قەندیل ئەوەندەی دیکە دژی هەرێمی کوردستان و پارتی ڕاوەستاونەتەوە، هەموو هەوڵ و پیلانێکیان بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەو هەرێمە ئازاد و سەربەخۆیە بووە، خۆ ئەگەر بۆیان بگونجێت و دەرفەتیان بۆ برەخسێت، لە هەر جێگا و شوێنێکی هەرێمی کوردستان بێت، کاری تەقینەوە و تیرۆریستی بە فەرمانڕەوایی گرووپەکانی ناو حەشدی شەعبی ئەنجام دەدەن.

*** چۆن هێزێکی کوردی بووەتە داردەستی ئەو گرووپە نایاساییانەی بەدەرن لە حەشدی شەعبی و دژایەتیی هەرێمی کوردستان و فیدراڵییەت دەکەن؟**

- پەکەکە بووەتە چەند گرووپێکی چەکداری بەکرێگیراو بۆ ئەو لایەن ولاتانەی کە داگیرکەر و دوژمنی کوردستانن، جگە لە هاوپەیمانی و داردەستییان بۆ حەشدی شەعبی لە عێراق، زیاتر کار بۆ ئەو میلیشیایانە دەکەن، کە سەر بە ئێرانن، هەروەها چەندین ساڵە دەتوانم بڵێم لەوەتەی پەکەکە دامەزراوە، پەیوەندی زۆر باشی لەگەڵ ڕژێمی سووریا هەیە لە دژی هەموو لایەن و حزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی، هەر بۆ نموونە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو پەلاماری بارەگای ئەنەکەسەیان دا و ئاڵای کوردستانیان سووتاند، هاوکات داردەستی ئێران و سوپای پاسدارانن، بۆ هەر داواکارییەك کە لێیان بکرێت، بۆ نموونە لە ١٦ی ئۆکتۆبەر لەگەڵ دوژمن پەلاماری شاری کەرکووکی کوردستانیان دا.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە چەند سەرکردەیەکی پەکەکە لە دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیاوە نزیکن و کار بۆ جێبەجێکردنی ئەجندەکانی ئەوان دەکەن لە ناوچەکەدا، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

- مستەفا قەرەسوو کە ئەندامێکی سەرکردایەتیی پەکەکەیە دەڵێت: «پێویستە هەمووان بزانن کە نییەتی پەکەکە پارچەکردن و دابەشکردنی تورکیا نییە»، هاوکات دووران کالکان لە وتاردانێك بۆ کۆمەڵێك کادیر و چەکدارانی پەکەکە وتوویەتی «لە ڕاستیدا ئێمە بزووتنەوەیەك نین کە بمانەوێت دەوڵەتی تورك هەڵبوەشێنینەوە و، ئەرتەشەکەی لەناو ببەین و دەوڵەتێکی دیکە بنیاد بنێین و لەسەر ئەو بنەمایە لەگەڵ ئەرتەش شەڕ بکەین، ئێمە ئەوە نین». لە هەموو ئەوانە گرنگتر عەبدوڵڵا ئۆجەلان وتوویەتی «من خۆم لە هەموو تورکێك زیاتر بە تورك دەزانم، من هەمیشە ئەمەم گوتووە»، هەروەها سەرکردەکانی پەکەکە دەربارەی ڕژێمی سووریا دەڵێن، لەوانە باهۆز ئەردال دەڵێت: «ئەگەر یەپەگە و سیاسەتی بەڕێوەبردنی خۆسەر نەبووایە، ڕژێمی سوریا دەمێك بوو لە مەیداندا نەمابوو»، هەروەها جەمیل بایك دەڵێت: «کوردەکان هەتا ئێستا ڕژێمی سووریایان پاراستووە و لەسەر پێ ڕایان گرتووە». ئاڵدار خەلیل لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان وتوویەتی «ئێمە جگە لە ناوی سووریا هیچ ناوێکی دیکەمان لەسەر ئەو خاکە دانەناوە، بەڵکو ئەم خاکە بەشێکە لە سووریا»، هەروەها پەکەکە پێشتریش پێش ساڵی ١٩٩١ و دواتریش هەڵویستیان پشتگیریی لە سەدام حسێن بووە، بەتایبەتی لە دژی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٩١ لە ئەورووپاوە لە خۆپیشاندان لایەنگریی خۆیان بۆ سەدام لە دژی ئەمریکا دەربڕی و لە ساڵی ٢٠٠٣ ئۆپەراسیۆنی دژ بە ڕژێمی سەدامیان ڕەت کردەوە و لە ئەورووپاش ڕێپێوانیان بۆ پشتگیریی سەدام ئەنجام دا. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەو کات هاریکار و داردەستی سەدام بوون و ئێستاکەش لایەنگری میلیشیاکانی حەشدی شەعبین، ئەو جۆرە وتە و ڕەفتارانە زۆرن بیخەینە ڕوو، بەتایبەتی هی سەرکردەو ڕابەرکانیان، چەکدارانی پەکەکە بەتایبەتی لەو کاتەی پەلاماری باشووری کوردستانیان داوە، گورگی دڕندەن لە پیستی مەڕدان.

**هەر شوێن و دەڤەرێک ئەو چەکدارانەی پەکەکەی تێدا بێت، ناسەقامگیری و کێشە و گرفتی زۆری دەبێت، بەتایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کار و کاسبی و دۆخی ئەمنییەوە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی داوە و بە پارێزەری ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دادەنرێت**

**لەوەتەی پەکەکە دامەزراوە، پەیوەندی زۆر باشی لەگەڵ ڕژێمی سووریا هەیە لە دژی هەموو لایەن و حزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی**

**پەکەکە لەگەڵ هەموو ڕێکخستن و هەواڵگرییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پەیوەندییان هەیە، لەگەڵ حکومەت و هەواڵگریی دەوڵەتی تورکیاش هەر لەسەرەتاوە پەیوەندییان هەبووە**

# یەک ژینگە و یەک تەندروستی

سالانێکە کاریگەرییە جیاوازەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ژینگە و سێکتەرە جیاجیاکان ڕوونتر لە جاران دەرکەوتوون، بە تایبەت لە بواری نەخۆشییە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان کە زیاتر لەسەدا پەنجای نەخۆشییەکان لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە، بە جۆرێکی دیکەش گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری لەسەر سێگۆشەی (مرۆڤ، ئاژەڵ، ژینگە)ش داناوە، هەر سێکیشیان بە شێوازی باش و خراپ کاریگەرییان لەسەر یەکدی داناوە.

گۆڕانی کەشوهەوا لە زۆر ڕێگەی جیاجیاوە کاریگەرییەکانی دەسەپێنێت، بۆ نموونە:

یەکەم: بەرزبوونەوەی لە ڕادە بە دەری پلەی گەرمی دەبێتە هۆی کەم ئاوی، ئەوەش دەبێتە هۆی وشکبوونی خاك، بەمەش ڕەشەبای خۆڵ و تۆزاوی پەیدا دەبێت، ڤایرۆس و هۆکاری نەخۆشییەکان دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ.

دووەم: بارانی زۆری لە ڕادەبەدەر دەبێتە هۆی دروستبوونی لافاو، گواستنەوەی زبڵ و خاشاکی زۆر لە ڕێگەی لافاوەوە، پاشان بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.


سێیەم: کەمبوونەوەی دەرامەتەکان و خۆراك دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ و جەنگ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاوارەبوون و کۆکردنەوەی خەڵك لە چادرگەی ئاوارە و پەنابەران، ئەم تێکەڵبوونەش دەبێتە هۆی پەیدابوون و گواستنەوەی نەخۆشی.

چوارەم: نەمانی خۆراك و نێچیرەکان دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی ئاژەڵان لە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ و، لە لایەکی دیکەشەوە فراوانبوونی شار و زیادبوونی نشینگە مرۆییەکان و هەڵکشان بەرەو شوێنی ئاژەڵان، ئەم جووڵەیە بە هەر دوو ئاراستەکە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ لە یەکدی و هۆکارێکیش بۆ گواستنەوەی نەخۆشییە هاوبەشەکان.

زاراوەی «یەك تەندروستی» ئەگەرچی وەك چەمك و تێگەیشتن لێی تەمەنێکی زۆری هەیە، بەڵام بەکارهێنانی وەك زاراوە تا ڕادەیەك نوێیە و نزیکەی دوو دەیەیە هاتووەتە نێو باسەکانەوە.

ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی لای وایە کە (یەك تەندروستی) ڕێبازێکە بۆ دیزاینکردن و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنمایی و بەرنامە و توێژینەوەکان بە هەماهەنگی و پێکەوەیی





## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام لە بواری تەندروستیی گشتی.

بە مانایەکی دیکە یەك تەندروستیی ڕێگەیەکی بەردەوام و ستایل و شێوازێکی ژیانی هاوبەشە لەسەر ئەم هەسارەیەی زەوی، بۆیە ڕێبازی یەك تەندروستی بۆ ئەوەی کارا بکرێت، پێویستی بە چەند بنەمایەك هەیە، وەك:

یەکەم: تەندروستیی مرۆڤ و گیانلەبەران و ژینگە پلانی هاوبەشی نێوان هەمووان و هاوکاریی نێودەوڵەتی پێویستە، چونکە ڤایرۆس سنووربڕە و لە نێوان گشت سنوورەکان دەپەڕێتەوە.

دووەم: جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی ڕووی لە هەر سێکتەرێکە لە بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکان (ئێن دی سی) کە نەخشەڕێگەی عێراقە بە هەرێمی کوردستانیشەوە لە بواری پابەندییەکان بەرانبەر ڕێککەوتننامەی پاریس.

سێیەم: هۆشیارکردنەوەی تاك و ئاگادارکردنەوەی تاك لە مافە دەستوورییەکەی بۆ ژیان لە بارودۆخێکی ژینگەیی سەلامەتدا.

چوارەم: ئاگادارکردنەوەی دروستکارانی بڕیار بەوەی کە بە پەیڕەوکردنی سیستەمی (یەك تەندروستی) تێچووی خۆپارێزی زۆر کەمترە لە تێچووی چارەسەرکردن.

پێنجەم: دەرچوواندنی یاسا و ڕێنمایی پەیوەست بە ڕاوکردن و ڕێگرتن لە بازرگانیکردن بە گیانلەبەران و هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی گیانلەبەری کێوی لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان و پاراستنی پارکە نیشتمانی و پارێزراوە سرووشتییەکان.

شەشەم: یادکردنەوەی ساڵانەی ڕۆژی (٣)ی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی جیهانیی یەك تەندروستی.

حەوتەم: بوونی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت لە سەرهەڵدانی سەرەتای هەر پەتا و نەخۆشییەك.

هەشتەم: هاوکاریکردن لەگەڵ کەرتی سێیەم کە بریتین لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

نۆیەم: ڕووکردنە ئابووریی بەردەوام و بازنەیی کە لەپاڵ قازانجدا ڕەچاوی ڕەهەندی ژینگەش بکات.

دەیەم: هاوئاهەنگیی نێوان زانکۆکان لە بواری یەکخستنی بەشێك لە پرۆگرامەکانی پەیوەست بە چەمکی یەك تەندروستییەوە.



### شنیا هۆشیار کارگێڕی لقی هەڵەبجەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان:

# چەندین پۆستی باڵای پارێزگای هەڵەبجە و سنوورەکەشی بە دەست ئافرەتانەوەن

شنیا هۆشیار کارگێڕی لقی هەڵەبجەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، تیشك دەخاتە سەر گرنگیی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ هەڵەبجە و هێما بۆ ئەوە دەکات، هەڵەبجەییەکان ئومێدیان بەوە هەیە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزەر و بەرگریکاری خەڵکی هەڵەبجە دەبێت، لە بەرانبەر حکومەتی عێراق بۆ وەرگرتنەوەی مافی ڕەوای خۆیان لە قەرەبووکردنەوە و بژاردنی زیانەکانی خەڵکی شارەکە، هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکێتیی قوتابیان بەردەوام هەوڵ دەدات لەپێناو دروستکردنی ئافرەتی سەرکردە، ئەویش لەڕێگەی هاندانی کچان بۆ بەردەوامبوون لە پرۆسەی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز و پێویست، بۆ ئەوەی بتوانن ببنە کارەکتەری گرنگ و خاوەن کەسایەتیی سەربەخۆ و کاریگەر لە داهاتوودا.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** خوێندنەوەت لەسەر سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵەبجە چییە و تا چەند لای هەڵەبجەییەکان ئومێدبەخش بوو؟**

- هاتنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵەبجە، گرنگ و لەجێی خۆیدا بوو، بەتایبەتی کە ئەو سەردانە هەر سەردانێکی تەشریفاتی نەبوو، بەڵکو ژمارەیەك پرۆژە و بڕیاری گرنگی لەگەڵ خۆیان هێنا، بۆیە ئەو سەردانە بە ئومێدەوە لێی دەڕوانرێت لەلایەن هاووڵاتیانی شارەکە و سنوورەکەوە، بە جۆرێك کە ببێتە هۆی کردنەوەی دەرگای ئاوەدانی و جموجووڵی بنیادنانەوە و دروستکردنی ژێرخان بۆ هەڵەبجە، کە یەکێك لە پڕۆژە گرنگەکان بەستنەوەی هەڵەبجەیە بە ناوچەی گەرمیانەوە لەڕێگەی پردی تووەقوتەوە، هەروەها ئەو بڕیارە گرنگانەی کە دران لە بواری وەبەرهێنان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجەدا، کە تایبەتمەندی درایە پڕۆژە وەبەرهینانەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە و هانی وەبەرهێنەران دەدات، بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان لەوێ وەگەڕ بخەن. بابەتێکی دیکە، ئومێدی خەڵکە بەوەی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزەر و بەرگریکاری خەڵکی هەڵەبجە دەبێت، لە بەرانبەر حکومەتی عێراق بۆ وەرگرتنەوەی مافی ڕەوای خۆیان لە قەرەبووکردنەوە و بژاردنی زیانەکانی خەڵکی شارەکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەروەك ناوچەکانی دیکەی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

*** ڕۆڵی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە پێگەیاندنی کچانی گەنج و لێهاتوو چۆن پێناسە دەکەیت؟**

- ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە پێگەیاندنی توێژی قوتابیان و هۆشیارکردنەوەیان، هەروەها ڕۆڵی کاریگەر و بنەڕەتیی هەیە، بەتایبەتی لە بواری ئاشناکردنی تاکی قوتابی بە مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی یەکسانی و ئەرکە هاوبەشەکانی تاك لە کۆمەڵگە و خێزاندا، کە بێگومان ئەوە پرۆسەیەکی پێگەیاندنی گرنگە کە ژمارەیەکی زۆری کچان لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیاندا هەن و ئاشنا دەکرێن بە ماف وئەرکەکانیان و هۆشیار دەکرێنەوە لەبارەی مەترسییەکانی توندوتیژی و جیاکارییەوە، ئەو کچە گەنجانە پێدەگەیەنرێن و ڕادەهێنرێن، بۆ ئەوەی ببنە هۆکاری گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون، بە جۆرێك بتوانن ڕووبەڕووی دیاردە دزێوەکان ببنەوە و جیاکاری ونادادییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەت بکەنەوە، بەمەش دەتوانرێت ئافرەتی هۆشیار لە کۆمەڵگەدا دروست بکرێت و، دواجاریش ئافرەت بنەمای دروستکردنی خێزانە و ئەگەر ئافرەت هۆشیار بوو، خێزان و کۆمەڵگەش هۆشیار دەبێتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرانەی کە یەکێتیی قوتابیان دەیدات لە پێناو دروستکردنی ئافرەتی سەرکردە، ئەویش لە ڕێگەی هاندانی کچان بۆ خوێندن و بەردەوامبوون لە پرۆسەی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز و پێویست بۆ ئەوەی بتوانن ببنە کارەکتەری گرنگ و خاوەن کەسایەتیی سەربەخۆ وکاریگەر لە داهاتوودا.

*** ئایا دۆخی ئافرتانی هەڵەبجە لە ڕووی ئازادی و پێشکەوتنەوە لە چ ئاستێکدایە؟**

- دۆخی ئافرەتان لە هەڵەبجە ڕەنگدانەوەی دۆخی پێکهاتەی پارێزگاکە و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەیە کە لە پارێزگاکەدا هەیە، بێگومان ئەمە پەیوەندی بە مێژووی شارەکەیشەوە هەیە، کە ئافرەت سەد ساڵ لەمەوپێش دەسەڵاتدار و قایمقامی هەڵەبجە بووە، هەڵەبجە هەر خۆیشی لە ڕابردوودا پێگەیەکی بەهێزی ڕۆشنبیریی بووە و ژمارەیەکی زۆری ئەدیب و نووسەری کوردستان خەڵکی ئەو شارەن، ئەو ڕەوتە ڕووناکبیرییە کاریگەری بەهێزی هەبووە بۆ ئەوەی ئافرەتان لە هەڵەبجەدا هیچیان لەپیاوان کەمتر نەبێت لە کایەکانی ژیاندا، هەر بۆیە لە دادگا و پۆلیسەوە بگرە، هەتا دەگاتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئافرەتانی چالاك و بەتوانا لە هەڵەبجەدا هەن، بۆیە بەگشتی دەتوانین بڵێین: دۆخی ئافرەتانی هەڵەبجە لە ڕووی ئازادی و پێشکەوتنەوە بەرچاوە و ئێستا ژمارەیەکی زۆری پۆستی باڵای پارێزگای هەڵەبجە و سنوورەکەشی بە دەست ئافرەتانەوەن و ئەوان بەڕێوەی دەبەن.

*** بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەستن، ئاستی توندوتیژی دژ بە ئافرتان بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لە هەڵەبجە زۆر کەمە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی کە باسمان کرد لە سنووری پارێزگای هەڵەبجەدا هەیە، وای کردووە ئافرەتان کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە، لەچاو شارەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام لە بیریشمان نەچێت ئەمە بەو مانایە نییە، کە هیچ توندوتیژییەك بەرانبەر بە ئافرەتان لەو شارە و لە سنووری ئەو پارێزگایە نییە، بەڵکو لێرە و لەوێ حاڵەت هەر هەیە، ڕەنگە بەشێك لە توندوتیژیەکانیش پەنهان بن و نەگەنە ناوەندەکانی بەدواداچوون و ناوەندە یاساییەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی ئامارە فەرمییەکان ئاستی توندوتیژیەکان بەرانبەر مێینە لە پارێزگای هەڵەبجەدا بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەمترە، ئەمە زۆر هۆکاری هەیە، لەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلتوورە مێژوویییەی لەو شارەدا هەبووە لە بوونی ئافرەتی خاوەن پێگە ودەسەڵاتدار کە وای کردووە، ڕوانین بۆ ئافرەت جیاواز بێت لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها بوونی ناوەندە عیرفانییە ئایینییەکانی ناوچەکە کە تیایدا تەریقەتی نەقشبەندی ڕۆڵی کاریگەری میانڕەوانەی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و دروستکردنی هاوسەنگیی خێزانی، هەروەها مێژووی بەشداربوون و ئاشنابوونی هەڵەبجە بە دونیای دەرەوە مێژوویەکی درێژە و ئەوەش کاریگەریی خۆیی هەیە لە کرانەوە بە ڕووی ئافرەتاندا و پێدانی پێگە و سەنگ پێیان.

**ئافرەت بنەمای دروستکردنی خێزانە و ئەگەر ئافرەت هۆشیار بوو، خێزان و کۆمەڵگەش هۆشیار دەبێتەوە**

**ئافرەت سەد ساڵ لەمەوپێش دەسەڵاتدار و قایمقامی هەڵەبجە بووە وپێگەیەکی بەهێزی ڕۆشنبیریی بووە**

**لە دادگا و پۆلیسەوە بگرە، هەتا دەگاتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئافرەتانی چالاک و بەتوانا لە هەڵەبجەدا هەن**

**بەپێی ئامارە فەرمییەکان ئاستی توندوتیژیەکان بەرانبەر مێینە لە پارێزگای هەڵەبجەدا بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەمترە**

# پەروەردەکاران ڕێنمایی تایبەتیان بۆ پشووی هاوینەی قوتابیان هەیە



له‌ ماوه‌ی چه‌ند ڕۆژی ڕابردوودا هه‌ڵسه‌نگاندنی قوتابیانی قۆناغی بنه‌ڕه‌تی ئه‌نجام درا و له‌ ئێستادا له‌ هه‌رێمی كوردستان زیاتر له‌ یه‌ك ملیۆن قوتابی له‌ پشووی هاوینه‌دان، په‌روه‌رده‌كاران له‌م ڕاپۆرته‌ی گۆڤاری گوڵان، ڕێنمایی تایبه‌تیان بۆ پشووی هاوین و سوودوه‌رگرتنی قوتابی له‌ پشووه‌كه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی باش و ته‌ندروست بۆ به‌خێوكاران ده‌خه‌نه‌ڕوو.

گوڵان: كۆمه‌ڵایه‌تی





د. بەهزاد تاهیر سەلیم:

**بۆ ئەوەی منداڵان لە پشووی هاوینەدا لە ڕووی جەستەیی گەشە بکەن، زۆر گرنگە کە بەشدار بن لە ڕاهێنانەکانی وەرزشی و بوارێکی وەرزش هەڵبژێرن کە لەگەڵ سرووشت و حەزیان بگونجێت**



بێلان ڕۆژبەیانی:

**پێویستە دایک و باوک نموونەیەکی جوان بن بۆ منداڵەکانیان و خۆیان کەمتر ئامێر و شاشەکان بەکاربهێنن، پاراستنی هاوسەنگیی تەواو لەم بوارەدا دەبێتە هۆکارێک بۆ خوونەگرتنی منداڵەکانمان بە ئامێرە زیرەکەکان**

دەروونناسان و شارەزایانی بواری پەروەردە، جەخت دەکەنەوە، دەبێت بەخێوکاران پلانێکیان هەبێت بۆ منداڵەکانیان سەبارەت بە چۆنیەتی بەسەربردنی پشووی هاوینە و فێریان بکەن، چۆن پلان بۆ کاتەکانیان دابنێن و هەموو کاتەکانیان بە خەو و بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر نەبەن، بە شێوەیەك کە هیچ سوودی نەبێت و تەنیا بۆ کوشتنی کات بێت.

دکتۆر بەهزاد تاهیر سەلیم، مامۆستای زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەم سەردەمە سەردەمی تەکنەلۆجیا و داهێنان و سوودوەرگرتنە لە ئامراز و ئامێری دیجیتاڵیی بەردەست بۆ پەرەپێدانی کەسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان. دیارە هەموو شتێك لە خواردنەوەی ئاوەوە بگرە تا بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی زیاد لە ئەندازەی پێویست بەکارهێنانیان زیانی هەیە. واتە پێویستە بە گوێرەی پێویست و ئەندازەیەك بەکار بێن کە زیانی نەبێت و خۆمان و منداڵەکان وا لێی ڕابێنین، کە تەنیا لایەنە باشەکانی ئەو تەکنەلۆجیانە بەکار بێنین». جەختی لەوەش کردەوە کە «ئەم سەردەمە سەردەمی شاشەکانە و بە تەواوی بەکارنەهێنانیان بۆ ماوەیەکی درێژ واتای دابڕانە لە جیهان و بێئاگایی لە ڕەوتەکان و پێشکەوتنەکانی جیهان. بەڵام دەبێت ئێمە کۆنترۆڵی ئەو شاشانە بکەین و بە ئەندازەی پێویست و بە پلان بە کاریان بێنین، نەك ببینە ئامراز و بەکارمان بێنن».

ئەو مامۆستایە لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: «لە دونیای دەرەوە و لە کوردستانیش شاشەکانی دیجیتاڵی بوون بە ئامرازی گرنگی دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ بەشێك لە خەڵك و پێویستیان بە دامەزراندن لە کەرتی گشتی نییە. جا ئێمە ئەگەر بتوانین منداڵەکانمان وا ئاراستە بکەین، کە لایەنی ئەرێنیی ئەو تەکنەلۆجیانە بەکار بێنن و لە هەمان کات هاوسەنگییەك دروست بکەن لە نێوان ژیانی شاشەکان و ژیانی ئاسایی، ئەوە باشترین هەڵبژاردەیە». ئەوەشی دووپات کردەوە کە «بەکارهێنانی سۆشیال میدیاکان و کۆمەڵێك لە یارییە دیجیتاڵییەکان سوودێکی ئەوتۆیان نییە و تەنانەت خودی ئەو کەسانەی کە دروستکەری ئەو پلاتفۆرمانەن، خۆیان بەکاریان ناهێنن. بەڵام دونیایەك پلاتفۆرمی دیجیتاڵیی گرنگ هەیە، هەر لە فێربوونی زمان بگرە تاکو بەرنامە و وێبسایتی فێرکاری لە بوارە جیاوازەکاندا کە دەتوانین دەستنیشانیان بکەین و بە پێی حەز و توانا و خواستی منداڵەکانمان بۆیان دابین بکەین، تاکو سوودی لێ ببینن، بۆ ئەوەی لە داهاتوو بتوانن وەك سەرچاوەیەکی باشی کار و دابینکردنی داهاتی خۆیان سوودی لێ ببینن».

دکتۆر بەهزاد تاهیر، باسی ئەوەشی کرد کە «گەشەی دەروونی و جەستەیی منداڵان زۆر گرنگە و بۆ ئەوەی منداڵان لە پشووی هاوینەدا لە ڕووی جەستەیی گەشە بکەن، زۆر گرنگە کە بەشدار بن لە ڕاهێنانەکانی وەرزشی و بوارێکی وەرزش هەڵبژێرن کە لەگەڵ سرووشت و حەزیان دەگونجێت. وەرزشکردن هۆکارێکی زۆر گرنگە کە وادەکات منداڵ بتوانێت بەشێك لە کاتەکانی لە شاشەکان دوور بکەوێتەوە و هاوسەنگییەك دروست بکات لە نێوان چالاکییەکانی ڕۆژانەی و لە ڕووی ڕۆحییەوە کەسێکی تەندروستتر بێت».

بێلان ڕۆژبەیانی چالاکی بواری کۆمەڵی مەدەنی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پێویستە دایك و باوکان سەرەتا سیستەمی ژیانی خۆیان چاك بکەن، واتە دەبێت کاتی ڕۆژانەیان لە کار و خەو و خۆراك ڕێکوپێك بێت، منداڵیش لەسەر سیستەمی ئەوان ڕادێت. منداڵ دەبێت ساز و ئامادە و ڕێنمایی بکرێت. ئەگەر منداڵ بە بەردەوام لەسەر شاشە و تۆڕەکان بێت، بێگومان بەهرە و تواناکانی دەمرێت. پێویستە لەسەر دایك و باوك سیستەمی خەڵاتکردن بەکار بهێنێت بۆ منداڵەکانیان لەکاتی فێربوونی هەر شتێکی تازە لە فێربوونی زمان، یان ئەنجامدانی چالاکییەکی سوودبەخش و پێویستە پاداشت بکرێت. پێویستە خێزان کاتی تایبەتی بۆ منداڵەکانی هەبێت، بۆ چیرۆك خوێندنەوە و یارمەتیدانی لە کاتی یارییە هزرییەکان و.. هتد، هەروەها هانیان بدەن لە خولەکانی هاوینە بەشداری بکەن کە زۆر بەسوودن بۆ قوتابیان». گوتیشی: «دایك و باوك پێویستە

نموونەیەکی جوان بن بۆ منداڵەکانیان و خۆیان کەمتر ئامێر و شاشەکان بەکاربهێنن، ئەمەش وادەکات، منداڵەکانیش کەمتر ئامێرەکان بەکاربهێنن. دیارە پاراستنی هاوسەنگیی تەواو لەم بوارەدا دەبێتە هۆکارێکی زۆر گرنگ بۆ خوونەگرتنی منداڵەکانمان بە ئامێرە زیرەکەکان، هەروەها پێویستە دایك و باوکان سیستەمی پاداشت و سزا بۆ منداڵەکان دابنێن، ئەمە وا دەکات منداڵ پابەندبوونی زیاتر بێت، دەبێت مەترسییەکانی شاشە و مۆبایل بۆ منداڵ باس بکرێت و ڕێگە نەدرێت منداڵ لە خوارتەمەنی سێ ساڵ تەماشای شاشەی مۆبایل بکات و لە تەمەنی گونجاویشدا پێویستە هاوکاری بکرێت و تەماشای ئەو یارییانە بکات کە ڕێگە پێدراون و گونجاون بۆ تەمەنی».

مامۆستا ئاراس حەسەن، بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ئاڵتون ستی)ـە لە هەولێر و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پەروەردەکردنی منداڵ یەکێکە لە کارە هەرە قورسەکان بۆ بەخێوکاران، ئەگەر شارەزا نەبن و هۆشیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر پەروەردە نەبێت، جا پەروەردە بە هەموو ڕووەکانییەوە. لێرەدا لەوانەیە ئەو پرسیارە بکرێت: پێشتر چۆن دایك و باوکان منداڵەکانیان بە جوانی پەروەردە کردووە، بەبێ ئەوەی هۆشیارییەکی زۆریان هەبێت؟ بۆ ئەم پرسیارە دوو وەڵام هەیە، یەکەمیان ئەو ژینگەیەی ئێستا هەمان ئەو ژینگەیەی پێشتر نییە و بەهۆی ئەو هەموو پێشکەوتنەوە کێشە و گیروگرفت زۆر بوون، هەروەها دایك و باوکانی پێشوو ڕاستە لە ڕووە زانستییەکەوە هۆشیارییان زۆر نەبووە، بەڵام ئەزموونی ژیانیان لە زۆربەی دایك و باوکانی ئێستا زیاتر بووە.

دەروونناسان دەڵێن: «منداڵ ئاوێنەی دایك و باوکیەتی، دەتەوێ منداڵەکەت چۆن بێت، پێش ئەو خۆت وابە». ئەمە تەنیا ڕستەیەك نییە، بەڵکو دەتوانرێت وەك بیردۆزێك ببیندرێت. ئەگەر بەخێوکارێك بیەوێت منداڵەکەی ڕێزی خەڵك بگرێت، دەبێ پێشتر خۆی ڕێزی خەڵك بگرێت. دەیەوێت منداڵەکەی گرنگی بە پاکوخاوێنی بدات، دەبێ پێشتر خۆی پاکوخاوێن بێت.

مامۆستا ئاراس حەسەن دەڵێت: «یەکێك لەو ڕێگایانەی کە بەخێوکاری منداڵان دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ دوورخستنەوەی منداڵان لە شاشەکان، ئەوەیە کە خۆشیان لە شاشەکان دوور بن. بەکارهێنانی شاشەکان لەلایەن منداڵانەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە کە منداڵ لە پشوودا دەستی دەکەوێت، بەخێوکاران دەتوانن بە دانانی بەرنامەیەکی گرینگ بۆ فێربوون ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە، ئیدی فێربوونی زمانێکی دیکە بێت، یان فێربوونی ئامێرێکی موزیك، یان فێربوونی وەرزشێك، یان خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بێت کە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکە دەگونجێت، بەتایبەتی زانیاری گشتی و ئەو بابەتانەی کە بۆ تەمەنی منداڵەکە گونجاوە و دەتوانێت وەری بگرێت. هەروەها دەتوانن کاتی تایبەت تەرخان بکەن بۆ منداڵەکانیان و بۆشاییەکانیان پڕ بکەنەوە و لە ڕێگای ڕەفتاری خۆیان منداڵەکانیان پەروەردە بکەن».

دوریا شێروانی مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە و ڕای وایە: «یاریی ئەلیکترۆنی، شاشەی تیڤییەکان، ئامێری ئەلیکترۆنی، ئەمڕۆ بەشێکی گەورەی ژیانمانی داگیر کردووە، بەتایبەت منداڵەکانمان وێڕای ئەوەی سوودێکی بەرچاویان هەیە، بە جۆرێك دوورترین ڕێگایان نزیك کردووەتەوە و شاراوەترین زانیارییان بۆ ئاشکرا کردووین، بەڵام بەدەر نییە لە کاریگەریی نەرێنی و گەیشتووەتە ڕاددەیەك لای منداڵان کە ڕێژەی ئۆتیزمی لەنێو منداڵان بە شێوەیەکی مەترسیدار بەرز کردووەتەوە». گوتیشی: «بۆ ئەوەی ئێمە کارئاسانی بکەین بۆ پاراستنی منداڵەکانمان لە مەترسییەکانی شاشەکان پێویستە میکانیزمگەلێك بگرینەبەر، لەوانە بەشدارییان پێ بکەین لە خولە جیاوازەکانی هاوینە، گەشت و گەڕان بە نێو سرووشتدا، هاندانیان بۆ یارییە نائەلیکترۆنییەکان بە دابینکردنی یاریی جیاواز و نوێ و سەرنجڕاکێش بۆ منداڵەکانمان، بەڵام بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەنگاو بە هەنگاو کاری لەسەر بکەین، بەتایبەت لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە ڕاهاتوون، یان خووگرتوون بە یاریی ئەلیکترۆنی، چونکە لەناکاو قەدەغەکردنی دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەریی نەرێنی و مەترسیدار لەسەر منداڵەکە دروست بکات».



ئاراس حەسەن:

**دەروونناسان دەڵێن منداڵ ئاوێنەی دایک و باوکیەتی، دەتەوێ منداڵەکەت چۆن بێت، پێش ئەو خۆت وابە، ئەمە تەنیا ڕستەیەک نییە، بەڵکو دەتوانرێت وەک بیردۆزێک ببیندرێت**



دوریا شێروانی:

**بۆ ئەوەی کارئاسانی بکەین بۆ پاراستی منداڵەکانمان لە مەترسییەکانی شاشەکان پێویستە میکانیزمگەلێک بگرینەبەر، لەوانە بەشدارییان پێ بکەین لە خولە جیاوازەکانی هاوینە، گەشت و گەڕان بە نێو سرووشتدا**



## خانمە سینەماکار شیلان سەعدی بۆ گوڵان:

# هیچ جددییەتێک لەلایەن ئەکادیمیست و ئەکتەر و دەرهێنەرەکانەوە نییە بۆ دانانی پێناسەیەک بۆ سینەمای کوردی

خانمە دەرهێنەری رۆژهەڵاتی کوردستان (شیلان سەعدی) لەدایکبووی شاری مەهابادە، بەکالۆریۆسی لەسینەمادا لە زانکۆی تاران بەدەست هێناوە، وەك دەرهێنەرو فۆتۆگرافەر ئەندامی کۆڕی سینەمای لاوانی مهابادە، تائێستا بە بەرهەمەکانی لە بواری فیلم و فۆتۆدا بەشداریی لە چەندین فێستیڤاڵدا کردووە، چەندین جار خەلاتی بەدەست هێناوە، لە بواری تەلەفزیۆنیشدا کاری دەرهێنانی دۆکیومێنتاری بەئەنجام گەیاندووە. لەم دیمانەی لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا لە ڕێگای سینەماوە تیشك دەخاتە سەر چەند پرسێکی تایبەت بە سینەمای کورد و هەوڵی سینەماکاری بۆ گەیاندنی ئەو کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتوون.



*** ئایا سینەمای کوردی توانیویەتی خۆی لە کێشە و تراژیدیاکان دوور بخاتەوە و ببێتە سینەمایەك کە خۆی لەگەڵ ئەو سەردەمە بگونجێنێت؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە مشتومڕێکی گەورە لەسەر سینەمای کوردی هەیە، ئایا بەراستی سینەمای کوردی هەیە یان نا؟ لە وڵاتدا کەسانێك هەن کە لە بواری سینەمادا کار دەکەن، وەك لە فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەمریکا و وڵاتانی دیکە. ئێمە لە کوردستان کۆمەڵێك بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر مان هەیە کە فیلم دروست دەکەن. لە فستیڤاڵەکانی ناوخۆی کوردستان یان لە دەرەوە نمایشیان دەکەین، بێ ئەوەی بینەرمان هەبێت، لە واقعدا ئێمە هیچ پێناسەیەکمان بۆی نییە، بۆچی پێناسەیەکمان بۆ سینەمای کوردی نییە؟ بەداخەوە هیچ جددییەتێك لە لایەن ئەکادیمیستەکان، ئەکتەرەکان، دەرهێنەرەکانەوە نییە بۆ دانانی پێناسەیەك بۆ سینەمای کوردی، ئەوەی کە هەیە هەروەك گوتم کۆمەڵێك کەسی چالاك هەن کە هەر ئەوانەن هەرچۆنێك بیانەوێت کۆنترۆڵی هەلومەرجی سینەما دەکەن و ئەمەش دەربڕینی واقیعی کۆمەڵگەی کوردییە، کە لە سینەماشدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم کەسانە فێستیڤاڵ ڕێك دەخەن، بەشداربووان کاندید دەکەن و خەڵاتیشیان پێ دەبەخشن، پێناسە لەگەڵ بینەر پێك دێ، لەگەڵ ڕەخنەگرتن لەو بەرهەمانە پێك دێ، واتە دەبێ کلتورێك هەبێ کە ئێمە نیمانە، ئەگەر نییە، دەبێ گۆڕینی ئەم دۆخەمان هەبێت، دەبێت لە سینەمای سەربەخۆوە دەست پێ بکەین. دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرانی کورد کە توانایان هەیە، دەبێت سینەمای سەربەخۆ دروست بکەن، چ لە ئاستی ناوەرۆك یان کانسێپت یان لە ئاستی بەرهەمهێنان و بودجەوە.

*** سینەماکارانی کورد توانیویانە واقیعی کارەساتباری گەلی کورد لە فیلمەکانیاندا بخەنەڕوو؟**

- بەداخەوە سینەماکارانی کورد بە کەمی توانیویانە ئەم کارە بکەن، بۆ نمونە تەنیا کەسێك کە هەر دەتوانین ناوی بێنن (یەڵماز گونای)ـە لەم کارەدا سەرکەوتوو بوو و کاری جوانی پێشکەش کرد، بەڵام ئەوانی دیکە سەرکەوتوو نەبوون لە گەیاندنی ئەم بیرۆکەیە سەبارەت بەو نەهامەتییانەی کە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو تووشی بووە، گەلانی دیکە توانیویانە ئەو کارەساتانەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە وەریان بگێڕن و لە سینەمادا ڕەنگ بداتەوە، بۆ نموونە جووەکان توانیان قەناعەت بە بینەر بکەن کە لە هۆلۆکۆستدا تووشی چی بوون و گەورەیی ئەم تاوانە کە گەلی جوو تووشی بووە، بیخەنە نێو هزر و خەیاڵی میللەتانی دیکە، ئێمە لە سەردەمی هۆلۆکۆستدا نەژیاوین و هەواڵەکانمان لە کاتی خۆیدا نەبیستووە، بەڵام لە ڕێگەی فیلمەکانیانەوە قەناعەتمان پێهات کە ئەم گەلە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا تووشی تاوانێکی گەورەی جینۆساید بووەتەوە، تاکە ڕێگە بۆ گەیاندنی ئەم بیرۆکەیە سینەما بوو. بێگومان سینەما گەورەترین ئامرازە بۆ گەیاندنی ئەو کارەسات و تاوانە گەورانەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجام دراون نیشانی جیهانی بدەین، بۆیە دەبێت بەرپرسانی سینەما و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان لەم بوارەدا کار بکەن بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لەوە تێبگەن کە ئێمە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا چیمان بەسەرهاتووە، ئەگەر ئەم کارە نەکەین ئەم کارەساتانە دووبارە دەبنەوە. هەروەها کێشەیەکی دیکەیش هەیە، کە ئەو فیلمانە لە کوێدا نمایش دەکرێن، ئێمە هۆڵی سینەمای



مۆدێرنمان نییە کە فیلمەکانمان تێدا پیشان بدەین، هەروەها بینەری کورد لە تەماشاکردنی فیلمی کوردی بێبەشە تەنیا لە فێستیڤاڵەکاندا نەبێت، بۆ نموونە لە شاری مەهاباد هۆڵی سینەمامان نییە، بەڵام کافێی مۆدێرن هەیە، ئەوانەی پەرۆشی ئەم بابەتەن دەبێت بیر لەوە بکەنەوە کە لەم کافێ مۆدێرنانەدا ئەم فیلمانە پیشان بدەن، بۆ ئەوەی بینەری کورد بتوانن بینەری بن، کاتێک من بینەرم نییە واتا کەس نییە ڕەخنەم لێ بگرێت و تێبینییەکانی خۆی لەسەر بەرهەمە سینەماییەکانم دەرببڕێت، چۆن دەتوانم تواناکانم پەرەپێ بدەم و لە داهاتوودا کاری نایابتر بکەم، زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەڵێین سینەمای کوردیمان هەیە، بەڵام ئەگەر هۆڵمان نەبێت بۆ نمایشکردنی فیلمەکانمان و بینەرەکانمان بێبەش بن لە سەیرکردنی فیلمەکانمان، چۆن دەڵێین سینەمامان هەیە.

*** ڕات چییە لەسەر سازدانی فێستیڤاڵەکانی فیلم لە باشووری کوردستان؟**

- من دەمێکی زۆرە دوورم لە فێستیڤاڵە کوردییەکان و باش ئاگاداری بارودوخیان نیم، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێکخستنی فێستیڤاڵ خۆی کارێکی باشە، بەڵام دەبێت فێستیڤاڵەکە نەک تەنیا نمایشکردنی فیلم لەخۆ بگرێت، بەڵکو دەبێت وتاری زانستیی هەبێت؟ دەبێت وۆرکشۆپ بۆ سینەماکارە گەورەکان هەبن و پاڵپشتی بەرهەمهێنان بۆ جلی تازە و بیرۆکەی تازە هەبێت، نابێ ئامانجی سازدانی فێستیڤاڵەکان لە کۆبوونەوە و خەڵاتکردندا بێ و دوای فێستیڤاڵەکە هەموو شتێک کۆتایی بێت،وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. دەرهێنەر و سینەماکارانی کورد دەبێ زیاتر بزانن، ئەویش بە خوێندنەوە لەسەر ئەوەی کە لە بواری سینەمادا نوێیە و سەیرکردنی فیلم و بەرهەمە سینەماییەکان، کاتێك سەیری بەرهەمی باش ناکەیت و زۆر لەسەر سینەما ناخوێنیتەوە، لە یەك بازنەدا دەمێنیتەوە و کاری تۆ دەبێتە هێرشکردنە سەر دەرهێنەر و سینەماکارانی دیکە و وەڵام و وەڵامدانەوە، ئەم کردارە لە خۆیدا دەبێتە هۆی دابەزینی سینەما یان لەو خاڵەدا بمێنێتەوە کە هەیە.

هەرکات ناتوانیت داهێنەر بیت یان داهێنان بکەیت لە بواری سینەمادا یان بیرۆکە و بۆچوونی نوێ سەبارەت بە چۆنیەتی پێشخستنی سینەما و بەرهەمی نوێ دروست بکەیت، کە لەگەڵ سەردەمی مۆدێرن بگونجێت، کە پیشەسازیی فیلم لە جیهاندا بە چ ئاستێك گەیشتووە، یان تا چ ئاستێك سینەمای کوردی پێشکەوتن بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەگەر ئەمە نەکەیت، ئەوا لە دۆخێکی سوڕانەوەدا دەمێنێتەوە.

*** پەیامی سەرەکیت لە سینەمادا چییە؟**

- من دەمەوێت گوزارشت لەو ئاریشانە بکەم کە کۆمەڵگەی کوردی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، کێشە و پرسگەلێك کە پێویستە چارەسەر بکرێن دەمەوێت لە ڕێگەی سینەماوە بیانگەیەنم، بۆ نموون فیلمم لەسەر خەتەنەی کچان بەرهەم هێنا، هەرچەندە بابەتێکی گرنگ بوو بۆ کۆمەڵگە، بەڵام زۆر کەس ڕەخنەیان لێگرتم و پێیان وتم بۆچی ئەم فیلمە لە کوردستان بەرهەم دەهێنیت و ئەم بابەتانە دەورووژێنیت؟. بەڕای من ئێمەی کورد ئێستا زیاتر پێویستمان بە سینەمای دۆکیۆمێنتاری هەیە بۆ ئەوەی پەیامەکەما بگەیەنین. من وەك ئافرەتێکی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد باسی خۆم دەکەم، لە بنەماڵەیەکی تایبەتەوە پەروەردە کراوم، دەمەوێت ئەو کێشانە دەربڕم کە کۆمەڵگە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی ئەو کێشانەی لە کۆمەڵگەدا ئافرەت ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چ لە کۆمەڵگەوە بێت یان لە دەزگاکانی حکومەتەوە، هەوڵم داوە تا ئەو ئەندازەی دەتوانم ئەم بیرۆکەیە بگەیەنم، بەڵام چەندین بەربەست هەبوون لەسەر ڕێگەم، بۆ نموونە ئەو ئاستەنگانەی لەلایەن دەرهێنەرە پیاوەکانەوە وەك بەربەست بۆم درووست دەکران، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو نەبم لە گەیاندنی پەیامەکەمدا، بەڵام باوەڕم بەو جیلە نوێیە هەیە بەتایبەت ئافرەتانی دەرهینەر کە خەریکن ڕێگەیەکی تازە بۆخۆیان دەکەنەوە.

# بەڵگەفیلمی ناستی لە ٧٧مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی کان نمایش کرا

بەڵگەفیلمی ناستی (Nasty) لە دەرهێنانی هاوبەشی (تۆدۆر گیۆرگیو، Tudor Giurgiu (تۆدۆر د. پۆپێسکۆ) Tudor D. Popescu و (کریستیان پاسکاریۆ) Cristian Pascariu، سەبارەت بە (ئیلییە ناستاسی) Ilie Nastase و بە ئامادەبوونی ئەم یاریزانە ئەفسانەییەی تێنیسی ڕۆمانیا، (مەنسوور بەهرامی) Mansour Bahrami یاریزانی ناوداری تێنیسی ئێران و جیهان و دانیشتووی وڵاتی فەڕەنسا، (بۆریس بێکێر) Boris Becker یاریزانی بەرچاوی تێنیسی دنیا، (تییێری فرێمۆ) Thierry Frémaux بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی کان و هەروەها ستافی ئەم فیلمە وەرزشییە لە بەشی نمایشی تایبەت لە (٧٧)ـەمین خولی فێستیڤاڵی کان (Cannes) نمایش کرا.

ئیلییە ناستاسی کە یەکێك لە ئەفسانە گەورەکانی تێنیسی جیهانە، مەنسوور بەهرامی یاریزانی ناوداری تێنیسی جیهان لە وتوێژێکی تایبەتدا دەڵێ: «ئیلییە ناستاسی Ilie Nastase یەکێکە لە ئەفسانە گەورەکانی تێنیسی جیهان کە ئەو شانازییەم هەیو زیاتر لە ٥٠ ساڵە بەڕێزیان دەناسم، یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٦٨ هات بۆ تاران و لەگەڵ یانەی ئێران یاریی کرد، من لەو کاتەدا تۆپم بۆ کۆ دەکردەوە و لە ڕاستیدا شێوازی یاریی ئەو لەسەر ستایلی منیش کاریگەریی دانا، هەر بەم هۆیەوەیە کە زۆر چێژ لە یاریی ئەو وەرگرم و لە وەرزشی تێنیس، بووە یەکێك لە نموونەکانی من.

نزیکەی ٢٠ ساڵ لەگەڵ ئیلییە ناستاسی یاریی تێنیسمان دەکرد».

ئەم یاریزانە تێنیسە پیشەگەرە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «نزیکەی ٢٠ ساڵ لەگەڵ ئیلییە ناستاسی یاریی تێنیسمان دەکرد و لە ساڵدا، نزیکەی ١٥ تا ٢٠ جار پێکەوە یاریمان دەکرد و شایەد ٣٠٠، ٤٠٠ جار لەگەڵ یەکتری یاریمان کردووە و مرۆڤێکی زۆر بە هەستە و لە ڕاستیدا گرینگی بە هەموان دەدات و دڵێکی زۆر گەورەی هەیە و ئێستاش کە ئەوم لە حەفتا و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (کان) بینی، تەمەنی چووەتە سەرێ، بەڵام دیسان هەر ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی جارانی بۆ من هەبوو و من زۆر بەختەوەرم کە یەکێکە لە هەڤاڵەکانم».







## میگان فۆگس:

# تووشی نارێکی جەستەیی بووم

دوای بڵاوبوونەوەی چەند وێنە و گرتەیەکی ڤیدیۆی کە خوێنی دەخواردەوەو وەك قەشەیەك جلوبەرگی لەبەردا بوو، وەك خوێنخۆرێك خۆی نیشان دەدا، مێگان فۆکس وردەکاریی پەیوەندییە ژەهراوییەکانی ڕابردووی دەخاتە ڕوو و دووپاتی دەکاتەوە کە وەك ئەوەی زۆر کەس بڵاویان کردووەتەوە ئەو شەیتانپەرست نییە.

میگان فۆگس لە میانەی بەرنامەی 'Call Her Daddy ڕایگەیاند: «دەتوانم بزانم لە کوێ تۆیەکم چاندووە لەوێدا دارێك گەشەی کردووە، ئەوە شتێکی زۆر هەڵە کە خەڵك بەو شێوەیە تێگەیشتوون، بە تەواوی تێدەگەم بۆچی خەڵك پێیان وایە من کەسێکی نامۆم، ئەوان دەڵێن میگان سەبارەت بەو شتانەی کە بە نامۆی دەزانێت دەست دەکات بە قسەی زل، ئەوەش بەلایانەوە شتێکی سەیرە».

لە کۆتایی

گفتوگۆکەیدا دەربارەی دیمەنەکانی خوێنخواردنەوە، فۆکس دەڵێت: «ئەوە بابەتی دیدگایە، پێش ئەوەی ددان بەوەدا بنێت کە، بەڵێ، جلوبەرگی هالۆوینی ژن و مێردەکە کە جارێکی دیکە دووبارە و دووبارە داگیرسێندراون، ڕەنگە دەنگۆی شەیتانگەرایی توندتر کردبێت».

مێگان ئاشکرای کرد ئەو تووشی نەخۆشیی نارێکیی جەستەیی بووە، کە نەخۆشییەکە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵك کاتێکی زۆر بەسەر بەرن و سەرنجیان لەسەر شێوەی جەستەی خۆیان بێت، بۆ ئەوەی ئاماژە بە کەموکورییەکانیان بکەن، ددانی بەوەشداناوە کە ئەو زیاتر لەوە نائارامە کە خەڵك بە حوکمدان بە دەرکەوتنی بیری لێ دەکەنەوە، بۆیە دەڵێن: بەڵێ، تووشی نارێکی جەستەیی بووم».



# جیسیکا بیل
# عاشقەکەی یۆگا

بەهۆی پێشینەی لەشجوانی و تۆپی پێ، ڕەنگە جێگەی سەرسوڕمان بێت کە جێسیکا بیل ژمارە یەك بێت بۆ لەشجوانی و خۆشگوزەرانی یۆگا. ئەو خانمە ئەکتەرە کە تەمەنی ڕەتی کردووە تەمەنی چل ساڵ بێت و دەڵێت ئەوە یۆگایە کە هاوسەنگی و زەمینەسازی و عەقڵیەتی دەهێڵێتەوە.

جیسیکا لەم بارەیەوە گوتی: «بەشێکی زۆری ژیانی ساڵانی گەنجیم بە یاریی تۆپی پێ و جامکردنی ئەژنۆکانم بەسەر بردووە، ڕاکردن و خێرایی، هەروەها چەندین ساڵیشم لە لەشجوانیدا بەڕێ کرد، بەڵام تێگەیشتم لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنمدا ناتوانم بەردەوام بم لەم کارە، لە یۆگادا کاری هەناسەدان یارمەتیم دەدات هەست بکەم کە مێشکم و هەناسەدانەکەم بە جووڵە جیاوازەکانەوە دەبەستمەوە، بەجۆرێك کە هەست دەکەم بە شێوەیەك پەیوەستم بە جەستەمەوە کە لە حاڵەتی ئاسایی ناچم، ئەوەش زیاتر کەمکەرەوەی فشار و ئارامکەرەوەی ژیانە و یارمەتیم دەدات لە هەموو ئەو کارانەی کە دەبێت لە ژیانمدا بیکەم.»

جیسیکا لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «من پێم وایە فەلسەفەی پشت یۆگا و کۆمەڵگەی یۆگا لەوەدا نییە کە تۆ چ شێوەیەکیت، قسە لەسەر ئەوە نییە کە تۆ چۆن دەردەکەویت، بەڵکو بەڕاستی پەیوەندی بە تەندروستییەوە هەیە لە ناوەوە بۆ دەرەوە، بۆیە یۆگا هەستێکی زۆری هێز و متمانەی بۆ هێناوم.»

ئیمان حەیدەر

یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی و ڕاهێنەری لەشجوانی:

# چەندین ئافرەت هەن بە ڕاستی پاڵەوانن، بەڵام کۆمەڵگە ڕێگرە لە دەرخستنی ئافرەتان



یاریی لەشجوانی و بەرزکردنەوەی قورسایی یەکێك لەو یارییانەیە کە ئافرەتان کەمتر ڕووی تێدەکەن، بەڵام لە هۆڵەکانەوە وەرزشکاران پەرە بە بەهرەکانیان دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن لە وەرزش، یاریی لەشجوانی هیچ پاڵەوانێتییەکی بۆ ڕێك ناخرێت، بەڵام ساڵانە بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی چەند خولێك هەیە، شاری هەولێریش خاوەنی کۆمەڵێك ڕاهێنەر و یاریزانی بەتوانایە لەم یارییەدا، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان (ئیمان حەیدەر)ـە، ئیمان وەکو ڕاهێنەری لەشجوانی کاری وەرزشی دەکات، لە هەمان کاتیشدا یاریزانی بەرزکردنەوەی قورساییە و دەیەوێت بۆ یەکێك لە یانەکانی کوردستان یاری بکات، ئیمان لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی هەولێرە و جگە لەم یارییە، یاریی پاسکیلسواریش دەکات، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە.

*** چۆن بووهاتیتە نێو بواری ڕاهێنەریی لەشجوانی؟**

- بەر لەوەی ببم بە ڕاهێنەری لەشجوانی یاریزانی پایسکلسواری بووم، ئێستا شارەکان پڕ بوون لە هۆڵی لەشجوانی و پەیوەستە بە بژێوی ژیانیش، دونیای لەشجوانی بەربڵاوترە، خەڵکێکی زیاتر ڕووی تێ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بە دایکی هەموو وەرزشەکان ناو ببردرێت.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- هەر وەرزشێك بۆ پیاوان گونجاو بێت، بۆ ئافرەتانیش گونجاوە، بە پێچەوانەوە یاریکردن ئافرەت بەهێز دەکات و وا دەکات ئاسانتر بە سەر بەربەستەکاندا زاڵ بێت.

*** بۆچی یاریی لەشجوانی لە ئاستی کچان لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

-بە شێوەیەکی گشتی وەرزش لە خزمەتی یاریی تۆپی پێدایە، تۆپی پێ لە لایەك و وەرزشەکانی دیکەش هەموویان لایەك، وەکو ڕووکردنی خەڵك بۆ ئەم وەرزشە باشە، بەڵام تا ئێستاش ڕکابەرییەك بۆ ئافرەتان ڕێك نەخراوە.

*** هۆکار چییە ئافرەت کەمتر ڕوو لەم یارییە دەکات؟**

- هەر ماندوو بوونێك دەبێت ئەنجانی هەبێت، ئافرەتان هەرچی خۆی تێدا ماندوو بکەن ناتوانن بەشداری پاڵەوانێتی بکەن، کەواتە ئەنجامەکەی تەنیا سەلامەتییە، هەر بۆیەش ڕەنگە ئافرەتان ڕووبکەنە وەرزشەکانی دیکە.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئەگەر یاریزانان بواریان بۆ بڕەخسێت ئاستی باش دەبێت، چەندین ئافرەتێك هەن بە ڕاستی پاڵەوانن، بەڵام کۆمەڵگە ڕێگرە لە دەرخستنی ئافرەتان بۆ ئەم وەرزشە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی وەرزشکاری زیاتر بۆ نێو ئەم یارییە؟**

-سەرەتا ڕێکخستنی ڕکابەری، ئەگەر ڕکابەری هەبێت، ئافرەت خەونەکانی خۆ تێدا دەبینێتەوە، یاریی لەشجوانی زیاتر حەز و ئارەزووە بۆ ئافرەت، ئەگینا لە کوردستان ئەم یارییە خولانەوەیە بە دەوری بازنەیەکدا.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- حەز دەکەم ماندوویەتیم بە فیڕۆ نەچێت، واتە ماندوویی هەموو کچانی کوردستان، کچانیش هاوشێوەی کوڕان بەشداری لە پاڵەوانێتییەکاندا بکەن و سەری خۆیان و نیشتمانیش بەرز بکەنەوە.

*** بۆچی بواری ڕاهێنەریت هەڵبژارد؟**

-بۆ زیاتر خزمەتکردنە بۆ ئەوەی ئافرەتان تەندروست بن، بەشێکیشی وەکو پیشە سەیری ڕاهێنەرایەتی دەکەم و بژێوی ژیان دابین دەکات.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-ئەم یارییە وەکو یاری سەیر ناکرێت، زیاتر بۆ تەندروستییە و توانیویەتی ڕۆڵی باشی هەبێت، گرفت ئەوەیە کچان کوڕ وەکو یەك سەیر ناکرێن.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشکارێك؟**

-بتوانم بە ئاڵای کوردستان سەرکەوتنی گەورە بۆ نیشتمان تۆمار بکەم، حەزم لە بردنەوەیە و بەردەوام براوە بم.

*** یانەکان گرێبەستیان پێشکەش نەکردووی؟**

-من خۆم یاریزانی پایسکلسواریی یانەی هەولێربووم، یانەی زانکۆش بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی گرێبەستیات پێشکەش کردووم، بەڵام هێشتا بڕیارم نەداوە.

*** بڕیارت نەداوە بەشداریی پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتیی لەشجوانی بکەی؟**

-ئەوە خونی هەموو کچە کوردێکی وەرزشوانە کە لە وەرزشەکەی خۆیدا بەشداریی پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی بکات.

*** ئافرەتان تا چەند ڕووتان تێ دەکەن؟**

-زۆر باشتر لە ساڵانی ڕابردوو، جاران بەربەست زۆر بوو بۆ ئافرەت، بەڵام ئێستا بیرکردنەوەی کۆمەڵگە زۆر باشتر بووە و ئافرەتان بێ ترس لە توانج بەشدار دەبن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، هیوادارم وەرزش ببێت بە پیشە، بۆ ئەوەی وەرزشوان لەبەر نەبوونی واز لە وەرزش نەهێنێت و داهاتووی وەرزشوان لە ڕێگەی وەرزشەکەیەوە مسۆگەر ببێت.




## قۆناغی دووەمی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠٢٦ کۆتایی هات

# عێراق بە ١٨ خاڵ گەیشتە قۆناغی سێیەم

هەفتەی ڕابردوو یارییەکانی قۆناغی دووەمی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠٢٦ کیشوەری ئاسیا تەواوبوو، کە تیاییدا (١٨) هەڵبژاردە گەیشتنە قۆناغی سێیەم بەسەر (٣) کۆمەڵە دابەش دەبن لە هەر کۆمەڵەیەک (٢) هەڵبژاردە ڕاستەوخۆ سەردەکەون بۆ مۆندیالی ٢٠٢٦ و خاوەن پلەی سێیەم و چوارەمی هەر کۆمەڵەیەک سەردەکەون قۆناغی چوارەمی یارییەکانی پاڵاوتن و بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێن یەکەمی هەردوو کۆمەڵە ڕاستەوخۆ سەردەکەون بۆ جامی جیهانی و خاوەن پلەی دووەمەی هەردوو کۆمەڵە یاری چوون و هاتن ڕووبەرووی یەکتر دەبنەوە و براوەی ئەم یارییە یاری پاشکۆ لەگەڵ کیشوەرێکی تر یاری دەکەن بۆ دیاریکردنی دوا بلیتی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠٢٦).

وا بریارە لە کیشوەری ئاسیا (٨) هەڵبژاردە ڕاستەوخۆ بۆ مۆندیال سەربکەوێت و هەڵبژاردەیەک یاری پاشکۆی جیهانی مۆندیال دەکات.





## • کۆمەڵەی شەشەم

لەم کۆمەڵەیە هەلبژاردەی عێراق بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا لە یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیاڵ بە تۆمارکردنی (٦) سەرکەوتن و کۆکردنەوەی (١٨) خاڵ بە پلەی یەکەم سەرکەوت بۆ قۆناغی سێیەمی یارییەکانی پاڵاوتن.

لەم قۆناغەدا کاساس ڕاهێنەری ئیسپانی هەڵبژاردەی عێراق چەندین یاریزانی تاقیکردووە و لەسەرجەم گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سەرەکی دەکرد تا بگاتە پێکهاتەیەکی جێگیر و هەڵە زۆرینە بقۆستەوە بۆ جاری دووەم لە مێژووی عێراق بگاتە جامی جیهانی دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار هەڵبژاردەی عێراق لە ساڵی (١٩٨٦) گەیشتە جامی جیهانی لە مەکسیک.

چاودێرەکان هەست بە مەترسی لە ئاستی هەڵبژاردە دەکەن و ڕەخنەی توند ئاراستەی ڕاهێنەر دەکەن بەهۆی جێگیرنەبوونی ئاستی هەڵبژاردەکە و چارەسەرنەکردنی گرفتی بەرگری.

لە دوایین یاری هەڵبژاردەی عێراق بەرانبەر هەڵبژاردەی ڤێتنام لە یاریگەی شاری وەرزشی لە بەسرە یاریزانی یانەی هەولێر ئاکام هاشم بەشداری لەم یارییە کرد و ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و توانی گۆڵی سێیەمی هەڵبژاردەکە درووست بکات.

دوای یارییەکە هاندەران و ڕۆژنامەنووسان و چاودێرانی وەرزشی داوا لە کاساس دەکەن هەلی زیاتر بە ئاکام بدەن لە قۆناغی داهاتوو و بە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی هێڵی بەرگری دادەنێن.

لەم کۆمەڵەیە شانبەشانی هەڵبژاردەی عێراق هەڵبژاردەی ئەندەنووسیا سەرکەوت بۆ قۆناغی سێیەم یارییەکانی پاڵاوتن.

**ڕیزبەندی کۆتایی کۆمەڵەی شەشەم بەمشێوەیە:**

١- عێراق (١٨) خاڵ
٢- ئەندەنووسیا (١٠) خاڵ
٣- ڤێتنام (٦) خاڵ
٤- فلیپین (١) خاڵ

## • کۆمەڵەی یەکەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی قەتەر و کوێت توانیان دوو بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی سێیەمی مۆندیال مسۆگەر بکەن، قەتەر هەر زوو بە پلەی یەکەم سەرکەوتنی مسۆگەر کرد، بەڵام ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەڵبژاردەکانی (کوێت، هیند، ئەفغانستان) هەبوو لەسەر بەدەستهێنانی بلیتی دووەم.

دوای بردنەوەی هەلبژاردەی قەتەر لە هەڵبژاردەی هیند و بردنەوەی هەڵبژاردەی کوێت لە هەڵبژاردەی ئەفغانستان بەفەرمی کوێت سەرکەوت بۆ قۆناغی سێیەم.

ڕیزبەندی هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە:

١-قەتەر ١٦ خاڵ
٢- کوێت ٧ خاڵ
٣- هیند ٥ خاڵ
٤- ئەفغانستان ٥ خاڵ

## کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی ژاپۆن و کۆریای باکوور توانیان دوو بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی سێیەمی مۆندیال مسۆگەر بکەن، ژاپۆنییەکان توانیان قەرەبووی شکستەکەی جامی نەتەوەکانی ئاسیا بکەنەوە هەر زوو بە پلەی یەکەم سەرکەوتنی مسۆگەر کرد، بەڵام ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی (کۆریای باکوور، سووریا) هەبوو لەسەر بەدەستهێنانی بلیتی دووەم.

دوای بردنەوەی هەلبژاردەی کۆریای باکوور لە هەڵبژاردەی سووریا بەفەرمی کۆریای باکوور سەرکەوت بۆ قۆناغی سێیەم.

**ڕیزبەندی هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە:**

١-ژاپۆن ١٨ خاڵ
٢- کۆریای باکوور ٩ خاڵ
٣- سووریا ٧ خاڵ
٤- میانمار ١ خاڵ

## • کۆمەڵەی سێیەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی کۆریای باشوور و چین توانییان دوو بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی سێیەمی مۆندیال مسۆگەر بکەن، کۆریای باشوور هەر زوو بە پلەی یەکەم سەرکەوتنی مسۆگەر کرد، بەڵام ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی (چین، تایلاند) هەبوو لەسەر بەدەستهێنانی بلیتی دووەم.

بە خاڵ هەردوو هەڵبژاردەی چین



و تایلاند وەکو یەک بوون، بەڵام بەجیاوازی یاری ڕاستەوخۆ هەڵبژاردەی چین سەرکەوت بۆ قۆناغی سێیەم.

**ڕیزبەندی هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە:**

١-کۆریال باشوور ١٦ خاڵ

٢- چین ٨ خاڵ

٣- تایلاند ٨ خاڵ

٤- سەنغافوورە ١ خاڵ

## ● کۆمەڵەی چوارەم

لەم کۆمەڵەیە ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەر سێ هەڵبژاردەی عومان و قیرغزستان و مالیزیا هەبوو بۆ بەدەستهێنانی دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیە لە کۆتاییدا هەردوو هەڵبژاردەی عومان و قیرغستان توانیان دوو بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی سێیەمی مۆندیال مسۆگەر بکەن.

**ڕیزبەندی هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە:**

١-عومان ١٣ خاڵ

٢- قیرغزستان ١١ خاڵ

٣- مالیزیا ١٠ خاڵ

٤- چین تایپێە ٠ خاڵ

## ● کۆمەڵەی پێنجەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی ئێران و ئۆزباکستان توانیان هەر زوو دوو بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی سێیەمی مۆندیال مسۆگەر بکەن بەبێ ڕکابەری.

**ڕیزبەندی هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە:**

١-ئێران ١٤ خاڵ

٢- ئۆزباکستان ١٤ خاڵ

٣- تۆرکمانستان ٢ خاڵ

٤- هۆنگ کۆنگ ٢ خاڵ

## ● کۆمەڵەی حەفتەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی ئوردن و سعودیە توانیان دوو بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی سێیەمی مۆندیال مسۆگەر بکەن، ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی سعودیە و ئوردن لەسەر بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی کۆمەڵەکە هەبوو لە دوایین یارییدا هەڵبژاردەی ئوردن بە ئەنجامی (٢-١) لە هەڵبژاردەی سعودیە بردەوە و پلەی یەکەمی کۆمەڵەکەی بەدەستهێنا.

ڕیزبەندی هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە:

١- ئوردن ١٣ خاڵ

٢- سعودیە ١٣ خاڵ



٣- تاجیکستان ٨ خاڵ

٤- پاکستان ٠ خاڵ

## ● کۆمەڵەی هەشتەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی ئیمارات و بەحرێن توانیان دوو بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی سێیەمی مۆندیال بەئاسانی مسۆگەر بکەن بەبێ ڕکابەری لەگەڵ هەردوو هەڵبژاردەی یەمەن و نیپاڵ

**ڕیزبەندی هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە:**

١-ئیمارات ١٦ خاڵ

٢- بەحرێن ١١ خاڵ

٣- یەمەن ٥ خاڵ

٤- نیپاڵ ١ خاڵ

## ● کۆمەڵەی نۆیەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئوستراڵیا بەبێ ڕکابەر و بەدەستهێنانی شەش سەرکەوتن توانی بگاتە قۆناغی سێیەمی مۆندیال، بەڵام ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی (فەڵەستین، لوبنان) هەبوو لەسەر بەدەستهێنانی بلیتی دووەم. لە کۆتاییدا هەڵبژاردەی فەڵەستین توانی بلیتی دووەم بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بگاتە قۆناغی سێیەمی پالاوتن.

**ڕیزبەندی هەڵبژاردەکان بەمشێوەیە:**

١-ئوستراڵیا ١٨ خاڵ

٢- فەڵەستین ٨ خاڵ

٣- لوبنان ٦ خاڵ

٤- بەنگلادیش ١ خاڵ

وا بریارە رۆژی پێنچشەممە (٢٧)ی ئەم مانگە تیروپشکی یارییەکانی پالاوتن قۆناغی سێیەمی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی لە مالیزیا ئەنجام بدرێت و هەڵبژاردەکان سەرکەوتووەکان بەمشێوەیە پۆلین کراون.

پۆلینی یەکەم: ژاپۆن، ئێران، کۆریای باشوور

پۆلینی دووەم: قەتەر، ئوستralیا، عێراق

پۆلینی سێیەم: سعودیە، ئۆزباکستان، ئوردن

پۆلینی چوارەم: ئیمارات، عوممان، بەحرێن

پۆلینی پێنجەم: چین، قیرغزستان، فەلەستین

پۆلینی شەشەم: کۆریای باکوور، ئەندەنووسیا، کوێت





## کەمبوونەوەی شلەی لـ

لەگەڵ دەستپێکی گەرمیی هاویندا، پێویستە کە ڕێژەی ئاسایی شلەی لەش بپارێزرێت، بە زیاتر خواردنەوەی ئاو لەوکاتەی کە کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration کاریگەریی



# شووتی بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان

پسپۆران جەختیان کردووەتەوە کە شووتی Watermelon ڕۆڵێکی باشی هەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەکو نەخۆشیی دڵ، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، نەخۆشیی ئەلزهایمەر، لەگەڵ چەند جۆرێکی شێرپەنجە. سوودە تەندروستییەکانی دیکەی شووتی بریتین لە: ڕێگرتن لە کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، هاندانی سووڕی خوێن، دابەزاندنی پەستانی خوێن، پاراستنی تەندروستیی دڵ، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش کاتێك کە دەبێتە جێگرەوە بۆ شیرینی و شەکرە دەستکردەکان، چونکە شووتی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش دەهێڵێتەوە، هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك لەگەڵ باشترکردنی تەندروستیی ڕیخۆڵە و گەشەی بەکتریای سوودبەخش، باشترکردنی تەندروستیی پێست بەهۆی ڕێژە باشەکەی ماددە دژەئۆکسانەکان و ڤیتامینەکانی A و D، سووککردنی ئازار و گرژبوونی پەیکەرە ماسوولکەکان، چونکە شووتی ماددەیەکی سرووشتی بە ناوی سیترولین L-citrulline لەخۆدەگرێت، کە فرمانی خوێنبەرەکان باشتر دەکات و هاندەرە بۆ خاوکردنەوەی دیواری بۆڕییەکانی خوێن، بەم شێوەیە سووڕی خوێن باشتر دەبێت و پەستانی خوێن نزم دەبێتەوە، لەوانەشە کە ئەم ماددەیە گەیاندنی ئۆکسجین بە ماسوولکەکان باشتر بکات، کە سوودی زۆری بۆ وەرزشکاران دەبێت لە زیاد چالاکبوون و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرگەگرتن، لەگەڵ کەمکردنەوەی ئازار و گرژبوونی ماسوولکەکان، بەتایبەتی لەکاتی ئەنجامدانی مەشق و وەرزشی تونددا.



## ـــــــەش هۆکارە بۆ دڵەکوتێ

نەرێنی زۆر دەکاتە سەر تەندروستی بە شێوەی هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، هەستکردنی زۆر بە تینوویەتی، سەرئێشە، سەرسووڕان و هەستکردن بە سووکبوونی سەر، بەتایبەتی لەکاتی هەڵساوەنەوەدا، وشکبوونی دەم و لێو و چاوەکان، کەمبوونەوە و تۆخبوونی ڕەنگی میز، هەروەها شێوان. جگە لەم نیشانانەی سەرەوە، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش هۆکارە بۆ زیادبوون و نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ Pal-pitation کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ دابەزینی پەستانی خوێندا. کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش بارگرانیی زۆر دەخاتە سەر ماسوولکەی دڵ بۆ پاڵنانی خوێن بەناو بۆرییەکانی خوێندا تاکو بگاتە هەموو بەشەکانی لەش. هۆکارەکانی دیکەی خێرابوون و نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ: زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە یان چای، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، پەستی یان سترێس، کەمخوێنی، نەخۆشیی دڵ، زیادبوونی چالاکیی گلاندی دەرەقی، مەشقی وەرزشی، کەمبوونەوەی ڕێژەی ئۆکسجینی خوێن، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، هەروەها زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێک دەرمان.






## زیانە تەندروستییەکانی تاتووکردن

لە ئێستادا تاتۆکردن Tattooing زیاتر لە پێشان باو بووە، بەڵام گەلێك کەس بە زیان و ڕیسکە تەندروستییەکانی ئاشنا نین، بۆیە پێویستە لەسەر هەر کەسێك کە بڕیاری تاتۆکردنی هەر بەشێکی لەشی دەدات کە بە زیان و ڕیسکە تەندروستییەکانی ئاشنا بێت. تاتۆ نیشانێکی هەمیشەییە لەسەر چینی سەرەوەی پێستدا بە بۆیە یان مەرەکەبی تایبەت و بە ڕەنگی جیاواز. زیان و ڕیسکە تەندروستییەکانی تاتۆکردن:

- تاتۆکردن واتە دروستکردنی برین لە پێستدا، بۆیە ئەگەری هەوکردنی پێست بە میکرۆب دێتە پێشەوە، بەتایبەتی ئەگەر هەنگاوەکانی پاك وخاوێنی نەگرێنە بەر.
- پەیدابوونی هەستەوەری بەرانبەر بۆیە، یان مەرەکەبی تاتۆ Tattoo ink بەتایبەتی ڕەنگی سوور بە شێوەی خورشت و ئاوسان و سووربوونەوەی پێست، هەندێك جاریش دروستبوونی گرێی هەوکردن Granuloma یان زیاد گەشەکردنی ئاسەوار بە شێوەی بەرجەستەبوونی ڕەقی پێست Ke-loid لە دەوری شوێنی ژەنینی دەرزی تاتۆدا.
- گواستنەوەی نەخۆشی لە ڕێگەی خوێنەوە ئەگەر ئامێری تاتۆکردن پێش دووبارە بەکارهێنان بە تەواوی و بە شێوەیەکی زانستییانە پاك نەکرابێتەوە، بۆنموونە هەوکردنی ڤایرۆسیی جگەر لە جۆری B و C، بۆیە پێویستە کە ڤاکسینی هەوکردنی جگەر پێش تاتۆکردن وەربگیرێت.




# گرفتەکانی بینین پاش تەمەنی ٤٠ ساڵی

لەگەڵ تەمەندا ئەگەری گرفتەکانی بینین و نەخۆشییەکانی چاو زیاد دەبێت، باوترین گرفتەکانی بینین پاش تەمەنی ٤٠ساڵی بریتین لە: گرفت لە بینینی نزیك یان خوێندنەوە، گۆڕانی سەنتەری تۆڕەی چاو کە پەیوەستە بە تەمەن AMD، ئاوی سپی Cataract، گرفتەکانی تۆڕەی چاو کە پەیوستن بە نەخۆشیی شەکرە Diabetic retinopathy. هەنگاوەکانی پاراستنی تەندروستیی چاوەکان پاش تەمەنی ٤٠ ساڵی: پشکنینی دەوری چاوەکان لە لایەن دکتۆری پسپۆری چاو بەتایبەتی نەخۆشانی شەکرە و کەسانی تووشبوو بە حاڵەتەکانی پێش نەخۆشیی شەکرە، گرنگیدان بە خۆراکی هاوسەنگ کە ڤیتامین و کانزا و مادده دژەئۆکسانەکان لەخۆ بگرێت، بەتایبەتی میوە و سەوزەی جۆراوجۆر لەگەڵ دانەوێڵەی تەواو، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان کە ئەگەری ئاوی سپی و تێکدانی دەماری چاو زیاد دەکات، پاراستنی چاوەکان لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بە چاویلکەی هەتاویی دروست، کە تا ڕێژەی ١٠٠٪ ڕێگە بگرێت لە گەیشتنی ئەم تیشکە بە چاوەکان، کەمکردنەوەی سەیرکردنی شاشەی شین وەکو کۆمپیوتەر و تابلێت و سمارتفۆن، هەروەها ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی هەفتانە بۆ ماوەی ١٥٠-٣٠٠ خولەك.



# نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین D لە منداڵدا

ڤیتامین D زۆر گرنگە بۆ تەندروستی و گەشەی منداڵ. حاڵەتەکانی کەمیی ڤیتامین D لە منداڵدا لە زیادبووندایە، بۆیە پێویستە لەسەر دایك و باوکان کە بە نیشانەکان ئاشنا بن بە مەبەستی زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن، هەروەها پێویستە کە پەیڕەوی هەنگاوەکانی پاراستنی منداڵ لە کەمی ڤیتامین D بکەن. نیشانە باوەکانی کەمیی ڤیتامین D لە منداڵدا بریتین لە: دواکەوتنی گەشە و باڵاکورتی، ئازاری ئێسك و لاوازبوونی ئێسکەکان، زیاد تووشبوون بە هەوکردنە میکرۆبییەکان لەبەر لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش، بێهێزبوونی ماسوولکەکان، هەستکردن بە نارەحەتی، گرفت لە تەرکیزکردندا، لەگەڵ هەستکردن بە ماندووبوون و دابەزینی ئاستی وزەی لەش. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمیی ڤیتامین D لە منداڵدا بریتییە لە بەرکەوتنی کەم بە تیشکی خۆر، هۆکاری دووەم بریتییە لە کەمیی ڤیتامین D لە خۆراکدا. سەرچاوە خۆراکییە دەوڵەمەندەکانی ڤیتامین D ئەمانەن: زەردێنەی هێلکە، شیرەمەنی دەوڵەمەندکراو بە ڤیتامین D، لەگەڵ ماسی بەتایبەتی لە جۆری سالمۆن، ماکارێل Mackerel، یان تونە. کەمیی ڤیتامین D چارەسەردەکرێت بە خۆدانە بەر تیشکی خۆر، هەڵبژاردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە ڤیتامینەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی ڤیتامین D بە شێوەی دەنك، کەپسول یان شرووب تەنیا بە ڕێنمایی دکتۆر.



# بەرگریی ئینسولین چییە؟

بەرگریی ئینسولین Insulin resistance یان تێکچوون وکەمبوونەوەی هەستیاریی خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، واتە خانەکانی لەش ناتوانن کاردانەوەی دروستیان هەبێت بۆ هۆرمۆنی ئینسولین کە بریتییە لە گواستنەوەی شەکری گلوکۆز لە خوێنەوە بۆ ناو خانەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی مانەوەی ڕێژەیەکی زۆری شەکر لە خوێندا، یان بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن.

نیشانە بەراییەکانی ڕوودانی بەرگریی دژی ئینسولین: بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن کە بە یەکەم نیشانە هەژمار دەکرێت، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا لەوکاتەی کە هۆرمۆنی ئیسنولین ڕۆڵی هەیە لە بەکارهێنان و خەزنکردنی چەوری و کۆلیستیرۆڵدا، زیادبوونی کێشی لەش بە شێوەیەکی کتوپڕ کە هۆکارێکی زەقی نەبێت، هەستکردن بە ماندووبوون، زیادبوونی کەڕەتەکانی میزکردن Polyuria کە هەنگاوێکی سرووشتیی لەشە بۆ ڕزگاربوون لە بڕی زیادی شەکری گلوکۆز، کە نیشانەیەکی باوە بۆ حاڵەتی بەرگریی دژە ئینسولین و حاڵەتی پێش نەخۆشیی شەکرە. بەرگریی ئیسنولین ئەگەر زوو کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی تێکچوونی خانەکانی بیتا Beta cells لە گلاندی پەنکریاسدا، کە بەرپرسن لە دەردانی هۆرمۆنی ئیسنولین، ئەمەش هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی زیاتری ئاستی شەکری خوێن و تووشبوون بە حاڵەتی پێش شەکرە Prediabetes و ئینجا نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، هەروەها بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، زیادبوونی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی چەوری و ترشی یوریك لە خوێندا.



# کیبۆردێک بۆ گەشتەکانتان




ئەوانەی لەسەر مۆبایل خەریکی نووسین و چاتکردنن، ناتواندرێ بە کیبۆردی مۆبایلەکەیان خێرا بنووسن، چونکە هەم بچووکە و هەم تایبەتمەندییەکانی کیبۆردێکی ئاسایی تێدا نییە.

کیبۆردێکی زۆر ناوازە بەناوی sikai case Blue-tooth بەرهەم هاتووە. شەست دوگمەی لەسەرە. دەنووشتێتەوە سەر یەك. گیرەیەکی موگناتیسی هەیە بەهۆی ئەو گیریەوە مۆبایلەکە بە کیبۆردەکەوە دەنووسێت. لە ڕێگای بلوتوسەوە پێکەوە پەیوەند دەدرێن. بۆ نووسینی گشت کاراکتەرەکان و پیتەکان دەگونجێت، بەپێی کیبۆردی مۆبایلەکە. شەحن دەبێتەوە و هەرکاتێك بەتەواوی بارگاوی بۆوە، هەتا سێ مانگ پێویستی بە بارگاوی کردن نییە، بەڵام ئەگەر بەردەوام کاری لەسەر بکرێت، تەنیا ٤٥ کاتژمێر دەخایەنێت. کێشی تەنیا ٢٥٠ گرامە. قەوارەکەی زۆر گەورە نییە، لە گیرفانی چاکەتدا جێگە دەگرێت. بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەبێت.

# ماوسی پەنجەوانە




ماوسی کۆمپیوتەر ناوەکەی بەخۆیەوەیە واتە مشك و قەبارەکەشی بەقەد مشکێك دەبێت و بە دەست کۆنترۆڵ دەکرێت.

ماوسی جۆری SANWA ماوسێکە، کارکردەکەی وەك هەموو ماوسێکی ئاسایی دەچێت و هێمای ماوس لە سەر کۆمپیوتەر یا مۆبایل دەجولێنێت، بەڵام لە دیزایندا جیاوازە. لە پەنجە دەخرێت و بە پەنجەی گەورە کۆنترۆڵ دەکرێت. ماوسەکە پێنج دوگمەی هەیە و بەهۆی سیستەمی بلوتوسی خێراوە لەگەڵ ئامێرەکانی وەك کۆمپیوتەر و لاپتۆپ پەیوەند دەدرێت. خێراییەکەی DIP 1200یە. ماوسێکە ئۆرگۆنۆمییە و کێشە بۆ پەنجەکانت دروست ناکات. هەروەها هەڵگرتنی بۆ گەشت زۆر ئاسانتر و گونجاوترە لە ماوسێکی ئاسایی.




# مایکێک تایبەت بە میدیاکاران

مایکرۆفۆن لە بواری میدیا و ڕاگەیاندندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. مایکەکان سەربەخۆ نین واتە کاتێك دەنگ هەڵدەگرنەوە، دەنگەکە لە مۆبایل یا کامێرادا تۆمار دەکەن.

مایکی جۆری Saramonic BlinkMe لە هەموو بوارێکەوە جیاوازە، بچووکە و لەرێگای وای-فایەوە لە مۆبایل یا کامێرا دەنگ هەڵدەگرێت، دەکرێت ڕاستەوخۆ بەبێ ئەوانەش دەنگ لەخۆیدا هەڵبگرێت. بازنەیی شێوەیە، شاشەیەکی لەسەرە بۆ ڕێکخستنی دەنگ و زانیاری لە بواری باتری و خەزنکردنەوە، هەروەها دەکرێت لۆگۆی مەبەستی خۆشت لەسەر شاشەکە دابنێی. دوو دەنگ بەرێکەری بەهێزی تێدایە. دەنگ لە خۆیەوە بۆ مۆبایل یا ئامێری دیکە دەگوازنەوە. خێرایی بەرێکردنی ٢,٤ گیگاهێرتزە. کاتێك شەحن دەبێتەوە دەتوانرێ هەتا شەو ڕۆژێك سوودی لێوەربگیردرێت. بە چەندین جۆریش دەنگ هەڵدەگرێتەوە. سیستەمی ژیریی تێدایە و لەکاتی دەنگ تۆمارکردندا ژاوەژاو ناهێڵێت.




# جانتای گەشت دەبێتە پایسکل

کاتێك گەشت دەکەی بۆ وڵاتێکی دیکە، یەکێك لە گرفتەکانی گەشت بوونی جانتای گەورەیە کە بەکارهێنەر بەتایبەتی کە بە تەمەن بێت ناتوانێت لێیبخوڕێت، یا هەڵیبگرێت.

جانتای جۆری airwheel se3s نەتەنیا لێیناخوڕی، یا هەڵیناگریێ، بەڵکو بەکارهێنەرەکەشی هەڵدەگرێت. کێشی جانتاکە ٩ کیلۆیە. توانای هەڵگرتنی سەد کیلۆگرامی هەیە، واتە هەم ئەو کەلوپەلەی لەناویدایە هەڵدەگرێت و هەم خاوەنەکەشی.

شەحن دەبێتەوە و ئامێرەکانی وەك مۆبایل و کامێرا و لاپتۆپیش شەحن دەکاتەوە. دژە ئاوە و تەڕ نابێت. خێرایی ڕۆیشتنی دە کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا و توانای ڕۆیشتنی نزیکەی دە کیلۆمەترە. ئەو مەودایەش بۆ گەورەترین فڕۆکەخانەی جیهانیش یەکجار زۆرە. خۆی لە ئەلەمینۆمی پتەو پێکهاتووە و سوکانی هاوشێوەی پایسکیلی هەیە.



# ئامێرێک بۆ پاڵاوتنی ئاو

کاتێـك بـۆ شـوێنێك گەشـت دەکـەی، چ بـۆ دارسـتان بێـت یـا چیـا و کوێسـتان، ئـاو زۆر گرنگتـرە لـە خواردەمەنیـش. لـە شـوێنە دوورە دەسـتەکان یـا ئـاو نییـە یـا ئاوێکـی خاوێـن لەدەسـتدا نییـە. هەرچەنـدە بەخۆشـییەوە لـە کوردسـتاندا تووشـی لـە گەشتدا تووشی ئەو کێشانە نابیـن و لـە هـەر شـوێنێك کانیاوێکـی سـازگار هەیـە.

ئامێـری fulling way ناڵێـم باشـترین، بـەڵام بچووکتریـن ئامێـری پاڵاوتنـی ئـاوە. تەنیـا لـە مـاوەی دە چرکـەدا ئـاو دەپاڵێوێـت. لـە خولەکێکـدا نیـو لیتـر ئـاو دەپاڵێوێـت تەنانـەت ئەگـەر ئاوێکـی پیسـیش بێـت. میکـرۆب، مـادەی کیمیایـی، مـادەی ئاسـن و مایکرۆپلاسـتیك...تاد هەمـووی ئەوانـە جیـا دەکاتـەوە. بەیـەك جـار شـەحنکردنەوە لانـی کەمـی ئـاوی پێنـج شـەش ڕۆژ دەپاڵێوێـت، نـەك بۆ خواردنـەوە بەڵکۆ بۆ خۆشـوردنیش، چونکـە زیاتـر لـە بەرمیـل ئـاو دەپاڵێوێـت. ئاوەکـە بـە پێنـج قۆناغـی پاڵاوتنـدا تێدەپەڕێـت. بـە ئاسـانی خاوێـن دەکرێتـەوە و هەروەهـا بـۆ شـەحنکردنەوە پێویسـتی بـە کارەبـا یـا وزەی خـۆر نییـە، بەڵکـو بـە هەندیـل بـارگاوی دەبێتـەوە، نـەك بۆخـۆی بەڵکـو دەتوانێـت ئامێرەکانـی دیکـەی وەك مۆبایـل و کامێـراش بـارگاوی بکاتـەوە. بـە سـێ خولـەك هەندیـل لێـدان شـەحن دەبێتـەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**ئازیزێك دەپرسێت چۆن لە پرۆگرامی wordەوە جەدوەلێك بگوازمەوە بۆ پرۆگرامی InDesign؟**

خوێنـەری بەڕێز بۆ ڕاگواستنی جەدوەل لە wordەوە بۆ InDesign. ئاسانترین شێواز ئەوەیـە کە جەدوەلەکە کۆپی بکەی و پاشان لـەو شوێنەی کە لە ئیندزاینەکە دایە بۆت دیاری بکە بیلکێنی (paste). کاتێك داتنا جەدوەلەکە بەشێوەی تێکست دێت و جەدەول نییە، پاشان دەبی بچی بۆ سەر بەشی table لە InDesign و لەوێ text to table هەڵبژێرە. بۆکسێك دەکرێتەوە و بەبێ دەستکاری فەرمانی OK لێبدە. دەبێتە جەدوەلێکی سادە لە ئیندزایندا و دەتوانی بۆخۆت دەستکاری بکەی.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەکان

سڕینەوەی پرۆگرام و فایلەکان لە کۆمپیوتـەردا ئەوەندەش سانا نییە و بە داگرتنی دوگمەیـەك و خسـتنە نـاو سـەلەی فایلـە سڕاوەکان هەمـوو شـتێك کۆتایـی بێـت. ئەگـەر کەسێکی شـارەزا بێت بە هـۆی پرۆگرامـی تایبەتییـەوە جارێکی دیکە ئـەو فایلانـە دەگەڕێنێتـەوە. پرۆگرامـی Revo Uninstaller یەکێکـە لـەو پرۆگرامانـەی بـۆ سڕینەوەی پرۆگرامـەکان لـە سیسـتەمی ویندۆزدا سوودی لێدەبیندرێت. بەهۆی پرۆگرامەکـە دەتوانیـت گشـت پرۆگرامێـك بسـڕیەوە کـە بەشـێوەیەکی نائاسـایی ناسـڕدرێتەوە. جگـە لـەوەی پرۆگرامـەکان دەسـڕێتەوە و وا دەکات پرۆگرامـە کۆنەکانیـش بـەرۆژ ببنـەوە. لـە پرۆگرامەکـەدا یەکجێ گشت پرۆگرامـەکان لـە لیسـتێکدا نیشان دەدات و وا دەکات تەنیـا بـە داگرتنـی کلیکێـك پرۆگرامەکـە بسـڕێتەوە. هەروەهـا ئـەو پاشـماوەی ئـەو پرۆگرامانـە دەسـڕێتەوە کـە خۆیـان سـڕاونەتەوە بـەڵام بەشـێك لـە فایلەکانیـان لەنـاو سیسـتەمدا مـاون.





# پاوەربانکێکی بچووک بۆ گشت ئامێرێک

پاوەربانك واتە وێستگەی بارگاوی کردنی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، لەکاتی پێویستدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. پاوەربانکەکان قەبارە و توانایان جۆراوجۆرە. بەشێکیان پشتیوانی لە بارگاوی کردنی بێ وایەریش دەکەن.

پاوەربانکی جۆری hargeMax پاوەربانکێکی بچووکە، لە مۆبایلێکیش بچووکتر، توانای بارگاوی کردنی دە هەزار میلی ئەمپێری هەیە. بە موگناتیسێکی تایبەتی بە پشتی مۆبایلەکانەوە دەنووسێت. سیستەمی Qi 2 هەیە واتە بێ وایەر ئەو ئامێرانەی پشتیوانی لەو سیستەمە دەکەن شەحن دەکاتەوە. کێشی تەنیا ١٦٣ گرامە و دەخرێتە بەرکەوە و بۆ هەموو شوێنێك دەبێت. جگە لە مۆبایل، کامێرا و تەبلێتیش شەحن دەکاتەوە. چوارچێوەکەی لە ئەلەمینۆمێکی پتەو دروستکراوە و بە کەوتنە خوارەوەش تێکناچێت.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد هێلکارییەکان دەکاتە تابلۆ

لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا، یەکێك لەو هونەرانەی یا پاڵپشتێکی گەورەیان بۆ دروست دەبێ یان بەربەست و گرفتێکی گەورە، هونەری شێوەکارییە. گەلێك ماڵپەڕ هەن دەتوانی بە نووسینی چەند دێڕێك مەبەستەکەت بکەن بە تابلۆیەك بەو شێوازەی تۆ دەتهەوێ. بەڵام ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بەناوی www.krea.ai هەیە. کە بەکارهێنەر تەنیا هێڵکارییەکە بکات و مەبەستەکەی خۆی بنووسێ دەیکات بە تابلۆیەك بە هەر شێوازێکی بەکار هێنەر بیهەوێ. لەو ماڵپەڕەدا تەنیا چەند هێمایەك هەن وەك قەڵەمێك بۆ کێشانەوەو چەند ئایکۆنێك بۆ ئاسانکاری و هیچی دیکەی تێدا نییە، بەڵام دەکرێت جوانترین تابلۆی پێ بکێشیەوە.

# ئامێرێک بۆ توێژینەوە لەسەر باڵندە




ئەوانەی کاری توێژینەوە دەکەن لەسەر گیانداران، پێویستیان بە ئامێری تایبەت بە خۆیانە، وەك کامێرای تایبەت، ئامێری خۆنزیککردنەوە لە باڵندە و هەروەها ئامێری تۆمارکردنی دەنگی باڵندە.

ئامێری bird weather PUC ئامێرەکە تایبەتە بە تۆمارکردنی دەنگی باڵندە، دەکرێت هەم لە جانتادا هەڵیبگری و دەکرێت لە شوێنێکی تایبەتی دابنێی بۆ ئەوەی دەنگی باڵندەکان تۆمار بکات. ئامێرەکە لە ڕێگای وای-فایەوە بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و ئەو زانیارییانەی وەریاندەگرێ بۆ مۆبایلیان بەرێ بکاتەوە. بەهۆی ئاپێکی تایبەت کە لەسەر مۆبایل دادەنرێ زانیارییەکان وەردەگرێ و لە بە دەنگی باڵندەکە دەزاندرێ چ باڵندەیەکە و چۆنییەتی سیستەمی ژیانی چۆنە. لە ژیری دەستکرد سوود وەردەگرێ و تەنیا دەنگی باڵندە نەبێت تۆماری ناکات. میمۆری کارت دەخوێنێتەوە و زانیارییەکان لەوێدا تۆمار دەکات و هەروەها وزەی خۆی لە دوو باتری قەڵەمی وەردەگرێت.

# باشترین ئەساس و کۆنسیڵەر بۆ بووك

خەونی پێستێکی سرووشتی و بێ کەموکووڕی بۆ هەمیشە نایەتە دی، ئەگەر دەتەوێت ماکیاژێکی نەرم و سرووشتیت هەبێت، ئەوا پێویستت بە ئەساس و کۆنسیڵەر دەبێت لە هەمان کاتدا.

کۆنسیڵەر فاوندەیشن هەردووك لە یەك پێکهاتەدا: بۆ خانمانی بووك، کۆنسیڵەر لە کۆمپانیناى میلانییەوە وا دەکات پێستێکی بێ کەموکوڕیت هەبێت، بەو پێیەی کار دەکات بۆ شاردنەوەی هەموو پەڵەکان، لەوانەش بازنەی ڕەش و کیسی ژێر چاو و پەڵەی ڕەش. جگە لەوەش ڕوخسار جوانتر نیشان دەدات و جوانی و دەرکەوتنێکی نایاب بە پێست دەبەخشێت. فۆرمولەی کرێمییەکەی بە ڕووپۆشێکی مامناوەند ئاسانە بۆ بەکارهێنان کە ڕووخساری بووك ڕووناك دەکاتەوە.

لێرەدا یەکێك لە بژاردە دڵخوازەکانمان هەڵبژارد بۆ باشترین (ئەساس و کۆنسیڵەر لە هەمان کاتدا) بۆ کە بریتییە لە Pro Filt›r Soft Matte Longwear Foundation 185 لە کۆمپانیای Fenty بە تایبەت ئەگەر پێستت چەورە یان تێکەڵ بێت، چونکە گرەنتییەکی باشت دەکات بۆ تەواوکردنی ڕووپۆشێکی مات، کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، ئەمەش ڕوخساری بووك بە بریقەداری و گەشاوەیی دەهێڵێتەوە.



# دانانی دیکۆرات لە باخچەی بچووک و سادەی ماڵەوە





دیزاینەری ناوماڵ (کاساندرا ئید) لە ماڵپەڕی Sayidaty.net ڕێنمایی خوێنەرانی دەکات لەسەر چۆنیەتی دیزاینکردنی باخچەی بچووکی ماڵان بە شێوەیەکی سادە.

ڕووناکی: کاتێك خۆرئاوا جوانیی باخچە نیشان دەدات و یەکە سادە و نائاڵۆزەکانی لەخۆ دەگرێت، پێویستە گرنگی بە ڕووناکیی ناو باخچە بدرێت وەك هێڵی ڕووناکی و گڵۆپ کە بە دار و درەختدا هەڵدەواسرێن وەك مۆم، یان ڕووناکی کە بە وزەی خۆر کاردەکات و لەسەر زەوی ڕێك دەخرێن.

ڕووەکە خۆهەڵواسەکان: لەسەر دیواری گەورە ڕێك دەخرێن کە هیچ ڕازاندنەوەیەکی بۆ نەکرابێت.

کوورە و ئاگردان: ڕەنگە ئاگردان وەك خاڵی سەرەکیی ناو باخچە دەربکەوێت، بە تایبەت لە زستاندا، هەروەها دووبارە بەکارهێنانەوەی گۆزە کۆنەکان لە جێی گوڵدان و ئینجانە بۆ گەشەکردنی ڕووەك و گوڵ.

قوماشی کۆن: بۆ سێبەری شوێنی دانیشتن لە باخچەی ماڵەوەدا قوماشی کۆن وەك پەردە بەکار بهێنە، هەروەها کورسی بە بالیفە کۆنەکان دیزاین بکە.

ڕەنگکردنی تایەی کۆن بە ڕەنگی گەشاوە و دیزاینکردنی بە شێوەیەك کە بیکاتە شوێنی دانیشتن و مێز.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**

# بۆچی دوای پاککردنەوەی جلوبەرگ لە ئامێری جلشۆردا ڕەنگی دەگۆڕێت؟

ڕەنگە هەندێك جلوبەرگ دوای شۆردن لە ئامێری جلشۆردا ڕەنگیان بگۆڕێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە وا باشە یەکەم جار جلوبەرگی نوێ، بەتایبەت جینز و شتە ڕەنگاوڕەنگەکان بە جیا بشۆرێت، یان بەجۆرێك ڕێگە لە گۆڕینی ڕەنگیان بگریت، وەك:

ڕیزکردنی جلوبەرگ بەپێی ڕەنگەکانیان پێش شوشن: لەوانەیە پارچە جلێکی نوێ ڕنگ بداتەوە، بۆیە شایەنی ئەوەیە یەکەم جار هەر پارچە جلێکی نوێ بە جیا چەند جارێك بشۆیت، دڵنیا بە لەوەی هیچ پاچەیەکی وەك گۆرەوی بە ڕەنگی جیاواز نەچێتە ناو سەبەتەی جلشۆرەکەوە.

پلەی گەمیی نزم: جلی ڕەنگاوڕەنگ و تۆخ لە پلەی نزمی گەرمی لە ناو ئامێری جلشۆردا بشۆرە و وشککەرەوەی ئۆتۆماتیکی بەکار مەهێنە، چونکە کێشەی کاڵبوونەوەی جلوبەرگ خراپتر دەکات.


جۆری پاککەرەوە: پاککەرەوەیەکی باشی کوالێتداری جلشۆر هەڵبژێرە، تا کاریگەریی لەسەر کاڵبوونەوەی جلوبەرگ و پارچەکانی ناو جلشۆرەکە نەبێت.



# لە چیای کۆرەک
# پێشبڕکێی ماتۆڕسواری هارد ئەندرۆ بەڕێوەچوو

یارییە وەرزشی و سەرکێشییەکان بوونەتە مایەی کێبڕکێی گەنجان و لاوان لە دەرختستنی توانا و بەهرەکانیاندا، هەروەها بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیارانیش بۆ یەکەم جار نمایشی پێشبڕکێی ماتۆڕسواریی (هارد ئەندرۆ) بە بەشداریی یاریزانانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە کۆمەڵگەی گەشتیاریی چیای کۆرەك بەڕێوە چوو، ئەم پێشبڕکێیە لە لایەن یەکێتی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیلی عێراق، لقی هەولێر و بە سپۆنسەری کۆمپانیای (باجەڵان و کۆمەڵگای گەشتیاریی چیای کۆرەك، لە سنووری ڕەواندوز بەڕێوە چوو، کە سەیرترین جووڵە و سەرکێشیی بەشداربووان بە مۆتۆرسکێلە وەرزشی و بەهێزەکانیان نیشانی ئامادەبووان و گەشتیاران درا، لە کۆتاییشدا خەڵاتەکان بریتی بوون لە، پلەی یەکەم (هەزار دۆلار) و خەڵاتی دووەم (٧٠٠ دۆلار) بەسەر براوەکانی پێشبڕکێیەکەدا دابەش کرا.





# ئەشکەوتی ڤۆرۆنیا نزیکترین خاڵ لە ناوەندی زەوی

ئەشکەوتی ڤیریۆڤکینا بە قووڵایی نزیکەی ٢٢١٢ مەتر، قووڵترین ئەشکەوتی جیهانە، دەکەوێتە ناو کۆریدۆری نێوان شاخەکانی کرێپۆست و زۆنت لە ناوچەی ئەبخازیا، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و بە فەرمی بەشێکە لە جۆرجیا. لە ساڵی ١٩٦٨ ئەشکەوتەکە لەلایەن هەندێك لە زانایانی سپێلۆلۆژی شاری کراسنۆیارسکەوە دۆزرایەوە، کە توانیایان بگنە قووڵایی ١١٥ مەتروە، لە ساڵی ١٩٨٦ گرووپێکی نوێ لە مۆسکۆوە بە سەرۆکایەتی ئۆلێگ پارفینۆڤ گەیشتنە قووڵایی ٤٤٠ مەتر، لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە بە زنجیرەیەك هەڵمەتی نوێ لەلایەن گرووپی پیرۆڤۆ-سپێلیۆوە دیاری کرا کە ئەشکەوتەکە قووڵترە، چەندین جار گەیشتە پێوانەی نوێ و باشتر، تاوەکو لە مانگی ئازاری ساڵ ٢٠١٨ گەیشتە ٢٢١٢ مەتر، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد.





# پلاتیپوسەکانی شێوە مراوی

پلاتیپوسەکان شێوەیەکی جیاوازیان هەیە کە لە مراوی دەچین و پێیەکانی تۆڕیان هەیە و کلکێکی پان و تەختیان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی درێژیی پلاتیپوسەکان لە دەوروبەری ٤٠-٦٠ سم (١٦-٢٤ ئینج) و کێشیان لە نێوان ١-٣ کیلۆگرامە (٢-٧ پاوەند). پلاتیپوسەکان لە ئوسترالیا لە مەودایەکدا دەژین کە لە ڕۆژئاوای ڤیکتۆریا تا نزیکەی باکووری کوکتاون لە کوینزلاند درێژ دەبێتەوە، واتە بەشێکی زۆری کەنارەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە داگیر دەکەن، هاوکات دەتوانرێت ئەو بوونەوەرانە لە تاسمانیا و دوورگەی کینگ بدۆزرێتەوە، هەروەها لە دوورگەی کەنگەر و کەپلاتیپوس لە سەرەتای ساڵانی ١٩٠٠ لەلایەن مرۆڤەوە ناسێندرا. پلاتیپوسەکان مەلەوانێکی نایابن و کاتێکی زۆر لە ئاودا بەسەر دەبەن، بەڵام بە باشی ناتوانن لەسەر وشکانی بڕۆن، جەستەی پلاتیپوسەکان ڕێکخراوە و پەڕەکانیان دژە ئاوە، ئەمەش ڕێگەی پێ دەدات بە خێرایی لە ئاوە جووڵاوەکاندا مەلە بکەن، نزیکەی مەترێك لە چرکەیەکدا دەبڕن ئەمەش دوو هێندە درێژی جەستەیەتی، بەڵام بەهۆی قاچە کورتەکانی و پێیە تۆڕدارەکانیەوە، زۆر بە نائاسایی لەسەر وشکانی دەڕوات ماوەی ژیانیان ٢٠ ساڵە.





# درەختێک هێندەی تاوەری ئیڤل

هەندێ لە درەختە خۆڕسکەکان لە جیهاندا هەن، کە بەرزییان دەگاتە بەرزیی باڵەخانەکان، هەندێکیش لەوانە بە درەختی هەوربڕ ناسراون، کە ئەگەر دەستکاری نەکرێت زیاتریش بەرز دەبینەوە، درەختی (هایپەریۆن) ئەو جۆرە درختەیە کە بە بەرزترین درەختی جیهان ناسراوە، تەنانەت لە شوێنە بەناوبانگەکانی وەك پەیکەری ئازادی و بیگ بن بەرزترە، ئەم دارە سوورە زەبەلاحە دەکەوێتە پارکە نیشتیمانییەکەی ڕیدوودی کالیفۆرنیا، بەرزییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە کە ١١٥.٥٥ مەترە، یەکسانە بە بەرزیی بینایەکی ٣٥ نهۆمی، تەمەنی هایپەریۆن بە ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ ساڵ مەزەندە دەکرێت و ئەگر ببڕدرێت ٥٣٠ مەتر سێجا تەختە لەخۆدەگرێت.

# دڵڕەقی مرۆڤ بەرامبەر ئاژەڵ

لە ڕووسیا چەند کەسێك ئەم بێچووە شێرەیان بەخێو کرد، بەڵام ئەم کەسانە زۆر دڵڕەق بوون بەرامبەری، هەر بۆیە قاچەکانی ئەم بێچووە شێرەیان شکاندن تا نەتوانێت ڕا بکات، بۆ ئەوەی خەڵك وێنەیان لەگەڵ بگرێت و پارە بدەنە خاوەنی ئەم بێچووە شێرە، تەنانەت نان و ئاویشیان بەم بێچووە نەدەدا، دواتر لەلایەن پزیشکێکی ڤێتەرنەرییەوە ڕزگار کرا و توانی چارەسەری سەرەتایی ئەم بێچووە بکات، بەڵام هەر نەیتوانی چارەسەری قاچەکانی بکات، بۆیە تا مردن هەر بە شەلی دەمێنێتەوە و ناتوانێ بە باشی بڕوات.



## کاریکاتێر



کاریکاتێرێکە بەرگری لە ژینگە دەکات، بەو پێیەی دووکەڵ و ژینگە پیسی هەڕەشە لە داروبارەکان دەکات، ئەوانیش بەهۆی پیسیی ژینگەوە ڕادەکەن.

## دیمەنە سەیرەکان



**دیمەنی جلی کۆن**

ئەمە وێنەی ژنێکی کوردی خەڵکی ناوچەی یۆزغاتە لە ساڵی (١٨٧٣-١٨٧٠) بە جلوبەرگی ڕێوڕەسمەوە، سەرچاوە مۆدە باوەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا (حەمدی بێك).

## یاسا



**چەك هەڵگرتن**

لە ماددە حەوت لە یاسای چەکی ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢٢ کۆمەڵێك کەس بەدەر کراون لە مۆڵەتی دەستکاری و هەڵگرتنی چەك، ئەوانیش:

١- سەرۆکی هەرێم و جێگرەکانی.

٢-سەرۆکی پەرلەمان و جێگری پەرلەمان و سکرتێر و ئەندام پەرلەمانەکان.

٣- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەوانن.

٤- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵەرە دادوەرییەکان.

٥-ئەندامانی هەردوو نێردەی دیبلۆماسی و کونسولگەری، ئەوانەی لە عێراق و لە هەرێم کار دەکەن، بەپێی ڕێسای مامەڵەی هاوشێوە.

٦-فەرمانبەرانی پلە تایبەت و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

سەرەڕای بوونی قورساییەکی زۆر هەمیشە پارێزگاری لە ئارامیی خۆت بکە، بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بدۆزیتەوە، ڕێگە مەدە کێشە و ناکۆکییەکی سادە پەیوەندیت لەگەڵ هاورێکانتدا تێك بدات و کۆتایی بە پرۆژەکانت بێت، ئەگەر ئەمڕۆ پشووە، هەوڵ بدە بحەوێیتەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەگەڵ هاوپیشەکانتدا هەموو کاتێك تۆ ڕاست نیت، پێویستە ماف بەوانیش بدەیت، کەسانێکی زۆر سەرسامن بە کەسایەتیت، بەڵام ڕەنگە تا ئێستا کەسێکی گونجاوت بۆ هاوبەشی ژیانت هەڵنەبژاردبێت، هەوڵ بدە چێژ لە ساتەکانی ژیانت ببینە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

چالاککردنی پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کارەکانت بە باشی ڕاپەڕێنیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە واز لە ڕابردوو بهێنە و پلانی داهاتوو دابنێ، خۆت بەدوور بگرە لە گفتوگۆی توند، چونکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونت دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە بەردەمتدا ئەرك و کارێکی زۆر هەیە، بەڵام دەبێت زۆر وریابیت و بزانیت چۆن بەدواداچوونی بۆ دەکەیت، خۆشەویستەکەت لە قۆناغێکی هەستیاردایە و پێویستی بە پشتیوانیی تۆ هەیە، زیاتر بایەخ بە خۆت بدە، واز لە خواردنی ناتەندروست بهێنە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

واباشترە ئەرکەکانی پێشوو ڕاپەڕێنیت پێش ئەوەی دەست بە کاری نوێ بکەیت، خۆشەویستی و بەخشینی سۆز بە چواردەورەکەت، کاریگەریی ئەرێنی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، وازبهێنە لە هەموو ئەو هۆکارانەی دەبێتەهۆی تووڕەکردنت، دەروونت کاریگەریی لەسەر تەندروستیی جەستەت هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەم ماوەیە کێشەکانی کارکردن ڕوو لە زیادبوون دەکات، بەهۆی نارێکی بەڕێوەبردنەوە، ڕاستگۆیانە هەستەکانی خۆت بۆ هاوبەشی ژیانت دەرببڕە، ئاگاداری کات و بڕی نان خواردنەکانت بە، چونکە تەندروستیت گرنگە.

## بۆ زانیاریت

### شێوازی پەیوەندیی مێشک

توێژینەوەیەکی نوێ دەری خستووە کە دەتوانرێت لە ڕێگەی شێوازی پەیوەندیی مێشک (brain connectivity pattern) ئەو منداڵانەی تەمەنیان تەنیا شەش هەفتەیە، مەترسی تووشبوونیان بە ئۆتیزم دیاری بکرێت. توێژەران تاقیکردنەوەیەکی فێربوونی سادەیان دۆزیوەتەوە کە لەوانەیە یارمەتیدەر بێت لە پێشبینیکردنی ئەگەری تووشبوونی منداڵێك بە ئۆتیزم لە شەش مانگی سەرەتادا، ئەنجامەکان تیشك دەخەنەسەر جیاوازیی فێربوونی زوو لەو منداڵانەی ئەگەری تووشبوونیان بە ئۆتیزم زیاترە، دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە پشتگیریکردنی دەستنیشانکردنی کاتی بۆ زانینی نەخۆشییەکە، جیاوازییەکان لە تۆڕی (Salience) سالینسی کە مێشك بەرپرسیارە لە فلتەرکردنی هاندەرە گرنگەکان، لەوانەیە پێشبینی هەڵسوکەوتی هەستی و کۆمەڵایەتیی دواتر بکات. ئەو منداڵانەی کە پەیوەندییەکی هەستیاری بەهێزتریان هەبوو لە تەمەنی یەك ساڵیدا، زیاد لە پێویست وەڵامیان دەدایەوە. شێوازە سەرەتاییەکانی مێشك لەوانەیە ڕوونکردنەوەی کەمبوونەوەی سەرنجی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی هەستی نائاسایی لە ئۆتیزمدا بدات.

گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی توێژینەوەکە :

-جیاوازی مێشك پێش دەرکەوتنی هەڵسوکەوتەکانی ئۆتیزمی دیاریکرد. -پەیوەندیی تۆڕی سالینسی مێشك کە پێشبینی هەڵسوکەوتی هەستەکیی و کۆمەڵایەتی دەکات لە تەمەنی یەك ساڵیدا.

شێوازە سەرەتاییەکانی مێشك لەوانەیە ڕوونکردنەوەی کەمبوونەوەی سەرنجی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی هەستی نائاسایی لە ئۆتیزمدا بدات.

## فیلم

### دڵی ڕاوچی - Heart of the Hunter




فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە بکوژێکی خانەنیش دەکات کە دوای ئەوەی وازی لە کاری کوشتن و ڕاوکردنی مرۆڤە شەڕانگێزەکان هێناوە، کە یاسا بەسەری سەپاندووە، دواتر لەلایەن کچی هاوڕێیەکی خۆیەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە باوکی کچەکە ڕفێندراوە، ئەویش ناچارە کار بۆ ڕزگارکردنی بکات و بە نهێنی هەوڵی ڕزگارکردنی باوکی کچەکە دەدات، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٩ خولەکە، لە دەرهێنانی ماندالا واڵتەر دیوب، لە نووسینی تریڤۆر کالڤێرلی، لە نواندنی: واندا باندا، نیکۆڵ فۆرتن، بانکۆ کۆسمۆ، کۆنی فێرگسۆن، تیم تیرۆن ماساسا مباگینی.



## پەند و وتە

عەلی ئەحمەد سەید ئەسبەر، شاعیری و نووسەر سووری کە نازناوی (ئەدۆنیس)ـە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ئەلقەسابین لە سووریا لەدایکبووە و داهێنەری دەربڕینی سیستماتیکە، دەربارەی ڕەخنەگرتن دەڵێت: هەرگیز هەوڵ مەدە ڕەخنە لە بەرامبەر و کەسانی دیکە بگریت، ڕەنگە خۆت چەندین هەڵە و مامەڵەی نادروستت هەیە، بۆیە ڕەخنەکان لە خۆتەوە دەست پێبکە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەنی جیاواز هەن، ئەگەر بە وردی سەیری بکەیت هەردوو دیمەن دێتە بەرچاوت، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا هەردوو شێوەکە بدۆزیتەوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

باشترە هەمیشە لە کاتی گونجاودا پرۆژەکانت جێبەجێ بکەیت، لێبوردەییت وا دەکات هەمووان زیاتر لە تۆ نزیك ببنەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەت بەهێزبێت، ئاگاداربە کاردانەوەی توند و تووڕەیی کاریگەری نەرێنیی هەیە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەوڵ بدە چارەسەری کێشە دووبارەکان بکەیت، بۆ ئەوەی بە تەواوی کۆتاییان پێ بێت، باشترە کاری نوێ لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئەنجام بدەیت، تا پەیوەندیتان بەهێزتر بێت، گرنگە ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش نەکەیت.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەمرۆ بەربەستی گەورە تێدەپەڕێنیت، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بەرهەمەکانت دەبێت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت لە قۆناغێکی هەستیاردان، لە ئێستادا ناکۆکییەکی زۆر لە نێوانتاندا هەیە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەیە، تواناکانی خۆت لە بەهرە و ئارەزووەکانتدا بەکاربەرە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


لە کارەکەتدا هەست بە ئارامی دەکەیت، بەتایبەت پاش ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەیەکی زۆر، هاوسەنگی ڕابگرە لە پەیوەندیی نێوان هاوڕێکانتدا، دوور بکەوەرەوە لەو کەسانەی دەروون و جەستەت ماندوو دەکەن.


**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

پرۆژەی نوێ لە کارەکەت دێتەپێش، لە ڕووی ماددیەوە باشتر دەبێت، بایەخدانی زۆری خۆشەویستەکەت بە تۆ وادەکات هیوات پێ ببەخشێت بۆ داهاتوو، هەوڵ بدە ژەمە خۆراکییەکانت ڕێك بخە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


کارەکانت بە شێوەیەکی باش بەڕێوە دەچێت و زیاتر متمانە بە خۆت دەکەیت، پێویستە لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانتدا ڕێز و متمانە هەبێت لەپێناو داهاتووتان، پەستانی کاری زۆر وا دەکات هەست بە ماندووبوون بکەیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی —٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



## Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly Gulan
June 24, 2024 Issue,No.1418

